# سیاسەتی نـــەرمی ئەردۆگـــان شکـــۆی بۆ

## وازهێنان لە ئەقڵیەتی عەسکەرتاری کێشەکانی سەدەی




سیـاسـی

گوڵان

ژمارە (٧٥٦)
٢٠٠٩/١١/٩

# دەوڵەتی تورکیا گەڕاندەوە

## بیستەمی تورکیای بەرەو چارەسەرکردن برد




وەزیری دەرەوەی تورکیا پێی ئاسایییە لە ژێر ئاڵای کوردستاندا لەگەڵ سەرۆکی کوردستان کۆببێتەوە

**«سیاسەتی رەق وایکردبوو کەس گوێ بۆ رادیۆکانی لیبریتی نەگرێت،خەڵك شانازی بە پەیکەری ئازادیی نیویۆرکەوە نەکات، بۆیە دەبێت سیاسەتی نەرم پێڕەو بکەین بۆ ئەوەی بەهاکانی ئازادی بگەڕێتەوە»**

**جۆزیف نای**

***

تورکیا نموونەیەکی زیندووە بۆ ئەو چەمکانەی کە جۆزیف نای لە کتێبی ((Soft Power))ئاماژەی پێکردووە، باراك ئۆباما بۆ رەخنەگرتن لە سیاسەتی رەقی ئیدارەی بۆش لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٨ تورکیای بەنموونە هێنایەوە و گوتی،ئەو دەوڵەتەی ٥٠ ساڵە خۆی بەهاوپەیمانی ئەمریکا و رۆژئاوا دەزانێت ئێستا ‎٪١٢ی پشتگیری لە سیاسەتەکانی ئەمریکا دەکات و ‎٪٨٨ی خۆی بە دوژمنی سیاسەتەکانی ئەمریکا دەزانێت،ئەم مەزندەی ئۆباما راست دەرچوو، هەربۆیە کاتێك لە یەکەم سێ شەمەی مانگی نۆڤەمبەری ساڵی رابردوو ئۆباما هەڵبژاردنەکانی بردەوە، ئەو ئاهەنگەی لە ئەستەنبوڵ و ئەنکەرا بۆ سەرکەوتنی ئۆباما سازکرا، لەساڵیادی کۆماری تورکیا گەرمتر بوو، بولەند کیناش سەرنووسەری تودەی زەمانی تورکی (( کە یەکێکە لەبەشداربوانی ئەم راپۆرتەی گوڵان)) لە نۆڤەمبەری ٢٠٠٨ لە سەروتاری زەمان نووسیبووی، (( ئەوەی لە ئەنکەرا و ئەستەنبوڵ بەبۆنەی هەڵبژاردنی ئۆباماوە کرا، لە هەولێر بۆی نەکرا)) ئەوکات هەمان قسەشی لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بۆ ئێمەش دووبارە کردەوە، ئەوکات کیناش زیاتر جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، ئێمە وەك هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان هاتنی ئۆبامان پێ خۆش نیە، لەبەر ئەوەی بە هاتنی ئۆباما هێزەکانی ئەمریکا دەکشێتەوە ئێوەش (( مەبەستی هەرێمی کوردستان بوو)) بێ چەتری پارێزگاری دەمێننەوە، ئەم وتوێژەی ئێمە و بولەند کیناش تەنها یەك ساڵ لەمەوپێش بووە، بەڵام پرسیار ئەوەیە کێ مەزندەی دەکرد لە ماوەی تەنها یەك ساڵدا ئەم گۆڕانکاریە گەورەیە ببینین و بەڕێز داود ئۆغلۆ وەزیری دەرەوەی تورکیا بەسەرۆکایەتی شاندێکی گەورە بێتە هەرێمی کوردستان و لە ژێر ئاڵای کوردستان و عێراق و تورکیا وێنەی پرۆتۆکۆلی لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان بگرێت؟

ئەمە تەنها جێگەی سەرسوڕمانی ئێمە نیە، بەڵکو دۆستێکی بەڕێزی وەك جانگیز چانداریش کە یەکێك بووە لە بەشداربوانی کۆنگرەی ئەستەنبوڵ ((کۆنگرەی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستان))لەناو کۆنگرەکە و لەوەڵامێکی بەڕێز کەریم سنجاری وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان بۆ رپیۆرتەری نیویۆرك تایمز، هەمان پرسیاری لا وورووژاندووە و لەیەکێك لە ستوونەکانی بەناونیشانی (( دوو رۆژ لەگەڵ کوردەکانی عێراق ..)) لەرۆژی ٤ی نۆڤمبەری ٢٠٠٩ لە حوریەت دەیلی نیوز بڵاویکردۆتەوە دەڵێت: ((کاتێك رپیۆرتەری نێۆرك تایمز سەبارەت بە پەیوەندییە پتەوەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان، پرسیاری لە کەریم سنجاری وەزیری ناوخۆی KRG ی کرد، کەریم سنجاری کە سەیری ئاوە شینکەی تەنگەی بسفوری دەکرد گووتی: ساڵێك پێش ئێستا، ئەوەمان مەزندە نەدەکرد کە ئەمڕۆ لێرە دەیبینین))، بێگومان ئەو کۆنگرەیە رەهەندێکی گەورەی لێدەخوێنرێتەوە، بەتایبەتی کە کۆنگرەکە بە سەرپەرشتی ئەنجوومەنی ئەتڵەسی و زانکۆی کۆلۆمبیا و زانکۆی ئەمریکی و وەزارەتی دەرەوەی نەرویژ گرێدراوە و لەمەش زیاتر لە سەرخاکی تورکیا، نیشانەی ئەوەیە حکومەتی تورکیا وەك بولەند کیناش سەرنووسەری تودەی زەمان لە زاری داود ئۆغلۆوە بە گوڵانی راگەیاند دەڵێت: (( دوای سەردانەکەی بەڕێز داود ئۆغلۆ وەزیری دەرەوەی تورکیا بۆ هەرێمی کوردستان،ئێمە کۆمەڵێك رۆژنامەنووس بووین، داود ئۆغلۆ پێی گوتین، تێروانینی تورکیا و هەرێمی کوردستان بۆ ئاییندەی ناوچەکە لەیەکتری نزیکە بۆیە دەبێت لە نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستاندا پەیوەندیەکی پتەو هەبێت)) .

کەواتە ئێمە وەك گۆڤاری گوڵان کە لەم گۆشەنیگایەوە و بەو ئاستە حەماسیە سەیری ئەم وەرچەرخانە گەورەیە دەکەین کە لە پەیوەندیەکانی نێوان

**گوڵان وەک یەکەمین گۆڤاری سیاسیی لەسەر ئاستی کوردستان و تورکیا پردی بەیەکگەیاندنی بیروبۆچوونی رۆژنامەنووس و رۆشنبیرانی کورد وتورک بووە، یەکەم گۆڤار بوو لەسەر ئاستی کوردستان و تورکیا شانی دایە بەر ئەم ئەرکە گرنگە و سەردانی ئەنکەرا و ئەستەنبوڵی کرد بۆئەوەی پەیوەندی نێوان رۆشنبیران و رۆژنامەنووسانی کوردستان و تورکیا بباتە ئاستێکی دیکە**



تورکیا و هەرێمی کوردستان هاتۆتە ئاراوە، تەنها کەفوکولێکی رۆژنامەوانی و هەستی ئەو چرکە ساتانە نیە کە دەبینین وەزیری دەرەوەی تورکیا پێی ئاساییە لە ژێر ئاڵای کوردستاندا لەگەڵ سەرۆکی کوردستان کۆببێتەوە، بەڵکو ئەمە بەرهەمی تەواوکردنی ئەو رێگایەیە کە رۆژنامەنووسانی پێش ئێمە لە ساڵی ١٩٩١ دەستیان پێکرد و ئێمەش لەم ٣ ساڵەی دوایی درێژەپێدەری بووین، جەنگیزچاندار لە وتارێکی دیکەیدا کە هەر لەسەرەتای ئەم مانگە و دوای هاتنی داود ئۆغلۆ لە حوریەت دەیلی نیوز بڵاویکردۆتەوە ئەوە بەبیری رۆژنامەنووسی کورد کامەران قەرەداغی دەهێنێتەوە،کە ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین بەرهەمی هەوڵەکانی ئەو رۆژانەیە کە لەسەردەمی تورکوت ئۆزال دەستمانپێکرد، بەراستی ئەم وتەیەی چاندار شانازیەکی گەورەیە بۆ رۆژنامەنووسانی تورك و کورد کە توانیان نەخشە بۆ تواندنەوەی ئەو چیای بەستەڵەکەی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا بدەن و ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینن ئەو نەخشەی رێگایەیە کە رۆژنامەنوسان هەنگاوی یەکەمیان بۆ هەڵگرتووە،هەربۆیە لەم راستەوە گوڵانیش وەك گۆڤارێکی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان خۆی بە شەرەفمەند دەزانێت کە لەم کاروانەدا وەك یەکەمین گۆڤاری سیاسیی لەسەر ئاستی کوردستان و تورکیا پردی بەیەکگەیاندنی بیربۆچوونی رۆژنامەنووس و رۆشنبیرانی کورد وتورك بووە، گوڵان هەقیەتی شانازی بەخۆیەوە بکات،کە یەکەم گۆڤار بوو لەسەر ئاستی کوردستان و تورکیا شانی دایە بەر ئەم ئەرکە گرنگە و سەردانی ئەنکەرا و ئەستەنبوڵی کرد بۆئەوەی پەیوەندی نێوان رۆشنبیران و رۆژنامەنووسانی کوردستان و تورکیا بباتە ئاستێکی دیکە و جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەین کە بیرکردنەوە لە کۆنفرانسی ئابانت لە سەردانەکەی سەرنووسەری گۆڤاری گوڵانەوە بۆ ئەنکەرا و ئەستەنبوڵ دەستپێکرد و لە ژووری جێگری سەرنووسەری گۆڤاری گوڵانەوە مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بە تەلەفون سەرنووسەری گوڵانی لە ئیستانبوڵ ئاگادار کردەوە کە کار بۆ هەنگاوێکی لەو جۆرە بکرێت خزمەتی ئایندەی هەردوو وڵات دەکات،هەر لەم سەردانەشدا دوای دیمانەی تایبەتی گوڵان لەگەڵ ئەم بەرێزانە(( جەنگیز چاندار، محەمەد عەلی بیراند، حەسەن جەمال، مستەفا قەرەئۆغلۆ )) هەنگاوی جدی بۆ گرێدانی کۆنفرانسی ئابانت لەهەولێر هەڵگیرا،تا ئەو رادەیەی مستەفا قەرەئۆغلۆو ئەوانی تریش خۆشحاڵی خۆیان بۆ سەردانی هەرێمی کوردستان دەربڕی. ئەو کۆنفرانسەی کە لە پایتەختی کوردستان و لەسەر زاری رۆژنامەنووسە گەورەکانی تورکیا بۆ یەکەمجار وشەی هەرێمی کوردستانی عێراقی تێدا بەکار هات،ئەو کات ئێستا نەبوو،داود ئۆغلۆ وەزیری دەرەوەی تورکیا بەلایەوە ئاسایی بێت بە ئاڵای کوردستان پێشوازی لێبکرێت، ئەوکات تەنها بەکارهێنانی هەرێمی کوردستانی عێراق لە ناوەندەکانی تورکیا وەك تابوویەك سەیردەکرا، ئەوکات کە لەگەڵ (( کەمال کرزجی و دۆغۆ ئیرگل و حوسێن گلرجی و حوسێن باغچی وموراد سۆمەر و بوڵنت ئاراس و تاڵیب کوکچان و سەعادەت لاچنەر و ئیحسان داغی و ...دەیانی دیکە)) هەفتانە وتوێژمان دەکردو دیمانەی تایبەتیمان لەگەڵ دەکردن پێیاندەگوتین، ئێوە لە هەستیاری وشەی کوردستان لە تورکیا تێناگەن، ئێوە نازانن خەڵکی تورکیا چەند بەم وشەیە هەستیارن، هەندێکیان راشکاوانەتر پێیاندەگوتین، ئایا ئێوە ئاگادارن رای گشتی لەتورکیا چۆن دژی باکوری عێراق ورووژێنراوە؟ ئایا دەزانن خەڵکی تورکیا کە سەربازە کوژراوەکانیان لەشەڕی پەکەکە بۆ دەچێتەوە وا هەستدەکەن چەکدارانی پەکەکە لە هۆتێلە(٥)ئەستێرەکانی هەولێر دانیشتوون و دێن سەربازەکانی ئێمە دەکوژن؟ ئەمە واقیعی ئەو باردۆخە بوو کە گوڵان بەتەنها لە مەیدانەکە بوو کە روویەکی جوانی سیاسەتی هەرێمی کوردستانی بە ناوەندە رۆشنبیریەکان و رۆژنامەنوسانی تورکیا دەگەیاند.

**ئەمە واقیعی ئەو بارودۆخە بوو کە گوڵان بەتەنها لە مەیدانەکە بوو کە روویەکی جوانی سیاسەتی هەرێمی کوردستانی به ناوەندە رۆشنبیریەکان و رۆژنامەنووسانی تورکیا دەگەیاند**

## دۆستە نوێکانی ئەمڕۆی تورکیا دوژمنە کۆنەکانی دوێنێن

کێشەی کۆماری تورکیا تەنها لەگەڵ هەرێمی کوردستان نەبوو،بەڵکو پێشتر





**تورکیا تەنها دەوڵەتی گەورەیە نەیتوانیوە سوود لە میراتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی وەربگرێت، ئەو تێکەڵاویە مێژوویەی لە سەردەمی ئیمپرتۆریەتی دەوڵەتی عوسمانی لەگەڵ نەتەوەکانی ناو ئیمپراتۆریەتە دروستیکردبوو، وەبەربهێنرێتەوە**

تورکیا سیاسەتێکی پیادەدەکرد،کە خۆی دۆستەکانی خۆی کردبوو بەدوژمن، ئەویش سیاسەتی هەناردەکردنی کێشە بوو بۆ دەوڵەتە دراوسێکانی بە ئامانجی پەردەپۆشکردنی کێشە ناوخۆییەکانی، ئەم سیاسەتە پێکەی ئۆروئاسیای تورکیای کردبووە دەوڵەتێکی رۆژهەڵاتی هاوشێوەی پاکستان، ئەو سیاسەتە بایەخی ئەستەنبوڵی کردبووە کابول، ئەو ئەستەنبوڵەی فەرید زەکەریا پێی دەڵێت(( هەموو گۆرانەکانی جیهان لە قوستەنتینەوە)) دەستپێدەکات، لە گواستنەوەی پایتەختی ئیمپراتۆریەتی رۆمانیاوە بۆ ئەستەنبوڵ (( دامەزراندنی دەوڵەتی بێزەنتیەوە))دەستپێکرد، هەروەها ئەو سیاسەتەی تورکیا میراتی دەوڵەتی عوسمانی بە بەلاش پێشکەشی کۆمەڵێك دەوڵەتی دیکە کردبوو، تورکیا تەنها دەوڵەتی گەورەیە لەم جیهانەدا هەتا ئێستاش نەیتوانیوە سوود لە میراتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی وەربگرێت، نەیتوانیوە وەك فەرەنسا، ئیسپانیا، پورتوگال،ژاپۆن، بەریتانیا، ئەو تێکەڵاویە مێژوویەی لە سەردەمی ئیمپرتۆریەتی دەوڵەتی عوسمانی لەگەڵ نەتەوەکانی ناو ئیمپراتۆریەتە دروستیکردبوو، وەبەربهێنرێتەوە و لەبواری ئابوری و کولتووری بۆ شکۆی تورکیا بەکاربهێنرێتەوە، لێرەدا جێگەی خۆیەتی ئاماژە بە رۆڵی فەرنسا بکەین بەرامبەر ئەو دەوڵەتانەی کەپێشتر کۆلۆنیاڵی فەرەنسا بوون، ئێمە لێرەدا باسی رێکخراوی فرانکفۆن ناکەین بەڵکو تەنها ئاماژە بە رۆڵی فەرەنسا دەکەین لە ئێستای لوبنان و سوریادا، هەتا ئێستاش سیاسەتی فەرەنسا کاریگەری لەسەر سیاسەتی سوریاو لوبنان هەیە، ژاپۆن کە رۆژانێك هەموو دەوڵەتانی ئاسیان بەشێك بوون لە ئیمپراتۆریەتی ژاپۆنی،ئەمرۆش سیاسەتی ژاپۆن کاریگەری لەسەر هەموو دەوڵەتانی ئاسیایان هەیە، ژاپۆن ئەو دەوڵەتەیە رێگە نادات تایوان بگەڕێتەوە سەر کۆماری چینی میللی و پشتگیری لە تایوان دەکات کە مافی ئەندامیەتی نەتەوە یەکگرتووەکانی پێبدرێتەوە و، وەك دەوڵەتی سەربەخۆ مامەڵە لەگەڵ تایوان دەکات، شکۆی ئیسپانیا و پورتوگال لە یەکێتی ئەورپاوە لەودیو ئەتڵەسیەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەو پەیوەندیانەیە کە ئۆقیانووسی ئەتڵەسی نەیتوانیوە رێگر بێت و ئێستاش کە لە کۆبوونەوە ئابوریەکانی دەوڵەتانی ئەمریکای لاتینی ئیسپانیا بە پلەی یەکەم و پورتوگال بە پلەی دووەم، هەمان ئیمپراتۆریەتی ئەو سەردەمەن کە ئەمریکای لاتینیان وەك بەشێك لە ئیمپراتۆریەتی ئیسپانیا و پورتوگاڵ لەقەڵەم دەدات، ئەرژەنتین کە زیاتر لە ١٠هەزار میل لە ئیسپانیاوە دوورە، لە شەڕی فۆکلاندی هەشتاکانی رابردوو لەگەڵ بەریتانیا، فۆکلاندی بە جەبەل تاریق دەچواند..لە کاتێکدا جەبەل تاریق بەشێکە لە ئیمپراتۆریەتی ئیسپانیای کۆن و هیچ پەیوەندیەکی بە ئەرژەنتینەوە نیە، بەلام دوای مردنی فرانکۆ و دەستپێکی حکومڕانی خوان کارلۆس سوود لەم میراتە گەورەیەی ئیمپراتۆریەتی ئیسپانیا وەرگیراوە، دەوڵەتانی ئەمریکای لاتینی لەدوای مردنی فرانکۆ و سلازار ەوە لەوپەڕی کۆمۆنیستیەوە هەنگاویان بەرەو کرانەوەو دیموکراتی هەڵگرت، بەریتانیا کە میراتی ئیمپرتۆریەتی خۆرلێ ئاوانەبووی لە رێکخراوی دەوڵەتانی کۆمۆنویڵس کۆکردۆتەوە، قبوڵی نەکرد لە پاکستان کودەتای سەربازی بکرێت و ئەندامیەتی پاکستانی لە رێکخراوی دەوڵەتانی کۆمۆنوێڵس هەڵپەسارد، ئەمەیە کاریگەری ئەو دەوڵەتانەی کە خۆیان بە میراتگری ئیمپراتۆریەتە گەورەکان دەزانن. بەڵام بەداخەوە بەدرێژایی سەدەی رابردوو تورکیا سوودی لەو پێگە گرنگەی خۆی وەرنەگرت، لە کاتێکدا پێگەی جوگرافی تورکیا لە چاو (( فەرەنسا، بەریتانیا، ژاپۆن، تەنانەت ئیسپانیا و پورتوگالیش)) لەهەموو ئەو دەوڵەتانە گرنگترە و لە یەك کاتدا تورکیا پردی پێکەوە بەستنەوەی ئەورپاو ئاسیاو ئەفریقاشە،ئەم پێگە جوگرافیەی تورکیا زۆر لە پێگەی میسر گرنگترە کە ناپلیۆن ناوی لە میسر ناو (( گرنگترین وڵات لە جیهاندا))، بۆ ئەمرۆی جیهان کە تورکیا بۆتە رێرەوی گواستنەوەی

**ژاپۆن رێگە نادات تایوان بگەڕێتەوە سەر کۆماری چینی میللی و وەک دەوڵەتی سەربەخۆ مامەڵە لەگەڵ تایوان دەکات**




**شکۆی ئیسپانیا و پورتوگال لە یەکێتی ئەورپاوە لەودیو ئەتڵەسیەوە سەرچاوە دەگرێت**

وزەو پێکەوە بەستنەوەی ئاسیای ناوەڕاست و هەرێمی کوردستان( بەعێراقیشەوە)بە ئەوروپاوە، تورکیای لە دەوڵەتێکی هەژارەوە کردووە بە دەوڵەتی ترانزێتی پەترۆڵ و وەك ئەوە وایە تورکیا خۆی دەوڵەتێکی خاوەن پەترۆڵ بێت، تورکیا نموونەیەکە بۆ دەستپێکی دیالۆگی نێوان شارستانیەکان، ئەگەر تورکیا لەگەڵ دەوڵەتانی ئاسیاو رۆژهەڵاتی ناوەراست کێشەی نەبێت،دەتوانێت نوێنەرایەتی شارستانیەتی رۆژهەڵات بکات لەیەکێتی ئەوروپاداو دەوڵەتانی ئاسیاو رۆژهەڵاتی ناوەراستیش پێیان خۆشترە لە رێگەی تورکیاوە مامەڵە لەگەڵ ئەورپا بکەن نەك لەرێگەی بەریتانیا و فەرەنساوە، لانی کەم دوای رووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و جێگرتنەوەی لەیەلان فەرەنساو بەریتانیاوە، دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست و ئاسیا زیاتر هاوسۆزن لەگەڵ تورکیا نەك فەرەنسا و ئەوروپا.

بێگومان هەموو ئەم بایەخ و گرنگیەی تورکیا لەناو چەمکی بیرکردنەوەی عەسکەرتاری و باڵادەستی ژەنەڕاڵەکان لە حکومڕانیکردنی تورکیادا، هەموو شاردرابۆوەو بێ بایەخکرابوون، ئەو پرسیارانەی رەفتاری ژەنەراڵەکان لە ناخی هاوڵاتیانی دەوڵەتانی دراوسێی و دەوروبەری تورکیا دروستیاندەکرد بێ وەڵام بوون،لەناو پێکهاتە جیاوازەکانی تورکیا بێ وەڵام بوون، ئەمانە هەڵدانەوەی لاپەرەکانی رابردوو و مێژوو گێڕانەوە نین، بەڵکو ئەمە ئاماژەکردنە بەو سیاسەتە هەڵەیەی کە نزیکەی ١٠٠ ساڵ بوو نەیدەهێشت تورکیا شکۆی خۆی وەربگرێت و وەك دەوڵەتێکی سۆپەر پاوەری ئیقلیمی دەربکەوێت،لەدیدی ژەنڕاڵەکانی تورکیادا شکۆی تورکیا بریتی بوو لە:

١- دەوڵەتی تورکیا دەوڵەتێکی هۆمۆجینی تورکیە و بێجگە لە تورك هیچ نەتەوەیەکی دیکە لە تورکیا بوونی نیە، کاتێك ئەمەیان بۆ نەدەچووە سەر،نەتەوە غەیرە تورکەکان(( بەتایبەتی کورد ))ناودەنا تورکی چیا،واتە دوور لە شارستانیەت.

٢- ژەنرالەکانی تورکیا ئەو مافەیان بەدەوڵەتی تورکیا رەوا دەبینی نەتەوەیەك بەتەواوی ژینۆساید بکرێت،تەنها لەپێناوی ئەوەی رۆژێك لە رۆژان داوای سەربەخۆییان کردووە،ژینۆسایدی ئەرمەنەکان هەتا یەك دووساڵ لەمەوپێش گەورەترین کێشەی دەوڵەتی تورکیا بوو لەگەڵ رۆژئاوادا، تورکیا هەڕەشەی ئەوەی لە ئەمریکا کرد، ئەگەر کۆنگرێسی ئەمریکا ژینۆسایدی ئەرمەنەکان بەرەسمی بناسێنێت، ئەوا تورکیا چاو بەسیاسەتی خۆی لەگەڵ ئەمریکادا دەخشێنێتەوە، گەورەترین ئاڵۆزی نێوان فەرەنساو تورکیا لە ناساندنی ژینۆسایدی ئەرمەنەکان لەلایەن پەرلەمانی فەرنساوە سەرچاوە دەگرێت، ئەمە وایکردبوو، فەرەنسا بە هەموو شێوەیەك دژی ئەوەبێت تورکیا ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەورپا.

**دەوڵەتانی ئاسیاو رۆژهەڵاتی ناوەراستیش پێیان خۆشترە لە رێگەی تورکیاوە مامەڵە لەگەڵ ئەورپا بکەن نەك لەرێگەی بەریتانیا و فەرەنساوە**

٣- سیاسەتی ژەنەراڵەکانی تورکیا بەو شێوەیە وێنای تورکیای لە دیدی هاوڵاتیانی تورکیادا دەکێشا، کە هەموو جیهان بەگشتی و دەوڵەتانی دراوسێ دوژمنی تورکیان، بۆیە دەبێت تورکیا دەوڵەتێکی بەهێزی عەسکەرتاری بێت بۆ ئەوەی بتوانێت بەرپەرچی هەرەشەکان بداتەوە، ئەم سیاسەتە هەڵەیە چەندین جار لەساڵانی رابردوو گوێبیستی ئەوەی کردووین کە هەندێك لێدوانمان گوێ لێبێت شایستەی دەوڵەتێکی وەك تورکیا نەبێت، هەربۆ نموونە وەك ئەو هەڕەشەیەی لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو حکومەتی تورکیا لە سوریای کرد بەوەی دیمەشق لەسەر نەخشە دەسڕینەوە، ئەمە ببووە هۆکاری ئەوەی دەوروبەر نەتوانێت بەچاوی دۆست و هاوسێیەتی باش سەیری تورکیا بکات.

٤- هەمان سیاسەت بە درێژایی ٧ ساڵی رابردوو لەبەرامبەر هەرێمی کوردستان درێژەی هەبوو، راستە کەمینەیەك لە هەردوولا هەوڵیاندەدا ئەم باردۆخە بگۆڕن،بەڵام سیاسیەتی ژەنەراڵەکان بەتەواوەتی هەژموونی بەسەر سیاسەتی حکومەتی تورکیا کێشابوو،لەبەهاری ٢٠٠٨ بینیمان چۆن سوپای تورکیا لە هەرێمی کوردستان کشایەوە بەبێ ئەوەی حکومەتی تورکیا ئاگادار بێت بڕیاری کشانەوەی دا، ئەمەش نیشانەی ئەوە بوو،بڕیاری شەڕ و

ئاشـــتی لەدەرەوەی حکومەتی تورکیا بووە.

لێرەوەیــــە بایەخی کرانـــەوە و گۆڕینی سیاســـەتی تورکیــــا دەســـتپێدەکات، گۆڕینی ئـــەم تێروانینەیە کە وادەکات تورکیا لەبری ئەوەی کێشەکانی خۆی هەناردەی دەرەوە بکات،دەبێت راشکاوانە لەسەر کێشەکانی خۆی هەڵوەستە بکات و دان بەو واقیعەدا بنێت کە ئەوانە کێشەن و پێویستیان بەچارەسەرکردن هەیە .

## هێزی دیپلۆماتی کوردستان ئەقڵیەتی دبلۆماتیەتی هێزی گۆڕی

ئەوکاتەی ئەرۆدگان لە کۆشکی سپی پەیامی ژەنەراڵەکانی لەگەڵ جورج بوش تاوتودەکردو سەرقاڵی ئەوە بوو تیشکی ســەوز لە کۆشکی سپی وەربگرێت بۆ ئەوەی سووپای وڵاتەکەی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان ببەزێنێت، نێچیرڤان بارزانی لە رێگەی واشتنۆنپۆســتەوە پەیامی خۆی ئاراستەی جیهان دەکردو دەیگـــوت : ((کوردســـتان ئومێـــدی بە وتوێـــژە)) ( Kurdistan>s Hope for Talks)، لـــەو کاتە هەستیارە بە جورج بوش و ئەردۆگانی رادەگەیانـــد ئێـــوە نزیکـــەی چارەکە ســـەدەیەکە رێگـــەی ســـەربازی بۆ چارەسەری ســـەربازی تاقیدەکەنەوە، ئێستا لە هەموو کات کێشەکە ئاڵۆزترە، وەرن با رێگەیەکی دیکە تاقیبکەینەوە کە ئەویش رێگای ئاشتی و چارەسەری سیاسیی و وتوێژکردنە،ئەوکات ئەم هێزە دیبلۆماتیەی نێچیرڤان بارزانی لە چاو دبلۆماتیەتی هێزی ژەنەراڵەکانی سوپا و ئامادەکردنـــی رای گشـــتی تورکیا بۆ ئەو شـــەڕە هێزێکی گـــەورە نەبوو، بۆیە نێچیرڤـــان بارزانـــی هەوڵیدا لە کوردستانەوە ئەم هێزە بەجۆرێك پەروەردە بکات کەبگاتە ئەو ئاستەی رووبەرووی دبلۆماتیەتی هێز بێتەوە و ئەو ئەقلیەتەش بگۆڕێت، بۆیە نێچیرڤان بارزانی داوای یارمەتـــی لەگەلی خۆی کـــرد هەتا هـــاوکاری بن، بۆ ئـــەوەی ئەمجارەش دبلۆماتیەتی هێز شکستی خۆی ببینێت و بگەنە قەناعەت ئەو کێشانەی سوپای تورکیا چارەســـەری بـــۆ دەدۆزێتەوەو چارەسەرێکی هەڵەن وکێشەکان ئاڵۆزتر دەکەن نـــەك بەرەو چارەســـەری ببەن، نێچیرڤان بارزانی نەیهشـــێت ســـۆزی هاوڵاتیانـــی کوردســـتان بگاتە رادەی هەڵچوون و پاشـــان کۆنترۆلی لەدەست بچێت، بۆیە لەو کاتەی سوپای تورکیا گونـــدە ئاوەدانکراوەکانی کوردســـتانی بۆمباران دەکرد و پردو رێگاوبانەکانیان تێکدەداین، ئـــەو بەجیهانی رادەگەیاند، دبلۆماتیەتی هێز کێشەی تازە بۆ تورکیا دروســـتدەکات نەك کێشە کۆنەکانی بۆ چارەسەر بکات، ئەم جەختکردنەوەیەی نێچیرڤـــان بارزانی پێش تورکیا یەکێتی ئەورپا و ئەمریکای گەیاندە قەناعەت، ریتشـــارد هۆلبرۆگ کە لـــەو کاتەدا سەردانی هەولێری کردبوو، لە نزیکەوە باری ئارامی هەولێری بینیو، هەروەها بینیبـــووی وێرای ئەوەی کە ســـوپای تورکیاش هاتۆتە ناو خاکی کوردستانی عێـــراق و حکومەتـــی هەرێمـــی کوردستان هێشـــتا هەر ئومێدی ئەوەیە پەیوەندیەکانـــی تورکیا و کوردســـتان بە تەواوەتـــی تێکنەچێت، هۆلبرۆگ لەهەولێـــرەوە وتارێکی بـــۆ رۆژنامەی واشنتۆن پۆست نووسی و تیایدا دوای کـــرد، پێویســـتە هێزەکانـــی ناتۆ بێنە هەرێمی کوردستان و ئەم هەرێمە ئارام و ســـەقامگیر و دیموکراتیـــە بپارێزن، ئەم داوایەی هۆڵبرۆگ ژەنەڕاڵەکانی تورکیای بەهۆش خۆ هێنایەوەو وایکرد رۆبەرت گیتس وەزیری بەرگری تورکیا بەشـــەخصی بێتە تورکیاو راشـــکاوانە پەیامی جورج بوش بە یەشار بیوکانیت بگەیەنێت وپێی رابگەیەنێت هێرشەکەی کۆتایی پێبێنیت، ئـــەو وەرچەرخانەی هێزی دبلۆماتی نێچیرڤان بارزانی لەو

**ئەو وەرچەرخانەی هێزی دیپلۆماتی نێچیرڤان بارزانی لەو هاوکێشەئاڵۆزە دروستی کرد، تورکیای لە ژێر حەسانەی هێزی پەیمانی باکوری ئەتلەسی دەرهێنا**



هاوکێشەئاڵۆزە دروستی کرد،تورکیای لە ژێر حەسانەی هێزی پەیمانی باکوری ئەتلەسی دەرهێنا، ژەنەڕالەکان بەو جۆرە پلانیان داڕشـتبوو، کە سنووربەزاندنی هەرێمی کوردستان شەری دژە تیرۆرەو دەبێت هەمـوو هێزەکانی دەوڵەتی ناتۆ لەو شـەرە پشتگیری سـوپای تورکیا بکەن، بەڵام کاتێـك نێچیرڤان بارزانی ئـەم واقیعەی پێچەوانە کـردەوە و بە جیهانی سەلماند، ئێمە خۆمان یەکێکین لە هاوپەیمانانی بـەرەی دژە تیرۆر و هەرێمی کوردسـتان خـۆی قوربانی دەسـتی تیرۆرە، بۆیە تێروانینی جیهان لە پشـتگیریکردن بۆ سوپای تورکیا، گۆڕدرا بۆ پشتگیریکردن لە دیموکراتی و ئاشـتی و بیرکردنەوە سەردەمیەکانی نێچیرڤان بارزانی.

نێچیرڤـان بارزانـی کە لـەم ئەرکە مێژوویەدا راسپێردراوی جەنابی سەرۆك مسـعود بارزانی و بەرێـز مام جەلال بوو وەك سـکرتێری گشـتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، توانی شێوازێکی تازە لـە بەرێوەبردنی تەنگژە ئاڵۆزەکان لە دبلۆماتیەتی کوردستان پیادەبکات، هەروەها سـەلماندی کە ئەو سەرکردەیە کە جێگەی ئومێدی سەرۆك بارزانی و سەرۆك تاڵەبانیشە.

نێچیرڤان بارزانی توانی شێوازێکی تازە لە بەرێوەبردنی تەنگژە ئاڵۆزەکان لە دبلۆماتیەتی کوردستان پیادەبکات

## ئاکامی سەرکەوتنی هێزی دیپلۆماتی کردنەوەی کونسولخانەی تورکیایە لە هەولێر

کردنـەوەی کونسـولخانەی تورکیا لە هەولێر، لەگەڵ ئەوەی بەئاشکرا دەزانین بەرنامەی تـازەی وەزارەتـی دەروەی تورکیایە و مـوراد ئۆزجەلیك نێردراوی تایبەتی پێشـووی تورکیا بۆ عێراق بۆ رۆژنامەی حوریەت دەیلی نیوز جەختی لەسەر دەکاتەوە و بە هەنگاوی ئاییندەی کرانەوەی نێـوان هەولێرو ئەنکەرا ناوی دەبات،وەچەرخانێکە کە پێشـتر چاودێرو سیاسەتمەداران پێشبینیان نەکردووە، لەبەر ئەوەی کردنەوەی کونسوڵخانەی تورکیا لە هەولێر لە هەموو کونسـولخانەکانی دیکـە گرنگتـرە کە پێشـتر لەهەولێر کراونەتـەوە، لەوانەیە هەندێك بپرسـن چۆن کردنەوەی کونسـوڵخانەی تورکیا لەهەمـوو کونسـولخانەکانی دیکەی هەولێر گرنگترە؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێین:

١- کردنەوەی کونسـولخانەی تورکیا لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان واتە ناسـینی هەرێمی کوردسـتان بە شـێوەیەکی شـەرعی و دانپێدانـان بە هەرێمی کوردسـتان بەو ئاسـتەی لە دەسـتووری عێراق شـەرعیەت و دانی پیدانراوە، بۆ ئێستای هەرێمی کوردستان زۆر گرنگـە دەوڵەتێکی دراوسـێ کە ئەندامی باکوری ئەتلەسیشەو کاندیدی یەکێتی ئەورپا بێت ئەم هەنگاوە گرنگە هەڵبگرێت و دەستخۆشیان لێدەکەین.

٢- کردنەوەی کونسـولخانە لە هەولێر رێزگرتـن لە دابونەریت و سیاسـەت و حکومڕانی نەتەوەیەك لەسەر ئاستی رێز و بەرژەوەندی هاوبەش، دروستبوونی ئەم هاوسـەنگیە لە نێوان دەوڵەتی تورکیاو هەرێمی کوردسـتان، دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە چیدیکـە تورکیا بەو چاوە سەیری کوردی وڵاتەکەی خۆی نەکات و هەنگاوەکانی بۆ چارەسەری سیاسیی کێشەی کورد لە تورکیا خێراتر بکات.

٣- تورکیا هەر ئەو وڵاتەیە کە لەسەرەتای ساڵانی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٦ رێگەی نەدەدا ئەو فڕۆکانەش بە ئاسـمانی تورکیادا بفڕن کە دەیانویسـت لە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر بنیشـنەوە، ئێسـتا ئامادەبێت، کونسـوڵخانە بکاتەوە و لە هەولێرەوە ڤیزای تورکیا بە هاوڵاتیانی کوردستان بدا بۆ ئەوەی سەردانی تورکیا بکەن، ئەمەش مانای وایە تورکیا بەنیازە لەسـەر بنەمای سیاسەتی هاوسێیەتی باش پەیوەندیەکانـی ئاییندەی لەگەڵ هەرێمی کوردستان بونیاد بنێتەوە.



## لێدوانی تایبەتی سوعـــات کینیکلوئۆغلۆ ئەندامی پۆلیتبیرۆی AKPەو

# ئێمـــە پەرۆشی بنیـــاتنانی پەیوەنـــدی بنیاتنەر و

سوعات کینیکلۆئۆغلۆ ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دادوگەشەپیدانی تورکیا و بەرپرسی بیرۆی پارتی ناوبراوە لەئەنقـــەرە و هەروەها گوتەبێژی فەرمی لیژنەی کاروباری دەرەوییە لەپەرلەمانی تورکیا، بێجگە لەکاری پەرلەمانی و پارتایەتیش، بەڕێوەبەری سەنتەری مارشاڵ پرۆجێکت فاندەو یەکێکە لەو ئەکادیمانەشـــی کە لەسەر ئاستی ناوەندەکانی سینك تانکســـەکانی ئەمریکا بۆ هەڵسەنگاندنی سیاسەتی دەرەوەی تورکیـــا و ئاســـتەنەگەکانی بەردەم سیاســـیەتی دەرەوەی تورکیا بـــۆ بەئەندامبوون لەیەکێتی ئەوروپـــا بانگهێشـــت دەکرێت و، وەك کاری ڕۆژنامەنووسیش سەرنووســـەری تورکیش ئینســـایدە و یەکێکـــە لەستوونووســـەکانی ڕۆژنامەی بەناوبانگی تورکیـــا (تورکیش دەیلی نیوز). ســـوعات بیـــك پێشتریش دیمانەی تایبەتـــی لەگەڵ گۆڤـــاری گوڵان ئەنجامداوە و لەســـەر پرســـە گرنگەکان راوبۆچوونـــی خۆی بۆ گوڵان دەبڕیـــوە، بۆیە ئەمجارەش بەپێویستمانزانی لەســـەر ئەم گۆڕانکاریانەی لەسیاسەتی دەروەی تورکیا هەستی پێدەکەین پەیوەندی پێوە بکەین، هەر بۆیە دوای ئەوەی لەرێگەی نووســـینگەی تایبەتی خۆی لەئەنقەرە داوای ئەوەمان کرد دیمانەی لەگەڵ بکەین، لەگەڵ ئەوەی خشـــتەی کارەکانی بۆ ئـــەم هەفتەیە بواری ئەوەی نەبوو بەتایبەتی بۆ گوڵان قســـەبکات، بەڵام نووسینگەی سوعات بێك ئاگاداری کردینەوە کە بەڕێزی لەگەڵ ئەوەی زۆر ســـەرقاڵە و بواری دیمانەی نییـــە، بەڵام داوایکردووە کە پرســـیارەکانی بۆ بنێرین و هەرچۆنێك بێت کاتێك پەیدا دەکات وەڵامێکمان بداتەوە، بەسوپاسەوە ڕۆژی هەینی ئـــەم وەڵامە کورتەی بۆ ناردووینەوە، کە ئێمە زۆر سوپاســـی بەڕێزیان دەکەین کە دڵنیابووین زۆر سەرقاڵە و بواری دیمانەی تایبەتی نییە، بـــەڵام هەرچۆنێك بێت کاتی دروســـتکرد و وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانـــی بەشـــێوەیەکی گشـــتی داوەتەوە و دووبارە سوپاســـی دەکەین و ئەمەش دەقی لێدوانە تایبەتەکەیەتی بۆ گوڵان.



کوردەکانی عێراق برای ئێمەن، کەس و دۆستی ئێمەن و بۆ ماوەی چەندین سەدەی دوور و درێژە مێژووی و چارەنووسی هاوبەشمان هەیە لەگەڵ یەکدا

گوتەبێژی فەرمی لێژنەی کاروباری دەرەوە لەپەرلەمانی تورکیا بۆ گوڵان:

# دۆستانەین لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا

پەیوەندی بەستن و نزیکبوونەوەمان لەگەڵ بەغدا و هەولێر ئەولەویەتی سیاسەتی دەرەوەی ئێمەیە






ئێمە هەست بەشەرم ناکەین لەئەنجامدانی کرانەوەی سەخت، بەچەشنی ئەوەی لەگەڵ ئەرمینیادا ئەنجامماندا

## سوعات کینیکلۆ ئۆغلۆ بۆ گوڵان:

# نزیکبوونەوەمان لەگەڵ هەولێر و بەغدا ئەولەویەتی سیاسەتی دەرەوەی ئێمەیە

**بەڕێزان لەگۆڤاری گوڵان بەداخەوە زۆر سەرقاڵم بەڵام وەڵامێکی کورتتان دەدەمەوە.**

هەر لەساڵی ٢٠٠٢ەوە تورکیا هەوڵی پیادەکردنی سیاسەتێك دەدات لەئاست دەوڵەتە دراوسێکانیدا کە ئامانجی کەمکردنەوەی کێشەکانێتی لەگەڵ ئەم دەوڵەتانەدا. لەنێویاندا سوریا، عێراق، ئێران، هەروەها ڕووسیا و یۆنان کە ئێمە پێداگیری لەسەر باشترکردنی ئاسایشی تورکیا دەکەین لەڕێی کەمکردنەوەی کێشەکانمان لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکانماندا. گەشتی ئەم دواییەی دوو لەوەزیرەکانی ئێمە نموونەیەکی ڕوون بوو بۆ بەرەوپێشچوونی سیاسەتی ئێمە لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەدا لەنێویاندا لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا.

ئێمە باوەڕمانوایە کوردەکانی عێراق برای ئێمەن، کەس و دۆستی ئێمەن و بۆ ماوەی چەندین سەدەی دوور و درێژە مێژووی و چارەنووسی هاوبەشمان هەیە لەگەڵ یەکدا. پەیوەندی بەستن و نزیکبوونەوەمان لەگەڵ بەغدا و هەولێر ئەولەویەتی سیاسەتی دەرەوەی ئێمەیە.

ئێمە خوازیاری قووڵکردنەوەی گفتوگۆی سیاسین، خوازیاری زیادکردنی ئاستی بازرگانی و پەیوەندی نێوان خەڵکی هەردوولاین لەڕێی چالاکییە کولتووری و وەرزشییەکانەوە. تورکیا بەشێوەیەکی ڕوو لەزیاد پەیوەندی باش لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکانیدا دەبەستێت و ئێمە هەست بەشەرم ناکەین لەئەنجامدانی کرانەوەی سەخت، بەچەشنی ئەوەی لەگەڵ ئەرمینیادا ئەنجامماندا.

پێگە و هەڵکەوتەی جوگرافی تورکیا بەچەشنێکە پێویست دەکات لەڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا چالاك بێت. هیچ شتێکی تایبەتی نییە لەم هەنگاوەدا یاخود ئەم هەنگاوە جێی هیچ سەرسوڕمانێك نییە.

ئێمە پەرۆشی بنیاتنانی پەیوەندی بنیاتنەر و دۆستانەین لەگەڵ براکانماندا لەحکومەتی هەرێمی کوردستان و ئومێدی ئەوە دەخوازین دوای چەند ساڵێك لەناکۆکی و ناسەقامگیری لەم ناوچەیەدا بتوانین کار بۆ هێنانەدی ناوچەیەکی سەقامگیر و گەشەکردوو بکەین.

بولَنت كیناش سەرنووسەری رۆژنامەی تودەی زەمانی توركییە كە لەتوركیا بەزمانی توركی دەردەچێت و یەكێكە لەو رۆژنامانەی توركیا كە نەك هەر لەسەرئاستی توركیا بەڵكو لەسەر ئاستی جیهانیش بایەخ و گرنگی تایبەتی خۆی هەیە و زۆر لەتوێژەرە بەناوبانگەكانی ئەمەریكا وەك عومەر تاشبینەر كە یەكێكە لەتوێژەرە باڵاكانی ئامۆژگای بەناوبانگی برۆكینز یەكێكە لەستوونووسەكانی ئەم رۆژنامەیە، هەروەها چەندین رۆژنامەنووسی ناسراوی دیكەی توركیا كە هەندێكیان توانای ئەوەشیان نییە بەزمانی ئینگلیزی بنووسن، وتارەكانیان لەم رۆژنامەیە دەكرێت بەئینگلیزی و بڵاودەكرێتەوە.

كیناش وەك رۆژنامەنووس یەكێكە لەو رۆژنامەنووسانەی كە بایەخێكی گرنگ بەپەیوەندییەكانی نێوان هەرێمی كوردستان و توركیا دەدات و هەروەها بایەخێكی گرنگیش بەسیاسەتی دەرەوەی توركیا دەدات، وەك لەم دیمانەیەش ئاماژەی پێكردووە یەكێك بووە لەورۆژنامەنووسانە یاوەری سەردانەكەی داود ئۆغلۆی وەزیری دەرەوەی توركیا بووە بۆ هەرێمی كوردستان، بۆ قسەكردن لەسەر بایەخی ئەم سەردانە و زیاتر قسەكردن لەسەری، بەرێز رۆژنامەنووس بولَنت كیناش لەلێدوانێكی تایبەت بۆ گوڵان بەمجۆرە رای خۆی لەسەر ئەو سەردانە دەربڕی.




## بولَنت كیناش سەرنووسەری تودەی زەمان بۆ گوڵان:

# دوای كۆبوونەوەكەی لەگەڵ بارزانی، داود ئۆغلۆ پێی گوتین: توركیا و هەرێمی كوردستان یەك تێڕوانینیان بۆ ئاییندەی ناوچەكە هەیە

*** چۆن پەیوەندییەكانی ئێستای توركیا و هەرێمی كوردستان دەبینیت؟**

- رۆژی ٢٠٠٩/١١/٣٠ وەزیری دەرەوەی توركیا سەردانی هەولێری كرد و لەگەڵ سەرۆكی ئەو هەرێمەدا مەسعود بارزانی كۆبوونەوەی ئەنجامدا، دواتر چاوی بە بەرپرسە باڵاكانی ئەو هەرێمە كەوت، ئەمە یەكەم سەردانی وەزیرێكی دەرەوەی توركیایە بۆ ئەم ناوچەیە. ئەمە هەنگاوێكی ئیجابی بوو، هەروەها دوای كۆبوونەوەكان بەرێز داوود ئۆغلۆ باسی لەگفتوگۆكانی بۆ ئێمەی رۆژنامەنووسان كرد و ووتی توركیا و ئیدارەی هەرێمی كوردستان هەمان تێڕوانینان هەیە بۆ ناوچەكە، بۆناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەهەمان شێوە باسی لەوەكرد دەبێت و كۆسپ و ئاستەنگەكانی بەردەم هاتنەدی ئەم تێڕوانینە ڕابماڵرێن، كەڕاستەوخۆ ئاماژەی بە بوونی پەكەكە كرد لەباكوری عێراقدا بە تایبەتی لەچیای قەندیل وەك گرنگترین كۆسپی بەردەم هێنانەدی ئەم تێڕوانینە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئێمە دەزانین بارزانی پشتیوانی لەدەستپێشخەرییە دیموكراسییەكەی توركیا كرد،بۆ چارەسەركردنی كێشەی كورد لەتوركیا و كاری كرد بۆ كەمكردنەوەی رۆڵی

یەکەکە، لەبەر ئەوە سەردانی بەڕێز ئۆغلۆ دەبێتە سەرەتایەکی نوێ و قۆناخێکی نوێ لەپێوەندییەکانی تورکیا و باکووری عێراق. ئەم پەیوەندییانەش پتر پەیوەندی ئاشتیانە دەبن و کراوە دەبن بۆ گفتوگۆو هاوکاریکردن.

*** ئێمە دەزانین هەموو ئەم گۆڕانکارییانە دەرئەنجامی پیادەکردنی سیاسەتێکی کراوەن لەلایەن تورکیاوە، واتە گرتنەبەری ئەم سیاسەتەو هێزی دیبلۆماسی تورکیای کردۆتە هێزێکی ناوچەی باڵا، ئەمەش مانای وایە هێزی دیپلۆماسی تورکیا بەهێزترە لەهێزی سەربازی، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تێڕوانیت چییە بۆ هێزی دیپلۆماسی تورکیا و، ئایا تاچ ڕادەیەك بۆتەهۆی گۆڕینی تێڕوانینی ژەنەراڵە سەربازییەکانی ئەو وڵاتە؟**

**سەردانی بەڕێز ئۆغلۆ دەبێتە سەرەتایەکی نوێ و قۆناخێکی نوێ لەپێوەندییەکانی تورکیا و باکووری عێراق**

- هەروەك ئێوەش ئاماژەتان پێکرد هێزی دیبلۆماسی تورکیا و سیاسەتی ئاشتیخوازانە و هاوکاریکردنی تورکیا بەهێزترە لەهێزی سەربازی ئەم وڵاتە لەم ساتەوەختەدا، ئەم بەرەوپێشچوونەش هاوشانە بەبەرەوپێشچوونی سیاسەتی ناوخۆیی لەوڵاتەکەدا. هەر لەم چوارچێوەیەدا تورکیا هەوڵدەدات ببێتە دەوڵەتێکی مەدەنی دیموکراسی و لەم ڕووەشەوە سیاسەتی کرانەوەی پیادەکردووە و چەندین دەستپێشخەری خستۆتەڕوو بۆ ئەوەی وڵاتەکە بەرەو وڵاتێکی مەدەنی و دیموکراسی ببات،ئێمە ئەو واقیعە بەدی دەکەین کەهاوکات لەگەڵ ئەم کرانەوە ناوخۆییەدا، ئەوا سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لەلایەن حکومەتەکەی داد و گەشەپێدانەوە پتر ئاراستەیەکی ئاشتیخوازانەی وەرگرتووە کەهەوڵی بەدەستهێنانی هاوکاری دەدات لەگەڵ دەوڵەتەکانی دیکەدا، بەو پێیە دیبلۆماسییەت و هێزی دیبلۆماسی بۆتە ئامرازێك لەسیاسەتی دەرەوەی تورکیا، ئەمە لەبری ئەوەی پەنا بۆ بەکارهێنانی هێزی سەربازی ببردرێت. ئێمە ئەوەمان لەیادە کە لەماوەی ڕابردوودا بەتایبەتی لەساڵانی نەوەتەکاندا هەمیشە تورکیا هەڕەشەی لەدراوسێکانی دەکرد و لەهەمان کاتدا دەوڵەتە دراوسێکانی بەسەرچاوەی هەڕەشە و مەترسی دەزانی بۆ سەر ئەنقەرە، ئێمە ئەم پەیوەندییەمان لەگەڵ ئێران، سوریا، عێراق، بولغاریا، یۆنان، ڕوسیا و ئەرمینیادا هەبوو، کەهیچ یەکێك لەو وڵاتانەش ئەم سیاسەتەی تورکیایان قبوڵ نەدەکرد. بەڵام ئێستا بەهۆی گرتنەبەری سیاسەتەکەی داوود ئۆغلۆ کە بریتییە لەسیاسەتی «نەبوونی هیچ کێشەیەك» لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکاندا تورکیا پەیوەندی باشی هەیە لەگەڵ ئەم دەوڵەتانەدا، لەنێویاندا باکووری عێراق، هەر لە چوارچێوەی ئەم سیاسەتەدا تورکیا کار بۆ چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکییەکانی ناوچەکە دەکات، لە نێویاندا کێشەی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل، سوریا و ئیسرائیل، پاکستان و ئەفغانستان، جۆرجیا و ڕوسیا، سوریا و عێراق، ئێران و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر بەرنامە ئەتۆمییەکەی و لەنێوان



لایەنە جیاوازەکانی لوبنان، بەمشێوەیە دەتوانین بڵێین تورکیا هێزێکی ئیقلیمی باڵایە، بەڵام هێزێکی نەرمە، هەرچەندە من لەوە دڵنیانیم ئایا دەتوانین بڵێین تورکیا هێزێکی ئیقلیمی باڵایە یان نا؟، بەڵام دەتوانین بە دڵنیاییەوە ئەوە بڵێین تورکیا هێزێکی نەرمە و هەوڵی چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکانی دەدات. کەواتە دەتوانین بڵێین بەهۆی گرتنەبەری سیاسەت و هێزی دیبلۆماسییەوە لەلایەن تورکیاوە، ئەم وڵاتە یەکەم هەنگاوی هەڵگرتووە بەرەو ئەوەی ببێتە هێزێکی ئیقلیمی باڵا لەناوچەکەدا.

***خەڵکی کوردستان بەتەقدیرەوە لەسەردانی وەزیری دەرەوە و وەزیری بازرگانی و شاندی پیاوانی کاری تورکیا دەڕوانن، هەروەها ئێمە پێمانوایە تورکیا شایستەی ئەوەیە ڕۆڵێکی باشتر و کاریگەری ببینێت لەناوچەکەدا، بەچەشنی ڕۆڵی ژاپۆن لەڕۆژهەڵاتی ئاسیادا، تێڕوانین و بۆچوونی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

- هەلومەرجی ئەم دوو ناوچەیە زۆر جیاوازن و ڕەنگە نەتوانرێت هەمان ڕۆڵی ژاپۆن کەلەڕۆژهەڵاتی ئاسیادا ئەدایی ئەکات لەلایەن تورکیاوە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دووبارە بکرێتەوە، چونکە ئێمە دەزانین زۆرێك لە کێشە و ناکۆکییە جیهانییەکان لەم ناوچەیەدا کۆبوونەتەوەو کەڵەکەبوونە، بەو پێیە ڕەنگە هاوشێوەکردنی ئەم دوو بارودۆخە لەگەڵ یەکدا لەجێی خۆیدا نەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا، بەو پێیەی تورکیا هەوڵوکۆشش دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوان دەوڵەتانی ناوچەکە، لەهەمان کاتدا کۆشش دەکات بۆ چارەسەرکردن و یەکلاکردنەوەی کێشەی نێوان لایەنە جیاوازەکانی هەمان وڵات، وەك ئەوەی تورکیا هەڵسا بە قەناعەتپێهێنانی سوننەکانی عێراق بۆ ئەوەی بچنە ناو پرۆسە سیاسییەکەوەو بەشداری لەهەڵبژاردنەکاندا بکەن دوای ئەوەی بڕیاری موقاتەعەکردن و بەشدارنەکردنیاندا لەهەڵبژاردنەکانی پێشوودا، هەروەها کۆکردنەوەی لایەنە ناکۆك و جیاوازەکانی لوبنان لەسەر مێزی گفتوگۆ، هەموو ئەمانە بوونەهۆی ئەوەی تورکیا وێنەیەکی ئیجابی هەبێت لە ناوچەکەدا و ڕۆڵێك ببینیت لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کەهیچ دەوڵەتێکی دیکە ڕەنگە نەتوانێت ئەم ڕۆڵە ئەدا بکات، لەم تێڕوانینەوە تورکیا دەتوانێت بەهۆی گرتنەبەر و پیادەکردنی هێزی دیبلۆماسی نەك هەر ڕۆڵێکی سلبی نەبینیت، بەڵکو ڕۆڵێکی ئیجابی و بیناتنەر ببینێت بۆ پەرەپێدانی ئاشتی و پێکەوەژیان و یەکترقبوڵکردن لەناوچەکە، نەك تەنها لە نێوان دەوڵەتەکانی ناوچەکە بەڵکو تەنانەت لەنێوان لایەن و پارت و گروپە جیاوازەکانی چوارچێوەی یەك وڵاتیشدا، کەئەمەش سەردەکێشێت بۆ پەرەپێدان و بەرەوپێشبردنی پێکەوژیانی ئاشتیانە لەم ناوچەیەدا.

*** ئەم بەرەوپێشچوونانە دەبنەهۆی نزیککردنەوەی تورکیا لەئەورووپا، بەتایبەتی ئەگەر بەردەوام بێت لەسەر ئەم ڕەوتە، کە ئەمە دەبێتەهۆی**

**هێزی دیبلۆماسی تورکیا و سیاسەتی ئاشتیخوازانە و هاوکاریکردنی تورکیا بەهێزترە لەهێزی سەربازی ئەم وڵاتە لەم ساتەوەختەدا**



**گۆڕینی هەڵوێست و تێڕوانینەکان لەئاست تورکیادا لەسەر ئاستی جیهان، ئایا پیادەکردنی سیاسەتی کرانەوە لەلایەن ئەردۆگانەوە نابێتەهۆی ئەوەی هیچ کۆسپێك نەمێنیت لەبەردەم بوونی تورکیا بەئەندامی یەکێتی ئەورووپا؟**

- بە داخەوە لێدوانەکانی سەرۆکی فەڕەنسا، نیکۆلاس سارکوزی و ڕاوێژکاری ئەڵمانیا ئەنجیلا مێرکل بوونەهۆی خاوکردنەوەی حەماس و پەرۆشی تورکیا لەئاست بوونە ئەندام لەو یەکێتییەدا. هەرچۆنێك بێت سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بەسەرکردایەتی داوود ئۆغڵۆ و بەپشتیوانی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان و سەرۆك کۆمار عەبدوڵا گویل سیاسەتێکی سەربەخۆو خاوەن سەروەریە، واتە ڕاستە تورکیا هەوڵەکانی بە ئاڕاستەی ئەورووپادا خستەگەڕ، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەمە بەو مانایە نەهات کەنابێت تورکیا پەیوەندی باشی هەبێت لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکانی باشوور و باکوری وڵاتەکەی هەبێت، مەبەستم ئەوەیە تورکیا لەسیاسەتی دەرەوەیدا زیاتر سیاسەتێکی سەربەخۆ پیادە دەکات، نەك پشت بە لایەن و دەوڵەتێکی دیاری کراو ببەستێت. سیاسەتی تورکیاش لەم ناوچەیەدا بریتییە لەپەرەپێدانی ئاشتی و سەقامگیری و چارەسەرکردنی کێشەکان. لەلایەکی دیکەوە ئەگەر لە کارنامە و خشتەی سەردان و کۆبونەوەکانی وەزیری دەرەوە و سەرۆکی تورکیا بڕوانیت، ئەو واقیعەت بۆ دەردەکەوێت کە تا چ ڕاددەیەك سیاسەتی تورکیا کاریگەرە نەك تەنها لەسەر ئاستی ناوچەکە، بەڵکو لەسەر ئاستی تێکڕای سیاسەتی جیهانیش.

*** ئەو تێڕوانینە لەئارادایە کەدەبێت تورکیا هەڵبستێت بەپەرەپێدان و بەهێزکردنی پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکان لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا کە پێشتر بەشێك بوون لەئیمپراتۆریەتی عوسمانی بۆئەوەی ڕۆڵێکی کاریگەرتر ببینێت لەیەکێتی ئەورووپادا، ئایا بەتێڕوانینی ئێوە پێویستناکات تورکیا هەڵبستێت بەدووبارە بنیاتنانەوەی ئەم پەیوەندییە دێرینانە؟**

- تورکیا پەیوەندی کەلتوری، مێژوویی، ئاینی و تەنانەت زمانەوانیشی هەیە لەگەڵ هەندێ لە دەوڵەتانی ناوچەکەدا، بۆ نموونە من لەهەولێر بووم و کەسانێك هەبوون لەو شارەدا بەتورکی قسەیان دەکرد، بەهەمان شێوە لەسوریاشدا کەسانێك هەن بەتورکی قسە دەکەن. بەدڵنیاییەوە زۆرێك لەم وڵاتانە بەشێك بوون لەئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لەڕابردوودا، بەڵام ئێمە پەیوەندی باشمان لەگەڵ ئەو وڵاتانەشدا هەیە کە بەشێك نەبوون لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، بۆنموونە لەگەڵ ڕوسیا، لەگەڵ باشورو ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئەفریقیادا، بەهەمان شێوە لەگەڵ وڵاتانی ئەمەریکای لاتیندا، هەروەها لەگەڵ وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاستدا کەبەشێك بوون لەئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، کەواتە ئەوە لێکدانەوەیەکی ڕاست و دروست نییە کەهەندێ کەس ئەم سیاسەت و کاریگەرییەی تورکیا بەعوسمانییەتی نوێ، یان زیندووکردنەوەی عوسمانییەت لەقەڵەم دەدەن، تورکیا پەنا بۆ پیادەکردن و بەکارهێنانی هێزو دیبلۆماسیەتی نەرم دەبات بۆپەرەپێدانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکەدا، بەڵام ئەمە بەمانای ئەوە نایەت تورکیا هەوڵی زیندوکردنەوەو دروستکردنەوەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی دەدا، بەڕێز ئۆغڵۆ لەهەولێر ئەوەی ووت کەدەبێت سنوورەکان بمێنن،بەڵام دەبێت ئەوەش مومکین بێت خەڵکی شارەکانی هەولێرو سلێمانی و دهۆك بتوانن هات و چۆی شارەکانی تورکیا بکەن، بەهەمان شێوە خەڵکی شارەکانی تورکیاش بتوانن سەردانی ئەم شارانەو شارەکانی دیکەی



عێراق بکەن، من لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کەپەرەپێدان و پێشخستنی ئەم پەیوەندییانە تەنها لەبەرژەوەندی تورکیادا نییە، بۆنموونە بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئێراندا، بەهەمان شێوەی تورکیا لەقازانج و بەرژەوەندی ئێرانییەکانیشدایە، باشتربوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ باکووری عێراقدا لەبەرژەوەندی تورکیاو خەڵکی ئەم ناوچەیەشدایە، کەواتە مەسەلەکە سەرهەڵدانەوەی ئیمپراتۆرییەتی ڕابردوو نییە، هێندەی ئەوەی مەسەلەکە بریتییە لەسەرهەڵدانی بارودۆخ و قۆناغێکی نوێ کە تێیدا تورکیا کارو کۆشش دەدات بۆ هێنانەدی سەقامگیری و ئاشتی و پەرەپێدانی پێکەوەژیانی ئاشتیانە و هاوبەش لەڕێی گفتوگۆو هاوکاریکردنی یەکترییەوە.

*** لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئەوەی بەدی دەکەین دوای وەرگرتنی دەسەڵات لەلایەن باراك ئۆباماوەوە تورکیا گۆڕانکاری بەخۆوە بینیوە، ئایا پێتوایە باراك ئۆباما پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەمەریکای نوێکردۆتەوە، بەهەمانشێوە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و وڵاتە ئەوروپییەکانیش؟**

- من هاوڕانیم لەگەڵ ئەو لێکدانەوەیەدا کە کرانەوەی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا گرێدەداتەوە بەگرتنەدەستی جڵەوی سەرۆکایەتی ئەمەریکا لەلایەن ئۆباماوە، چونکە واقیعەکە ئەوەیە ئۆباما لەساڵی ٢٠٠٨دا سەرۆکایەتی گرتەدەست، لەکاتێکدا چەند ساڵ پێشتر تورکیا پەرەی بەکرانەوەی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەیدا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەش شتێکی ڕاست و دروستە بڵێین لەدوای هاتنی ئۆباماوە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پتر لێکنزیکبوونەتەوە، بۆ نموونە بەپێچەوانەی سەردەمی بۆشەوە، حاڵی حازر تورکیا دەتوانێت لەچەندین کەناڵەوە کاریگەربێت لەسەر سیاسەت و بیروبۆچوونی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەوڵوێست و سیاسەتی ئەمەریکا لەئاست ئەم ناوچەیەدا.

*** ئایا داهاتووی پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان چۆن دەبینیت، بەتایبەتی ئێمە چاوەڕێی کردنەوەی کونسوڵخانەی تورکیا دەکەین لەهەولێر؟**

- دەبێت ئەوە بزانین هەرێمی کوردستان ئیدارەیەکی فیدراڵییە، نەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ، لەبەر ئەوە ناتوانرێت باڵیۆز لەم هەرێمەدا بکرێتەوە، چونکە ناکرێت هەرێمێکی فیدراڵی خاوەنی نوێنەرایەتی دیبلۆماسی تایبەتی بەخۆی بێت. بەڵکو ئەوەی بەڕێز داود ئۆغلۆ بەڵێنیدا کردنەوەی کونسوڵگەری تورکیا بوو لەهەولێر بەچەشنی ئەوەی لەموسڵ و بەسرەدا بوونی هەیە. ڕۆڵی ئەم قونسوڵگەرییەش پەرەپێدان و پێشخستنی پەیوەندییەکان دەبێت، کە دەکرێت دواتر لەشارێکی وەك سلێمانیشدا بەهەمان شێوە بکرێتەوە.

*** دوا وتەت چییە؟**

- لەڕاستیدا کورد و تورکەکان لەڕووی مێژوویی، کەلتووری و ئاینییەوە بران، کەدەبێت هەردوولا کار بۆ ڕاماڵین و نەهێشتنی ئاستەنگەکانی بەردەم بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانیان بکەن، من پێموایە کۆسپی سەرەکی بوونی پەکەکەیە لەباکووری عێراقدا، کەواتە ئێمە وەك تورك چاوەڕێ دەکەین هەروەك بارزانی بەڵێنی داوە کەبرا کوردەکانمان پشتیوانی هەوڵەکانی چارەسەرکردنی کێشەی کورد بکەن، تکای ئێمە ئەوەیە هەر کاریگەرییەك و دەسترۆیشتوویەك کەهەتانە بەئاراستەی ئیجابیدا بەکاری بهێنن بۆ یارمەتیدانی حکومەتی تورکیا بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە لەناو تورکیادا.

**بەهۆی گرتنەبەری سیاسەتەکەی داوود ئۆغلۆ کە بریتییە لەسیاسەتی «نەبوونی هیچ کێشەیەک» لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکاندا تورکیا پەیوەندی باشی هەیە لەگەڵ ئەم دەوڵەتانەدا، لەنێویاندا هەرێمی کوردستانی عێراق**



سامی کۆهێن ڕۆژنامەنووس و ستوونووسی ڕۆژنامەی میللیەت بۆ گوڵان:

# کێ ساڵێک پێش ئێستا مەزندەی دەکرد دەرەوەی تورکیا و سـەرۆکی



**تورکیا هەوڵی ئاساییکردنەوە و پەرەپێدانی پەیوەندیەکانی دەدات لەگەڵ تێکڕایی دەوڵەتانی ناوچەکەدا، ئەمەش لەچوارچێوەی دروشم و ستراتیژییەکەی داود ئۆغلودا دێت کە بریتیە لەنەبوونی هیچ کێشەیەک لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکاندا**

# کـــۆبونەوەی دۆستانە لەنێوان وەزیری هەرێمی کوردستان گرێبدرێت



گرنگ ئەوەیە گفتوگۆ دەستی پێکردووە و لەم چوارچێوەیەشدا پەیوەندیکردن دروستدەبێت، وەک ئاڵوگۆڕی کولتووری، گرێبەستی کار و ئاڵوگۆڕی سەردانەکان، ئەمەش پێیدەوترێت ئاساییکردنەوەی پەیوەندیەکان

**سامی کۆهین لەگەڵ ئەوەی بەرەگەز تورك نییە، بەڵام لەسییەکانی سەدەی رابردووە و دوای ئەوەی باوکی بۆ کاری دیپلۆماتی دێتە تورکیا و لەتورکیا دەژی و ئێستا وەك یەکێك لەرۆژنامەنووسە باش و بەناوبانگەکانی تورکیا لەسەر ئاستی ناوخۆی جیهان و تورکیا سەیردەکرێت، کۆهین کە ستوونوسی رۆژنامەی بەناوبانگی میللیەتی تورکیایە و بەزمانی تورکی دەنووسێت، بەڵام زۆربەی ستوونەکانی وەردەگێرین بۆ زمانی ئینگلیزی و بێجگە لەرۆژنامەی حوریەت دەیلی نیوز، لەزۆربەی ئەو رۆژنامانەش بڵاو دەکرێنەوە کە لەتورکیا بەزمانی ئینگلیزی دەردەچن، هەروەها کۆهین وەك شرۆڤەگەرێکی سیاسیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش ناسراوە و لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە وەك شرۆڤەوانێکی بەناوبانگی سیاسیی بیربۆچوونەکانی لەسەر پرسە گەرمەکان وەردەگیرێت و بڵاودەکرێتەوە، لەسەر ئاستی رۆژنامە گەورەو بەناوبانگەکانی جیهانیش کۆهین ئەو رۆژنامەنووسەیە کە زۆربەی رۆژنامەکان پەیوەندی پێوەدەکەن ستوونی تابەتیان بۆ بنووسێت، بۆ ئێمەش وەك گوڵان جێگەی خۆشحاڵیە کە ئەم رۆژنامەنووسە جیهانییە لەزۆربەی پرس و رووداوە گەرمەکاندا راوبۆچوونەکانی وەردەگرین و بەکوردی بەخوێنەرانی گوڵانی دەگەیەنین و ئەمجارەش لەسەر سەردانەکەی وەزیری دەرەوەی تورکیا بۆ هەرێمی کوردستان و ئایندەی پەیوەندیەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا، لەلێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە هاتە ئاخاوتن.**

ئیمبراتۆریەتی عوسمانی کۆتایهاتووە و لەناوچووە، تورکیا هیچ هەوڵێک بۆ زیندووکردنەوەی نادات، ئەوەی تورکیا کۆشش بۆ بەدەستهێنانی دەکات ئەوەیە پەرە بەپەیوەندیەکانی بدات لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێ دوور و نزیکەکانیدا

*** هاتنی وەزیری دەرەوەی تورکیا بۆ هەرێمی کوردستان، یەکێکە لەو رووداوانەی دەکرێت بەمێژوویی ناوی بنێن، بەرێزت وەك رۆژنامەنووسێکی دیاری تورکیا و شارەزا لەپێوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان تاچەند پێشبینی ئەم گۆڕانکاریەت کردبوو؟**

- بەرەوپێشچونی گرنگ ڕوویداوە، سەردانی ئەم دواییەی وەزیری دەرەوەی تورکیاش بۆ هەرێمی کوردستان هەنگاوێکی گرنگ بو بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندیەکانی نێوان هەردوولا، من لەوتارێکمدا لەمیللییەت باسم لەوەکردووە کە کێ ساڵێك پێش ئێستا تەسەوری ئەوەی دەکرد وەزیری دەرەوەی تورکیا بەیاوەری شاندێکی گەورە لەخاوەنکارەکان سەردانی هەرێمی کوردستان بکات و گفتوگۆی دۆستانە لەگەڵ بارزانی و سەرکردەکانی دیکەی هەرێمەکەدا بکات. ئەمە گۆڕانێکی گرنگ بوو لەپەیوەندیەکانی هەردولادا، ئەمە ڕووداوێکی گرنگە بۆ سەقامگیری ناوچەکە لەئایندەدا.

*** تورکیا ئەو هێزە ئیقلیمیە بوو کە بەهۆی پەنابردنی بۆ هێزی سەربازی بایەخێکی ئەوتۆی نەبوو، بەڵام لەوکاتەوەی تورکیا پەنای بۆ کرانەوە و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بەشێوازی دیپلۆماسی و سیاسیی دەدات، دەبینن، ئێستا تورکیا بۆتە دەوڵەتێکی دیکە و سەنگ و شکۆیەکی زیاتریشی هەیە، ئایا بەرێزت چۆن ئەم وەرچەرخانە لەسیاسەتی دەرەوەی تورکیا دەخوێنیتەوە؟**

- تورکیا هێزێکی ئیقلیمی بوو لەناوچەکەدا، بەڵام ئەوەی لەم چەند مانگەی دواییدا بەدی دەکەین چڕبوونەوەی هەوڵەکانی تورکیا بۆ بایەخدان بەکاروباری ناوچەکە، بۆ نموونە تورکیا هەوڵی ئاساییکردنەوە و پەرەپێدانی پەیوەندیەکانی دەدات لەگەڵ تێکڕایی دەوڵەتانی ناوچەکەدا، ئەمەش لەچوارچێوەی دروشم و ستراتیژییەکەی داود ئۆغڵودا دێت کە پێشتر پرۆفیسۆری زانکۆ بوو، کە بریتیە لەنەبوونی هیچ کێشەیەك لەگەڵ دەوڵەتە دارسێکاندا، هەر لەسەر ڕۆشنایی ئەم دروشمە تورکیا هەوڵی چارەسەرکردنی جیاوازیەکانی دا لەگەڵ وڵاتانی بولگاریا، یۆنان و وڵاتانی قەوقاز، هەروەها لەگەڵ ئێران و عێراق و سوریاشدا، واتە ئامانجی تورکیا ئەوەیە پەیوەندی باشی لەگەڵ تێکڕایی دەوڵەتە داورسێکانیدا هەبێت. ئەوەی پەیوەندی بەعێراقیشەوە هەبێت ئەوا بۆ ماوەی چەند ساڵێکە هەوڵی دروستکردنی پەیوەندیی باشتر دەدرێت و لەم چوارچێوەیەشدا چەندینجار بەرپرسانی هەردوو وڵات سەردانی یەکتریان کردووە، لەنێو ئەم هەوڵەکانەشدا پەیوەندی بەسەرکردە و بەرپرسانی هەرێمی کوردستانەوە کراوە، ئەمەش سەریکێشا بۆ دروستبوونی تێگەیشتنی باشتر کە دواتر بووەهۆی ئەوەی وەزیری دەرەوەی تورکیا سەردانی ئەو هەرێمە بکات کە ئەمەش یەکەم هەنگاو بوو و چاوەڕێ دەکرێت هەنگاوی دیکەی بەدوادابێت، وەك کردنەوەی کونسوڵگەری تورکیا لەهەولێر، هەروەها پێشبینی چڕبوونەوەی ئەم پەیوەندیانە دەکرێت لەئایندەدا، بۆ نموونە کۆنفرانسێك لەئیستانبول لەتورکیا سازکرا لەسەر پەیوەندیی تورکیا و کوردستان کە کۆنفرانسێکی نارەسمی بوو لەلایەن ڕێکخراوە ناحکومیەکانەوە ئامادەکرا و کەسایەتی گرنگیش لەهەرێمی کوردستانەوە ئامادەی بوون، کەواتە چاوەڕێ دەکرێت لەئایندەدا ئەم پەیوەندی و هاوکاریانە زیاتر بەرەو پێشەوە بچن لەبوارە جیاوازەکاندا، وەك وەبەرهێنان و بواری وزە و پرسی ئاسایش کە نیگەرانی سەرەکی تورکیایە. هەروەها پەیوەندیە سیاسیەکانیش.

*** دوای سەردانەکەی وەزیری دەرەوەی تورکیا بۆ هەرێمی کوردستانن نیچیرڤان، بارزانی سەرۆکی پێشووی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی تورکیای کرد، ئایا ئەم ئاڵوگۆڕکردنی سەردانانە دەبنەهۆی ئەوەی پەیوەندیەکانی هەردوولا بچنە قۆناخێکی دیکەوە؟**

- هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد سەردانی وەزیری دەرەوەی تورکیا یەکەم هەنگاوی گرنگ بوو، کە چاوەڕی دەکرێت هەنگاوی زیاتر هەڵبگیرێت لەلایەن هەردوولاوە لەئایندەدا، پێشبینی دەکرێت لەمانگەکانی داهاتوودا سەردانی زیاتر ئەنجامبدرێت لەسەر ئاستی باڵا لەلایەن هەردوولاوە. گرنگ ئەوەیە گفتوگۆ دەستی پێکردووە و لەم چوارچێوەیەشدا پەیوەندیکردن دروستدەبێت، وەك ئاڵوگۆڕی کولتووری، گرێبەستی کار و ئاڵوگۆڕی سەردانەکان، ئەمەش پێیدەوترێت

ئاســـاییکردنەوەی پەیوەندیەکان، کە پێشتر بەهۆی بوونی پەکەکە و پرسی ئاسایشەوە ئـــەم پەیوەندیانـــە بوونیان نەبـــوو، یاخود هەندێجار پەیوەندیەکی پڕ لەگرژی بوون، ئێســـتا بەهۆی تێگەیشتنی باشتر لەسەر ئەم مەســـەلانە، بەتایبەتی لەسەر پرسی ئاســـایش. هەلومەرجەکـــە باشـــتر بووە. ئەمەش ڕێگای خۆشـــکرد بۆ پرۆسەی ئاساییکردنەوە.

*** بابێنە سەرباســـی خەونی لەمێژینەی تورکیا کە ئەویـــش ئەندامیەتی تورکیایە لەیەکێتی ئەورپادا، ئـــەوەی ئێمە تێبینی دەکەین ئەوەیە، ئەم سیاسەتە تازەی دەرەوەی تورکیا خزمەتێکی گەورە بەنزیکبوونەوەی تورکیا لەیەکێتی ئەورپا دەکات، پرسیاری من ئەوەیـــە ئایا ئەم سیاســـەتە تازەیەی دەرەوەی تورکیا تەنها بـــۆ نزیکبوونەوەیە لەیەکێتـــی ئەورپـــا یان ئـــەوە قەناعەتی حکومەتی تورکیایە بـــۆ گرتنەبەری ئەم سیاسەتە تازەیە؟**

- ئەوەی تورکیا هەوڵی هێنانەدی دەدات، گرتنەبەری سیاسەتێکی دەرەکی فرەڕەهەندە، بۆ نموونە تورکیا پەیوەندی باشی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوادا هەبوو، وەك ئەمەریکا و وڵاتانـــی یەکێتـــی ئەوروپـــا، هەروەها ســـووربوو لەسەر ئەوەی وەك ئەندامێك لەو یەکێتیەدا وەربگیرێت، بەڵام ئەمە ڕێگەی لێنەگرت لەوەی هەڵبستێت بەخستەڕووی دەستپێشخەری و خستنەگەڕی هەوڵەکانی بـــۆ باشـــترکردنی پەیوەندیەکانی لەگەڵ دەوڵەتەکانی دیکەدا، واتە ئێستاش تورکیا پەرۆشی بەدەستهێنانی ئەندامێتی تەواوی یەکێتـــی ئەوروپایـــە و وەك هاوپەیمانێتی جیهانی ڕۆژئـــاوا دەمێنیتەوە و ئەندامی ناتۆیە و دڵسۆزە لەئاست ئەو پەیوەندیانەدا، بەڵام ئەمە نەبۆتە ڕێگـــر لەوەی تورکیا پەرە بەپەیوەندییەکانی بدات لەگەڵ وڵاتە دوور و نزیکەکانـــی ناوچەکەدا، وەك ئێران و ســـوریا و عێراق، لەعێراقیشـــدا لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردســـتان، هەروەها وڵاتانی ئاســـیای ناوەڕاست، کە سەرۆك وەزیرانـــی تورکیا ســـەردانی وڵاتانی ئەم ناوچەیەی کرد، واتە تورکیا سوورە لەسەر بەدەستهێنانی ئەندامێتی یەکێتی ئەوروپا و پاراستنی پەیوەندیەکانی لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپا و مانـــەوە وەك هاوپەیمانێکی ئەو وڵاتانە، واتە بەردەوام دەبێت لەپرۆســـەی پەرەپێدانی پەیوەندیەکانی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئـــاوا، بـــەڵام لەهەمانکاتـــدا پـــەرە بەپەیوەندیەکانیشی دەدات لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا.

*** ئـــەو تێڕوانینە لەئارادایـــە کە دەبێت تورکیا هەڵبستێت بەپەرەپێدان و بەهێزکردنی پەیوەندییـــە ئابـــووری و بازرگانیـــەکان لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا کە پێشتر بەشێکبوون لەئیمبراتۆریەتـــی عوســـمانی بۆ ئەوەی ڕۆڵێکـــی کاریگەرتر ببینێـــت لەیەکێتی ئەوروپـــادا، ئایـــا بەتێڕوانینـــی ئێـــوە پێویســـتناکات تورکیا هەڵبستێت بەدووبارە بنیاتنانەوەی ئەم پەیوەندیە دێرینانە؟**

- ئیمبراتۆریەتی عوســـمانی کۆتایهاتووە و لەناوچـــووە، تورکیا هیـــچ هەوڵێك بۆ زیندووکردنـــەوەی نادات، ئـــەوەی تورکیا کۆشش بۆ بەدەســـتهێنانی دەکات ئەوەیە پەرە بەپەیوەندیەکانی بدات لەگەڵ دەوڵەتە دراوســـێ دوور و نزیکەکانیـــدا، یەکـــەم لەبەرئەوەی بوونی پەیوەندی باش لەگەڵ ئـــەم دەوڵەتانەدا دەرئەنجام و ڕەنگدانەوەی باشـــی دەبێت، دووەم لەبەرئـــەوەی ئەمە ناوچەیەکی گرنگە، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەی قەوقاز ناوچەی سەرچاوەکانی وزەن. ئامانجـــی تورکیـــا زیندوکردنەوەی ئیمبراتۆریەتی عوسمانی نییە، واتە تورکیا هەوڵـــی زیندوکردنەوەی ڕابـــردوو نادات، تورکیا کار بۆ ئایندە دەکات، بۆ هێنانەدی هاوکاری و دروســـتکردنی پەیوەندی باش لەگـــەڵ دەوڵەتانی ناوچەکـــەدا کە ئەمە خزمـــەت بەبەرژەوەندیـــە هاوبەشـــەکانی هەردوولا دەکات.

*** هەندێـــك چاودێـــری سیاســـیی ئەم گۆڕانکاریانـــەی لەسیاســـەتی دەرەوەی تورکیا هاتوونە ئاراوە، بەجۆرێك لەجۆرەکان گرێدەداتەوە بەبوونی ئۆباما بەســـەرۆکی ئەمریـــکا، ئایا بەڕێزت هاتنـــی ئۆباما بەکاریگەر دەبێت لەسەر ئەم گۆڕانکاریانەی تورکیا؟**

- مەسەلەکە ئەوە نییە تورکیا لەدوای هاتنی ئۆبامـــاوە گۆڕانکاری بەســـەرداهاتووە، واقیعەکـــە ئەوەیە وڵاتـــە یەکگرتووەکانی ئەمەریـــکا گـــۆڕاوە لەدوای دەســـەڵات گرتنەدەستی ئۆباماوە، بۆ نموونە ئۆباما بەڵێنـــی گۆڕانکاریـــدا لەهەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا، دوای دەستبەکاربوونیشـــی گۆڕانـــکاری لەسیاســـەتی ئابووری و کاروبارە ناوخۆییەکاندا کرد، بەهەمانشێوە ئاڵوگـــۆڕی لەسیاســـەتی دەرەوەی ئەمەریکاشـــدا دروســـتکرد، بەهەمانشێوە تێڕوانین و تێگەیشـــتنی ئیدارەی ئۆباما لەئاســـت جیهانـــی ئیســـلامیدا جیاوازە بەبـــەراورد بەتیگەیشـــتن و هەڵوێســـتی ئیـــدارەی بوش. بـــەڵام دەکرێـــت بڵێین سیاســـەتی دەرەوەی ئەمەریـــکا نزیکـــە لـــەو هێـــڵ و چەمکانەی سیاســـەتی دەرەوەی تورکیـــای لەســـەر بیاتنراوە، بۆ نموونە سیاســـەتی دەرەوەی هەردوولا لەو خاڵەدا یەکدەگرنەوە کە دەبێت ئاشـــتی و ســـەقامگیری لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بهێنرێتەدی، جیـــاوازی و ناکۆکیی نێوان دەوڵەت و لایەنە جیاوازەکان یەکلابکرێنەوە، هـــەر ئەمەش هـــۆکاری ئەوەیـــە تورکیا هەوڵی لێکنزیکردنەوەی لایەنە فەڵەستینیە جیاوازەکان دەدات لەیەکتری، بەهەمانشێوە فەڵەستینی و ئیســـرائیلییەکان، هەروەها ئیسرائیل و ســـوریا، ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبـــی، هەروەهـــا کۆشـــش دەکات بۆ لێکنزیککردنـــەوەی لایەنـــە جیاوازەکانی عێراق بۆئەوەی گفتوگۆ و بکەن و بگەنە ڕێککەوتنێکـــی هاوبـــەش، وەك ســـوننە شـــیعەکان، کورد و عـــەرەب، لەلایەکی دیکـــەوە کار بـــۆ لێکنزیکردنەوەی لایەنە جیاوازەکانی لوبنانیش دەکات. واتە تورکیا بۆ هێنانەدی ئامانجی ســـەقامگیری و ئاشـــتی لە ناوچەکەدا ڕۆڵێکی چالاکی میانگیری دەبینێت.

*** ئایـــا داهاتووی پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردســـتان چـــۆن دەبینیت، بەتایبەتـــی ئێمـــە چاوەڕێـــی کردنەوەی کۆنسوڵگەری تورکیا دەکەین لەهەولێر؟**

- کردنـــەوەی کونســـوڵگەری تورکیـــا لەهەولێـــر دەبێتە یەکێکی دیکە لەهەنگاوە ڕەمزییەکان بۆ بنیاتنانی ئەو پەیوەندیەی هەوڵی دروســـتکردنی دەدرێـــت لەنێوان تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، هەروەك پێشـــتر ئاماژەم پێکرد ئەمە تەنها سەرەتایەکە و ئەمە ڕێگەیەکی دووروودرێژە. دەبێت کۆششی زیاتر بکرێت بۆ دروستکردن و بنیاتنانی متمانـــە لەنێوان هەردوولادا، لەبەرئـــەوەی لەڕابـــردودا پەیوەندییەکان بەهـــۆی ڕووداوە جیاوازەکانەوە پچڕابوون. ئێســـتا ئومێدی ئەوەیە هەیە کە سەرەتای کرانـــەوەی تورکیا دەســـتی پێکـــردووە و ئەگەری هاتنەدی پەیوەندی باش لەنێوان تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردســـتاندا لەئارادایە.

**مەسەلەکە ئەوە نییە تورکیا لەدوای هاتنی ئۆباماوە گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە، واقیعەکە ئەوەیە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا گۆڕاوە لەدوای دەسەڵات گرتنەدەستی ئۆباماوە**





گوڵان
ژمارە (٧٥٦)
٢٠٠٩/١١/٩

دۆگۆ ئیرگل ئەکادیمست و ستوونووسی تودەی زەمان بۆ گوڵان:

# گەڕاندنەوەی سوپا بۆ سەربازگەکان بەمانای ئاساییبوونەوەی سیستەمی سیاسی وڵات و بەرەوپێشچوونی دیموکراسی و بەهێزبوونی باسکی حکومەتی مەدەنی دێت

پرۆفیسۆر دۆگۆ ئیرگل ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی ئەنقەرەو پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر کێشەی کورد لەتورکیا و یەکێك لەکتێبەکانی بەناونیشانی (کێشەی کوردە لەتورکیا) و بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی کێشە کۆمەڵایەتییەکانە و یەکێکە لەو ئەکادیمستیانەشی کە بەردەوام لەسەر رووپەری رۆژنامەکان ئامادەبوونی هەیە و یەکێکیشە لەستوونووسە دیارەکانی رۆژنامەی تودەی زەمانی تورکی کە لەتورکیا بەزمانی ئینگلیزی دەردەچێت و زۆربەی نووسینەکانیشی تایبەتن بەکێشەکانی «کورد لەتورکیا و پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستان» بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە گرنگەو گۆڕانکارییەکانی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا، پرۆفیسۆر ئیرگل بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.



فۆتۆ: AKnews

*** بۆچی سەردانی بەڕێز داودئۆغلۆ بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق بەهەنگاوێکی مێژوویی هەژمار دەکرێت، ئایا جیاوازی ئەم سەردانە لەچیدایە؟**

- دوای سەردانەکەی وەزیری دەرەوەی تورکیا بۆ هەرێمی کوردستان، ئەو ڕاستییە روونبووەوە کە سەرەڕای ئەوەی هەرێمی کوردستان بەشێکە لەکۆماری عێراق، بەڵام لەهەمان کاتدا دەتوانێت ڕۆڵێکی تایبەتی ببینێت. ئێمە دەزانین قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەنێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا گەیشتۆتە



٦ ملیار دۆلار و لەڕاستیدا لەسەدا ٧٠ی پرۆژەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن بازرگان و خاوەنکارەکانی تورکیاوە ئەنجام دەدرێن، بەو شێوەیە دەبینین هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی ڕوو لەزیاد دەبێتە بەشێك لەئابووری تورکیا بەهەمانشێوە تورکیاش دەبێتە بەشێك لەئابووری ئەم هەرێمە، بەو پێیە سنوورەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە تەنها دەبنە سنورێکی سیاسی لەسەر نەخشە، واتە بەردەوامبوونی ئەم پەیوەندییانە و ئاڵوگۆڕی کولتووری دەبنەهۆی ئەوەی پەیوەندی باشتر لەنێوان خەڵکی هەردوولادا بێتەدی.

*** لەوانەیە کاتی ئەوە هاتبێت زیاتر راشکاوانە لەگەڵ یەکتری بدوێن، ئاشکرایە لەسەرەتای دروستبوونی کۆماری تورکیا، تورکیا سوپاکەی بەهەموو شتێك زانیووە سوپاکەی بەکلیلی چارەسەری هەموو کێشەکان زانیووە، بۆیە ئێستا کە دەبینن حکومەتی تورکیا بێجگە لەسوپا و چارەسەری سەربازی رێگەی دیکە دەگرێتەبەر هەست بەوەرچەرخانێکی گەورە دەکەین، ئایا بەڕێزت چۆن ئەمە دەخوێنیتەوە؟**

- هەمیشە تورکەکان شانازیان بەسوپا و دامەزراوەی سەربازی وڵاتەکەوە کردووە، بەڵام ئەوەی ئەو ڕاستییەیان لەبەرچاو نەدەگرت کە سوپای تورکیا تەنها وەك دامەزراوەیەکی سەربازی کاری نەدەکرد، بەڵکو دەستێوەردانی لەژیانی سیاسی رۆژانەی تورکیادا دەکرد، کۆنترۆڵی پرۆسەی بڕیاردانی کردبوو، هەروەها ئاڕاستەی سیاسەتی تورکیای دیاری دەکرد، ئەمەش ڕێی لەگەشەکردنی تورکیا دەگرت لەڕووی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە. ئەمەش بەپێی ستانداردی جیهانی دەبێتە دەوڵەتێکی شمولی نەك دیموکراتی، کەواتە کۆتایی هێنان بەم حاڵەتە و گەڕاندنەوەی سوپا بۆ سەربازگەکان بەمانای ئاسایی بوونەوەی سیستمی سیاسی وڵات و بەرەوپێشچوونی دیموکراسی و بەهێزبوونی باسکی حکومەتی مەدەنی دێت بۆ پێشخستن و خستنەگەڕی هەوڵە دیبلۆماسییەکان بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەو وڵاتانەی پێشتر لەلایەن سوپاوە بەئاستەنگێك دادەنران، وەك سوریا، ئێران و عێراق، بەڵام ئەمە دەستی واڵاکرد بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییە دیبلۆماسی و سیاسییەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی دەورووبەردا.

*** ئەگەر حکومەتی تورکیا بەردەوام بێت لەسەر ئەم ڕەوتە، هەڵوێست و تێڕوانینەکان لەئاست تورکیادا لەسەر ئاستی جیهانیش دەگۆڕێت، ئایا پیادەکردنی سیاسەتی کرانەوە لەلایەن ئەردۆگانەوە نابێتەهۆی ئەوەی هیچ کۆسپێك نەمێنێت لەبەردەم بوونی تورکیا بەئەندامی یەکێتی ئەورووپا؟**

- دەبێت تورکیا لەم چوارچێوەیەدا کار بۆ باشترکردنی ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ، دیموکراسی و مافی کەمینەکان بکات، هەروەها دەبێت بایەخ بەدابینکردن و پاراستنی ئازادی ڕادەربڕین، کۆبونەوە و ئازادی ئابووری بدات، واتە ئەگەر تورکیا بتوانێت بەرەوپێشچوون لەم بوارانەدا بهێنێتەدی ئەوا دەتوانێت ئاستی بەرەوپێشچوون و گەشەکردنی خۆی لەئاست هەندێ لەو وڵاتانەش تێپەڕێنێت کە بوونەتە ئەندامی یەکێتی ئەورووپا، وەك ڕۆمانیا و بولگاریا، کە ئەم دوو وڵاتە ئاستی پێشکەوتن و گەشەکردنیان لەئاستی تورکیادا نییە بەڵام هۆکاری بوونە ئەندامیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەپێچەوانەی تورکیاوە کە دوو دەسەڵات لەئارادابوو، دەسەڵاتی سەربازی و مەدەنی، ئەوا هیچ ناکۆکییەك لەنێوان نوخبەکانی ئەو وڵاتانەدا بوونی نەبوو لەسەر ئامانجی بوونە ئەندام لەیەکێتی ئەورووپادا، هەروەها جارێکی دیکە بەپێچەوانەی تورکیاوە ئەم دوو وڵاتە بەرهەڵستی هیچ پێوەرو داواکارییەکیان نەکرد کە مەرج بوون بۆ بوونە ئەندام لەو یەکێتییەدا، ئێستا ئومێدی ئەوە هەیە کە تەنها دەسەڵاتێك لەتورکیادا هەبێت و کار بۆ ئەم ئامانجە بکات.

*** ئێمە دەزانین لەم ساتەوەختەدا تورکیا**

**ئەگەر وڵاتێك کێشەی ناوخۆیی نەبێت، ئەوا مەترسی و نیگەرانی نییە لەوەی دەوڵەتانی دیکە هەوڵی کاریگەربوون و دەستێوەردان بدات لەکاروبارە ناوخۆییەکاندا**

**هیچ دەوڵەتێکی دراوسێ بەدوژمن نازانێت، واتە ئۆباڵی کێشە ناوخۆییەکانی ناخاتە ئەستۆی دەوڵەتە دراوسێکانی، ئایا ئەمە ڕەنگدانەوەی خواستی تورکیایە بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانی لەنێوانیاندا کێشەی کورد؟**

- ئەگەر وڵاتێك کێشەی ناوخۆیی نەبێت، ئەوا مەترسی و نیگەرانی نییە لەوەی دەوڵەتانی دیکە هەوڵی کاریگەربوون و دەستێوەردان بدات لەکاروبارە ناوخۆییەکاندا، بەپێچەوانەوە هەمیشە دەوڵەتە دراوسێکان وەك ڕکابەر و ململانێکار و هەندێکجار وەك دوژمنیش سەیر دەکات. لەرابردوودا تورکیا بەو شێوەیە لەعێراق و بەتایبەتی لەهەرێمی کوردستانی دەڕوانی کەئەگەری ئەوەیان لێدەکرێت ببنە هاوپەیمانی یاخیبووە کوردەکانی تورکیا، بەڵام هەرێمی کوردستان سەلماندی هیچ پەیوەندییەکی بەیاخیبوونی کوردەکانی تورکیاوە نییە، هەروەها هانی کوردەکانی ئەو وڵاتە نادات بۆ ئەوەی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا یەك بگرن و تورکیا پارچە پارچە بکەن، کەواتە تاوەکو تورکیا زیاتر کێشە ناوخۆییەکانی چارەسەربکات، ئەوا وەك دوژمن لەدەوڵەتە دراوسێکانی ناڕوانێت.

*** هەرچەندە چاوەڕوانی سەردانی وەزیری دەرەوەی تورکیا دەکرا بۆ هەرێمی کوردستان، بەڵام بەسەردانێکی دەگمەن دانرا، پرسیارەکە ئەوەیە تاچ ڕادەیەك ئەم سەردانە بەگرنگ دادەنرێت بۆ ئایندەی پەیوەندییەکانی تورکیاو هەرێمی کوردستان؟**

- حکومەت و دامەزراوەو سەرکردەکانی تورکیا بەو شێوەیە لەهەرێمی کوردستان ناڕوانن کەئەگەری ئەوەی لێدەکرێت ببێتە دوژمنی تورکیا و پشتیوانی پەکەکە بکات و هانی یاخیبوون بدات لەتورکیادا، خۆشبەختانە سەرکردەکانی تورکیا ئەو ڕاستییە دەزانن کەدەکرێت هەرێمی کوردستان ببێتە شەریکێك لەچارەسەرکردنی ئەم کێشانەدا. ئەمە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم ئەوەیە تاوەکو شەراکەتی نێوان تورکیا و عێراق بەردەوام بێت تورکیا دەتوانێت کار بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردی وڵاتەکەی بکات. خاڵی سێیەم ئەوەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێکە لەعێراق و هەر بەو شێوەیەش دەمێنێتەوە، ئەمەش بەو مانایە دێت کە هەرێمی کوردستان دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لەسەقامگیرکردنی عێراق، سەقامگیری عێراقیش دەبێتەهۆی سەقامگیری تورکیا، کەواتە تێگەیشتن لەم سێ فاکتەرە، بوونەهۆی ڕەوەندانەوەی نیگەرانی تورکیا و سەریان کێشا بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ڕەوتێکی خێرا بەرەو پێشەوەبچن.

*** خەڵکی کوردستان بەتەقدیرەوە لەسەردانی وەزیری دەرەوە و وەزیری بازرگانی و شاندی پیاوانی کاری تورکیا دەکەن، هەروەها ئێمە پێمان وایە تورکیا شایستەی ئەوەیە ڕۆڵێکی باشتر و کاریگەری ببینێت لەناوچەکەدا، بە چەشنی ڕۆڵی یابان لەرۆژهەڵاتی ئاسیادا، تێڕوانین و بۆچوونی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

- تورکیا کات و داهاتێکی زۆری تەرخانکرد بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، بەڵام هەردووکیان بەفیڕۆچوون، لەبەر ئەوەی ئەو مەنهەجەی بەکارهێنرا بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە هەڵەبوو، باجێکی گەورەش درا لەم ڕووەوە، داهاتێکی زۆر بە فیڕۆچوو، کاتێك زۆر بەهەدەر درا و ژیانی چەندین کەسیش لەناوبرا. ئەگەر ئەو داهاتەی بۆ هەڵمەتەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم و خەرجییە سەربازییەکان تەرخانکرا، بۆ گەشەپێدانی تورکیا بخرایەتەگەڕ، ئەوا ئێستا دەگەیشتە ئاستی وڵاتێکی وەك ئیسپانیا، مەبەستم ئەوەیە بەئاسانی لەیەکێتی ئەورووپادا قبوڵدەکرا وەك ئەندام. ئێستا بەچارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بەیارمەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەتوانێت لەماوەیەکی کورتدا کێشەکە چارەسەربکات کە کاریگەری ئیجابی دەبێت لەسەر سەقامگیری و گەشەکردنی ناوچەکە.

*** ئەو تێڕوانینە لەئارادایە کە دەبێت تورکیا هەڵبستێت بەپەرەپێدان و بەهێزکردنی پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکان لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا کە پێشتر بەشێك بوون لەئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بۆ ئەوەی ڕۆڵێکی کاریگەرتر ببینێت لەیەکێتی ئەورووپادا، ئایا بەتێڕوانینی ئێوە پێویست ناکات تورکیا هەڵبستێت بەدووبارە بنیاتنانەوەی ئەم پەیوەندییە دێرینانە؟**

- لەڕاستیدا سەرەڕای ئەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هەڵوەشێنراوەتەوە، بەڵام درێژبونەوەیەکی کەلتوری لەئارادایە لەگەڵ ئەو وڵات و ناوچانەی پێشتر لەژێر دەسەڵاتی تورکەکاندا بوون، بەڵام نابێت ئەمە ببێتەهۆی دووبارە زیندوکردنی ئامانجی دروستکردنەوەی ئیمپراتۆریەتی ڕابردوو، بەڵکو دەبێت ببێتە هاندەرێك کە ئێمە شەریکین و دەرفەتگەلێك لەئارادایە کە دەبێت بەهاوبەشی سوودیا لێوەرگرین.

*** ئایا پێت وایە باراك ئۆباما پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەمەریکای نوێکردۆتەوە، بەهەمان شێوە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و وڵاتە ئەورووپییەکانیش؟**

- هەڵبژاردنی ئۆباما لەلایەن خەڵکی ئەمەریکاوە ڕاستکردنەوەی ئیختیاری پێشویان بوو بۆ جۆرج بوش، لەبەر ئەوەی بوش بەکێشە سەربازیی و ئابوورییەکانی زیانێکی زۆر بەئەمەریکا گەیاند و تەنانەت بووەهۆی زیانگەیاندن بەسومعەی ئەو وڵاتە. باراك ئۆباما بەپێچەوانەوەی جۆرج بوشەوە پەنا بۆ هێزی نەرم دەبات، بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی لەڕێی هاوکاری و قەناعەتپێهێنانەوە، ئەمەش یارمەتی تورکیا دەدات کە هەمان شێواز بگرێتەبەر لەسیاسەتەکانی لەئاستی ئەمەریکا و لەئاستی وڵاتانی ناوچەکەدا کە نەك تەنها دەوڵەتی دراوسێی تورکیان، بەڵکو ئەگەری ئەوەیان لێدەکرێت ببنە شەریکێکی ئابووری و سیاسی تورکیا.

ئەگەر ئەو داهاتەی بۆ هەڵمەتەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم و خەرجییە سەربازییەکان تەرخانکرا، بۆ گەشەپێدانی تورکیا بخرایەتەگەڕ، ئەوا ئێستا دەگەیشتە ئاستی وڵاتێکی وەک ئیسپانیا

باراك ئۆباما بەپێچەوانەوەی جۆرج بوشەوە پەنا بۆ هێزی نەرم دەبات، بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی لەڕێی هاوکاری و قەناعەت پێهێنانەوە، ئەمەش یارمەتی تورکیا دەدات کە هەمان شێواز بگرێتەبەر لەسیاسەتەکانی

**پرۆفیسۆر حوسێن باخچی بۆ گوڵان:**

# تورکیا سۆپەرپاوەری ئیقلیمی نییە بەڵکو هێزی نەرمی ئیقلیمییە

**پرۆفیسۆر حوسێن باخچی ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانە لەزانکۆی میدڵ ئێست تەکنیکاڵ و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر کێشــە هاوچەرخەکانی ئاسایشی نێودەوڵەتی و سیاســەتی دەرەوەی تورکیا، سەبارەت بەو گۆڕانکاریانەی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا و کرانەوە بەڕووی دەوڵەتانی دراوسێ، پرۆفیسۆر باخچی بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربری.**




BODRUM
MARMARA
KOLEJİ

*** تۆ یەکێکت لەو ئەکادیمستانەی کە بایەخێکی گرنگ بەپەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا دەدەن، ئایا هاتنی وەزیری دەرەوەی تورکیا و بەڵیندانی بەکردنەوەی کۆنسوڵخانەی تورکیا لەهەولێر چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

- سەردانەکەی ئەم دواییەی وەزیری دەرەوەی تورکیا و وەزیری بازرگانی و پیاوانی کاری تورکی بۆ باکووری عێراق هەنگاوێکی گرنگە، بەهەمان شێوە کردنەوەی کۆنسولگەریش کارێکی گرنگە. حاڵی حازر تورکیا بایەخێکی زیاتر بەباکووری عێراق دەدات بەگشتی و هەوڵدەدات پەیوەندیەکی باش بنیات بنێت لەگەڵ ئیدارەی کوردی ئەو ناوچەیەدا، بەتایبەتی دوای ئەو سەردان و پەیوەندیانەی بەم دوایە لەنێوان تورکیا و حکومەتی مەرکەزی عێراق دروستبوو.

*** ئێمە دەزانین هەموو ئەم گۆڕانکاریانە دەرئەنجامی پیادەکردنی سیاسەتێکی کراوەن لەلایەن تورکیاوە، ئایا تا چ ڕادەیەك ئەم ئاراستە تازەیە بۆتەهۆی گۆڕینی تێڕوانینی ژەنەراڵە سەربازیەکانی ئەو وڵاتە و تورکیا دەکاتە هێزێکی ئیقلیمی باڵا لەناوچەکە؟**

- تورکیا هێزێکی ئیقلیمیی باڵا «سوپەر پاوەر» نییە، بەڵام بەدڵنیاییەوە هێزێکی ئیقلیمی نەرمە لەناوچەکەدا، هەروەها گۆڕانکاریەکانی ئەم دواییە لەهێزی دیبلۆماسی تورکیادا بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بەباشترکردنی پەیوەندیەکانی نێوان تورکیا و کوردستانی عێراقەوە هەبێت ئەوا دەبینین بەرەوپێشچوونی ئەم پەیوەندیانە لەڕووی کولتووری و ئابووریە و لەمەودای دووردا لەبەرژەوەندی هەردوولادا دەبێت. من دەمەوێت ئاماژە بەوەش بکەم کە لەڕابردوودا تورکیا دەستێوەردانی لەباکووری عێراقدا نەکردووە، مەگەر بۆ بەدواداچوون و شەڕکردن نەبێت لەگەڵ تیرۆریزمی پەکەکەدا، کە ئێستا خەڵکێکی زۆر لەتورکیا ئومێدی ئەوەیان هەیە بەرەو هەڵوەشانەوە بچێت کە لەم ڕووەوە یارمەتی و پاڵپشتی باکووری عێراق گرنگە.

**ئەوەی پەیوەندی بەباشترکردنی پەیوەندیەکانی نێوان تورکیا و کوردستانی عێراقەوە هەبێت ئەوا دەبینین بەرەوپێشچوونی ئەم پەیوەندیانە لەڕووی کولتووری و ئابووریە و لەمەودای دووردا لەبەرژەوەندی هەردوولادا دەبێت**

*** ئایا پیادەکردنی سیاسەتی کرانەوە لەلایەن ئەردۆگانەوە نایێتەهۆی ئەوەی هیچ کۆسپێك نەمێنیت لەبەردەم بوونی تورکیا بەئەندامی یەکێتی ئەوروپا؟**

- هەندێ نیگەرانی هەیە لەکرانەوەی تورکیا بەڕووی ڕۆژهەڵاتدا، بۆ نموونە هەندێ لەهێزە ئەوروپییەکان ئەم ڕەخنەیە لەتورکیا دەگرن، ڕەخنەی ئەوەی تورکیا بێ گەڕانەوە بۆ ئەوروپا ئەم کارە دەکات، ئەمە جێی مشتومڕە. ئێمە دەزانین کرانەوەی تورکیا بەڕووی ئەرمینیا و و چەند وڵاتێکی دیکەی وەك عێراق لەچوارچێوەی سیاسەتی بەڕێز ئەحمەدی داود ئۆغلۆ دێت کە بریتیە لەسیاسەتی «نەبوونی هیچ کێشەیەك لەگەڵ دراوسێکاندا»، کە لەماوەی ٦ بۆ ٨ ساڵی ڕابردوو تورکیا توانی پەیوەندیەکانی بەرەو پێشەوەببات لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکانی کە من پێموایە دەبێت تورکیا بەردەوام بێت لەم پرۆسەیە، بۆ نموونە ڕێککەوتنێك لەگەڵ ئەرمینیادا ئیمزاکراوە کە بە دڵنیاییەوە پێویستی بەموسادەقەکردنی پەرلەمانی تورکیا هەیە، بەڵام بایەخدانی تورکیا بەڕۆژهەڵات دژ و پێچەوانە نییە لەگەڵ ئەوەی تورکیا بەئاراستەی ڕۆژئاوادا هەنگاو بنێت، بەپێچەوانەوە تاوەکو زیاتر تورکیا بەڕووی ڕۆژهەڵاتدا بکرێتەوە، ئەوا لەبەرژەوەندی ڕۆژئاوادا دەبێت. واتە ئەمە دەبێتە هەنگاوێکی تەواوکار نەك پێچەوانە.

*** چۆن حکومەتی تورکیا بەو بۆچوونەی داودئۆغلۆ کە دەڵێت (دەوڵەتە دراسێکان دوژمنی تورکیانین) گەیشتە ئەو قەناعەتەی وەك پرەنسیپ کاری پێبکات بەتایبەتی لەبواری چارەسەرکردنی کێشەی کورد؟**

- ئەم دوو بوارە پەیوەست یان گرێدراون بەیەکەوە و ناکرێت لێکجیابکرێنەوە، تورکیا هەوڵی چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانی داوە لەڕێی کارکردن لەڕێی دامەزراوەکان و پێشکەشکردن و خستنەڕووی دەستپێشخەری بۆ ئەوەی بەرنامەیەك گەڵاڵە بکرێت بەم ئاراستەیەدا، بەهەمانشێوە تورکیا لەچوارچێوەی هەوڵ و گفتوگۆکانی بۆ بوونە ئەندام لەیەکێتی ئەوروپادا چەندین چاکسازی ئەنجامداوە، هەر لەبەر ئەمەشە کە لەبری ئەوەی تورکیا دەوڵەتە دراوسێکانی تۆمەتبار بکات و هەڕەشەی سەربازیان لێبکات، پەنا بۆ بەکارهێنانی شێواز و ئامرازە کولتووری و ئابووریەکان دەبات بۆ بنیاتنانی متمانە لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکان و دۆزینەوەی چارەسەری هاوبەش لەگەڵ ئەم دەوڵەتانەدا.

**لەبری ئەوەی تورکیا دەوڵەتە دراوسێکانی تۆمەتبار بکات و هەڕەشەی سەربازیان لێبکات، پەنا بۆ بەکارهێنانی شێواز و ئامرازە کولتووری و ئابووریەکان دەبات بۆ بنیاتنانی متمانە لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکان**

*** تا چ ڕادەیەك ئەم سەردانەی داود ئۆغلۆ بەگرنگ دادەنرێت بۆ ئایندەی پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان؟**



- ڕاستە ئەوە یەکەم سەردان بوو، بەڵام سەردانێکی باش بوو، لەبەرئەوەی پێشتر پەیوەندی ئاڵۆز هەبوو، کە بوونی پەیوەندی ئاڵۆز و دوژمنکارانە نە لەبەرژەوەندی تورکیا و نە لەبەرژەوەندی کوردستانی عێراقدایە. ئێمە دەزانین تورکیا سیاسەتێکی دەرەکی کراوەی پیادەکردووە، کە لەسەرەتاوە لەناوچەی قەوقاز دەستی پێکرد، دواتر بەرەو ڕۆژهەڵاتی ناوین و ناوچەی بەلقان، لەم چوارچێوەیەدا دەکرێت بەیارمەتی و پشتیوانی تورکیاش پەرە بەئابووری کوردستانی عێراق بدرێت و ژێرخانی ئەم ناوچەیە بدرێت، کردنەوەی کۆنسولگەریش لەم ڕووەوە یارمەتیدەر دەبێت.

*** خەڵکی کوردستان بەتەقدیرەوە لەسەردانی وەزیری دەرەوە و وەزیری بازرگانی و شاندی پیاوانی کاری تورکیا دەکەن، هەروەها ئێمە پێمانوایە تورکیا شایستەی ئەوەیە ڕۆڵێکی باشتر و کاریگەری ببینێت لەناوچەکەدا، بەچەشنی ڕۆڵی ژاپۆن لەڕۆژهەڵاتی ئاسیادا، تێڕوانین و بۆچونی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

- من نازانم تورکیا دەتوانێت ئەم ڕۆڵە ببینێت یان نا، لەڕاستیدا ئەمە دەوەستێتەسەر چەند هۆکار و پرسێکی دیکە، هەرچۆنێک بێت دەستپێشخەر و دەرکەوتنی نوێی تورکیا ئومێدی تازەی دروستکردووە کە ناوچەکە پتر سەقامگیری سیاسی و ئابووری بەخۆوە ببینیت، من پێموایە تاوەکو زیاتر خەڵك لێکتر نزیکببنەوەو زیاتر گفتوگۆ بکەن ئەوا هاتنەدی ئەم ئەگەرە زیاتر دەبێت و پێشموایە کاتی ئەوە بەسەرچووە وەك دوژمن سەیری یەکتری بکەین و لێکدووربکەوینەوە، دەبێت کار و کۆشش بکەین بۆ ئەوەی چارەسەری هاوبەش بۆ کێشەکان بدۆزینەوە.

*** ئەو تێڕوانینە لەئارادایە کە دەبێت تورکیا هەڵبستێت بەپەرەپێدان و بەهێزکردنی پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکان لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا کە پێشتر بەشێك بوون لەئیمپراتۆریەتی عوسمانی بۆ ئەوەی ڕۆڵێکی کاریگەرتر ببینێت لەیەکێتی ئەورووپادا، ئایا بەتێڕوانینی ئێوە پێویست ناکات تورکیا هەڵبستێت بەدووبارە بنیاتنانەوەی ئەم پەیوەندیە دێرینانە؟**

- من هاوڕانیم لەگەڵ ئەو لێکدانەوەی پێیوایە ئەمە زیندوکردنەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییە، تورکیا دەوڵەتێکی هاوچەرخی دیموکراسیە و کۆمەڵگەیەکی ئازادە و تورکیا ئەم ڕۆڵە نابینیت و نابێت ئەم نیەتەشی هەبێت، لەبەرئەوەی ئەمە سەردەمێکی جیاوازە. ئەوەی بەدیدەکرێت ئەوەیە تورکیا وەك هێزێکی ئابووری و بازرگانی و وەك هێزێکی نەرم دەرکەوتووە و کە بایەخ بەهێنانەدی ئاشتی دەدات، ئەمەش کاریگەری ئابووری و کولتووری دەبێت لەسەر دەوڵەتانی ناوچەکە، واتە تورکیا هەوڵی زیادکردنی کاریگەری و دەسترۆیشتوویی خۆی دەدات بەشێوەیەکی ئیجابی و ئەمەش دەبێتەهۆی زیادکردنی ئەگەری هاتنەدی ئاشتی و دیموکراسی لەناوچەکەدا.

*** تاچەند تورکیا ئەم هەنگاوانە لەژێر گوشاری ڕۆژئاوا بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی هەڵدەگرێت، مەبەستم ئەوەیە ئایا تاچەند ئەمریکا ڕۆڵی لەم گۆڕانکاریەدا هەیە؟**

- سەردانی ئۆباما بۆ تورکیا سەردانێکی گرنگ بوو، کە هەنگاو هەڵگیرا بۆ کاری هاوبەش بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوچەکە، لەبەرئەوەی ئەم دوو وڵاتە شەریکی ستراتیژین، ئەوەش ڕاستە لەدوای دەستبەکاربوونی ئۆباماوە حکومەتی ئەمەریکا وەك شەریکێی ستراتیژی لەتورکیا دەڕوانێت نەك تەنها لەڕووی سەربازیەوە بەڵکو لەڕووی ئابووری و سیاسیشەوە، کە من دەتوانم بەمشێوەیە کورتی بکەمەوە، ئەمەریکا نەخشەکێشی پرۆژەیە لەناوچەکەدا و تورکیاش بەڕێوبەرێکی باشی ئەو پرۆژانەیە.

*** ئایا داهاتووی پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان چۆن دەبینیت، بەتایبەتی ئێمە چاوەڕێی کردنەوەی باڵیۆزی تورکیا دەکەین لەهەولێر؟**

- لەکوردستاندا کونسوڵخانە دەکرێتەوە، ئەمە هەنگاوێکی گرنگە، هەروەها من پێموایە تێگەیشتنێکی زۆر باش لەنێوان بەرپرسە کوردەکان و حکومەتەکەی داد و گەشەپێدان هەیە، من نازانم هەڵوێستی حکومەتی داهاتوی تورکیا چۆن دەبێت، بەڵام تاوەکو زیاتر ئەم دوولایەنە لەڕووی ئابووریەوە پشت بەیەکتر ببەستن ئەوا بارودۆخەکە باشتر دەبێت.

*** دوا وتەت چییە؟**

- من هیوای خۆشبەختی بۆ باکووری عێراق دەخوازم، من سەردانی ئەوێم نەکردووە، بەڵام پەنا بەخوا لەداهاتوودا سەردانی دەکەم.

**دەکرێت بەیارمەتی و پشتیوانی تورکیاش پەرە بەئابووری کوردستانی عێراق بدرێت و ژێرخانی ئەم ناوچەیە بدرێت، کردنەوەی کۆنسولگەریش لەم ڕووەوە یارمەتیدەر دەبێت**

**کاتی ئەوە بەسەرچووە وەک دوژمن سەیری یەکتری بکەین و لێکدووربکەوینەوە، دەبێت کار و کۆشش بکەین بۆ ئەوەی چارەسەری هاوبەش بۆ کێشەکان بدۆزینەوە**



# هێزی ئەتۆمی چاولێکەرییە یان پێداویستییە؟

**چاودێران پێیانوایە باشترین ڕێگەچارە، سەرەتا وازهێنانی ئیسرائیلە لەچەکی ئەتۆمی ئینجا داواکردن لەئێران و وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوین**



پسپۆڕانی ئەتۆم پێیانوایە بەئاسانی دەتوانرێ وێستگەیەکی ئەتۆمی بەرهەمهێنانی کارەبا بگۆڕدرێت بۆ وێستگەیەکی بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی

## وزەی ئەتۆمی و ململانێی نێوان ئێران و وڵاتانی عەرەبی

ململانێی ئێران و وڵاتانی عەرەبی هەر لەکۆنەوە دەستی پێکردووە هەتاکو ئامادەکردنی ئەم راپۆرتەش کارەکتەرێکی ئامادەی لێکۆڵینەوەکانە دەرهەق بەئێران. ئێستاش لەسەروبەندی دانیشتنەکانی ئێران و ناوەندە بڕیاربەدەستەکانی دنیا، ئەوەی کە بەوردی دەڕوانێتە ئامانج و دەسکەوتی ئەم کۆبوونەوانە وڵاتە عەرەبییەکانی رۆژهەڵاتی ناوینە، داخۆ ئێران خەونی ئەتۆمی دێنێتەدی؟ چاودێران پێیانوایە ئێرانێکی ئەتۆمی دەتوانێ زۆر لەکێشەکانی ناوچەکە بەلای خۆیدا بشکێنێتەوە وەك کێشەی عێراق، لوبنان و فەڵەستین-ئیسرائیل و زۆرانی دیکەش.

بۆیە ئەمرۆ قەیرانی ئەتۆمی ئێران یەکێکە لەگرنگترین و بەرچاوترین ئەو تەنگژانەی کە تەواوی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و لەسەروویانەوە ئەمریکا و ئیسرائیلی بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە، بۆئەوەی رێگەچارەیەك دابنێن کە ئەو وڵاتە نەبێتە خاوەنی چەکی ناوەکی و توانای بەدەستهێنانی بۆمبی ئەتۆمی نەبێت. لەبەرئەوە دەسەڵاتدارانی ئەمریکا لەهەردوو دەورانی سەرۆك بوش و ئۆبامادا لەزۆر کات و شوێنی جیاوازدا بەردەوام جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە نابێت تاران ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی، بۆ ئەمەش بەردەوام هەوڵی وروژاندنی رای گشتی جیهان و وڵاتە هاوپەیمانەکانیان دەدەن، بەڵام سەرباری هەموو هەوڵەکانیان تائێستا نەیانتوانیوە ئێران رازی بکەن کە بەرنامە ناوەکییەکەی رابگرێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەو وڵاتە چەندین تۆڕ و ناوەندی فراوانی پێکهێناوە و لەم ناوەندانەوە گەمە بەزۆر کارتی دژوار دەکات بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ واشنتۆن و تەلئەبیب و لێدانی بەرژەوەندییەکانیان. بۆیە زۆرجار هەڕەشە و تۆمەتبارکردنی ئێران و ئەمریکا لەلایەن یەکترییەوە زۆربەی رێگەچارە دیپلۆماسییەکانیشی بەبنبەست گەیاندووە و تەنانەت هەوڵەکانی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی و وڵاتانی ناوبژیوانیش سوودێکی ئەوتۆیان نەبووە.

لەم سۆنگەیەوە، ئێستا دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان و ناوەندە ستراتیژی و زانستییەکانی دنیا بەبایەخەوە تەماشای بڵاوبوونەوەی وزەی ئەتۆمی دەکەن لەپێناو رێگەگرتن لەرکابەری وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوین بۆ وەدەستهێنانی وزەی ئەتۆمی، بەتایبەت دوای راگەیاندنی ئەو وڵاتانە لەبەکارهێنانی وزەی ئەتۆمی لەپێناو ئامانجی ئاشتیدا «بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا». بەڵام پسپۆرانی ئەو بوارە پێیانوایە شتێکی زۆر قورس نییە و بەئاسانی دەتوانرێ وێستگەیەکی ئەتۆمی بەرهەمهێنانی کارەبا بگۆڕدرێت بۆ وێستگەیەکی بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی.

هەر بۆیە ئەمرۆ دنیا بەبایەخەوە لەنیازی ئەو شەش وڵاتە دەڕوانێ، کە لەهەوڵی بەدەستهێنانی وزەی ئەتۆمی دان، بەتایبەت ئەو شەش وڵاتە کە پێنجیان عەرەبین و ئەویتریشیان تورکیایە، دەکەونە ناوچەیەکی هەستیار و گرنگی دنیا.

سەنتەری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا، کە بنکەکەی لەواشنتۆنی پایتەختە، راپۆرتێکی دوور و درێژیان بۆ سەرۆکی ئێستای ئەمریکا بەرزکردەوە، داوای چەند هەنگاوێکی بوێرانەی لێدەکەن لەپێناو راگرتنی ئەو کێبڕکێیە ئەتۆمییەی رۆژهەڵات، کە سەرۆکی پێشوو جۆرج بوش نەیتوانی هەنگاوی لەمجۆرە بنێت. پرۆفیسۆر دەیڤید ئۆڵبرایت کە داڕێژەری راپۆرتەکە راشکاوانە داوا لەسەرۆك ئۆباما دەکات، هەوڵی قەناعەتپێهێنانی ئیسرائیل بدات تا واژۆی رێککەوتننامەی نێودەوڵەتی بڵاونەبوونەوەی چەکی ئەتۆمی بکات. چونکە واژووکردن لەسەر ئەم رێککەوتننامە نێودەوڵەتییە ئیسرائیل ناچار دەکات، کە دەستبەرداری چەکی ئەتۆمی ببێ و دەزگا و وێستگە ئەتۆمییەکانی لەبەردەم پشکێنەرانی نێودەوڵەتی واڵا بکات. داڕێژەرانی راپۆرتی ناوبراو پێیانوایە باشترین رێگەچارە، سەرەتا وازهێنانی ئیسرائیلە لەچەکی ئەتۆمی ئینجا داواکردن لەئێران و وڵاتانی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوین. بێگومان سەرۆك ئۆباماش ئەو راستییە دەزانێت لەوانەیە ئەمە بەشێك بێت لەو گۆڕان و ریفۆرمانەی رایگەیاند لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا.

### هەوڵ و کاردانەوەی عەرەبەکان بۆ دەستهێنانی چەکی ئەتۆمی

فاکتەری سیاسیی و ئابووری رۆڵی گرنگی هەبووە لەهەوڵدانی وڵاتانی عەرەبی بۆ وەدەستهێنانی وزەی ئەتۆمی، هەر هەمان ئەو هۆکارانەن ئەمرۆش هانی وڵاتان دەدەن کە خەونی ئەتۆمی پێشوویان زیندوو بکەنەوە. بۆیە لەکۆتایی ساڵی ٢٠٠٦ و سەرەتاکانی ساڵی ٢٠٠٧ وڵاتانی کەنداو و جەزائیر و لیبیا و میسر و مەغریب و ئەردەن و عەرەبستانی سعودیە نیازی خۆیان راگەیاند بۆ دروستکردنی چەند وێستگەیەکی ئەتۆمی بۆ مەرامی ئاشتی لەپێناو وەدەستهێنانی وزەدا.

ئەو راگەیاندنە خەونی لەمیژینەی عەرەبەکانە بەگشتی، کە بۆ ناوەڕاستی سەدەی رابردوو دەگەڕێتەوە لەپێناو بەرهەمهێنانی وزەی ئەتۆمی، کە بانگەشەی ئەوە دەکەن لەبوارە پزیشکی و زانستی و ئابوورییەکاندا بەکاریدەهێنن.

ئەمرۆ بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و کەمبوونەوەی رێژەکەی لەهەندێ وڵات، زۆرێك لەوڵاتانی عەرەبی و دنیا بیر لەوزەی جێگرەوەی نەوت دەکەن. ئەمرۆ لەسەرانسەری دنیادا نزیکەی ٥٠٠ وێستگەی ئەتۆمی هەیە، ئەمانە تێکڕا ١٦٪ی وزەی کارەبای جیهان دەستەبەر دەکەن. هەروەها ئەم وێستگانە یارمەتی بەرهەمهێنانی نزیکەی ٢ ملیار تەن لە دووەم ئۆکسیدی کاربۆن دەدەن، کە رێگە لەقەتیسبوونی پلەی گەرما دەگرێت. چونکە ئەو جۆرە گازە بەهیچ شێوەیەك ماددە ئەکسیدییەکانی وەك کبریت و نایترۆجین فڕێ نادات. دەکرێ بەهۆی وزەی ئەتۆمییەوە ئاوی دەریاکان بگۆڕدرێت و بکرێت بەوزەی کارەبا. هەروەها هاوکاریشە لەبەرهەمهێنانی شووشەی تیشکدار کە دەکرێ لەبواری پیشەسازی و کشتوکاڵ و پزیشکی و لێکۆڵینەوەی زانستیدا بەکاربهێنرێت.

سەرباری هەموو ئەمانە وزەی ئەتۆمی چەند لایەنێکی سلبیشی هەیە، لەوانە ئەگەری دزەکردنی تیشکەکانە لەو وێستگانە، کە کاریگەری وێرانکەر دەخاتە سەر ژینگەی مرۆڤ و گیانداران. بەڵام ئێستا سەرەڕای هەموو ئەمانە وڵاتانی رۆژئاوا و لەگەڵیشیاندا وڵاتانی عەرەبی و رۆژهەڵات بەجددی بیر لەبەکارهێنانی هێزی وزەی ئەتۆمی دەکەنەوە وەك وزەیەکی جێگرەوەی وزەکانی دیکە. هەر بۆ نموونە، وڵاتی میسر لە٢٠٠٦ەوە بەشێوەیەکی مەبدەئی پلانسازی کردووە بۆ دامەزراندنی سێ وێستگەی ئەتۆمی. ئەردەنیش رایگەیاندووە، کە لەماوەی ١٠ – ١٢ ساڵی دیکە دەبێتە خاوەن وێستگەی ئەتۆمی بەتێچووی نزیکەی یەك ملیار دۆلاری ئەمریکی.

### هێزی ئەتۆمی کەنداو

راپۆرتە نێودەوڵەتییەکان هێما بۆ ئەوە دەکەن، کە داهاتووی وزە لەوڵاتانی خاوەن نەوت لەنێویشیاندا وڵاتانی کەنداو وردە وردە لەهێزی نەوتییەوە بەرەو هێزی ئەتۆمی دەڕوات بەتایبەت دوای بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و ئەگەرەکانی وشکبوونی چاڵە نەوتییەکان. دەکرێ فاکتەرەکانی هەوڵدان بۆ بەرهەمهێنانی وزەی ئەتۆمی وڵاتانی کەنداو، لەو سێ خاڵە سەرەکییە کۆبکەینەوە:

١- هۆکاری ئابووری.

٢- هۆکاری سیاسی.

**سەنتەری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا، کە بنکەکەی لەواشنتۆنی پایتەختە، راپۆرتێکی دوور و درێژیان بۆ سەرۆکی ئێستای ئەمریکا بەرزکردەوە، داوای چەند هەنگاوێکی بوێرانەی لێدەکەن لەپێناو راگرتنی ئەو کێبڕکێیە ئەتۆمییەی رۆژهەڵات**

**خەونی لەمیژینەی عەرەبەکانە بەگشتی، کە بۆ ناوەڕاستی سەدەی رابردوو دەگەڕێتەوە لەپێناو بەرهەمهێنانی وزەی ئەتۆمی، کە بانگەشەی ئەوە دەکەن لەبوارە پزیشکی و زانستی و ئابوورییەکاندا بەکاریدەهێنن**

دەکرێ بەهۆی وزەی ئەتۆمییەوە ئاوی دەریاکان بگۆڕدرێت و بکرێت بەوزەی کارەبا. هەروەها هاوکاریشە لەبەرهەمهێنانی شووشەی تیشکدار کە دەکرێ لەبواری پیشەسازی و کشتوکاڵ و پزیشکی و لێکۆڵینەوەی زانستیدا بەکاربهێنرێت. سەربارى هەموو ئەمانە وزەی ئەتۆمی چەند لایەنێکی سلبیشی هەیە، لەوانە ئەگەری دزەکردنی تیشکەکانە لەو وێستگانە، کە کاریگەری وێرانکەر دەخاتە سەر ژینگەی مرۆڤ و گیانداران

**٣- هۆکاری کۆمەڵایەتی و ژینگەیی.**
بەڵام ئەو پرسیارەی خۆی لەبەردەمماندا قوت دەکاتەوە ئەوەیە کە، ئایا بەڕاستی وڵاتانی کەنداو پێویستیان بەوێستگەی ئەتۆمی هەیە؟
لەمبارەیەوە، سوفیان ئەتەل بڕیاردەری پێشووی بەرنامە ژینگەییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەوڵامی پرسیارێکدا لەگەڵ ماڵپەڕی ئەلجەزیرە دەڵێت: «لەڕاستیدا ئەمە نە پێویستییە و نە مژدەشە، بەڵکو تەنها بڕیاری وڵاتانی ڕۆژئاوایە بەتایبەت ئەمریکا لەسەر وڵاتانی عەربی بەمەبەستی شەکەتکردنی بودجەی دارایی وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت، کە ئێستا بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت داهاتی نەختینەیی زەبەلاحیان کەوتۆتە دەست. ئەمریکا لەو هەنگاوەیدا دەتوانێ پارەیەکی زۆری لەدەستچوو بگەڕێنێتەوە بودجەی خۆی چونکە ئەو وڵاتانە هەر دەبێت کەلوپەلی ئەتۆمی لەڕۆژئاوا بکڕن».
داتاکانی بانکی نێودەوڵەتی و ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی و وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا و چەند سەرچاوەیەکی دیکەش دەڵێن ئێستا سێ تریلیۆن دۆلار ڕژاوەتە بودجەی وڵاتانی کەنداو. بۆیە ڕۆژئاوا بیر لەمژینی ئەو پارە زۆرە دەکاتەوە. بۆ نموونە مۆرکردنی ڕێککەوتننامەیەکی لەمجۆرە لەنێوان نیکۆلاس سارکۆزی سەرۆکی فەرەنسا و میر عەبدوڵڵای شای سعودیە بەبڕی ٦٠ ملیار دۆلار، ڕێککەوتنێکە جێگای گومان و سەرسوڕمانە. بۆیە سوفیان تەل لەکۆتایی وەڵامەکەیدا دەڵێت «وڵاتانی کەنداو هیچ پێویستییان بەوزەی ئەتۆم نییە، تەنها هۆکار ئەو فاکتەرانە بوون کە ئاماژەم بۆ کردن».

### هەڕەشەی تیرۆریزمی ئەتۆمی

دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمی کارێکی سادە و ئاسان نییە، بەڵام لەبەرئەوەی ئەنجامی




ئەو کارە هێندە کارەساتبار و وێرانکەرە بۆیە شایانی ئەوەیە نیگەرانی بین. دروستکردنی چەکی ئەتۆمی تەنانەت بۆ ئەو وڵاتانەش کارێکی زەحمەتە کە خاوەنی پارە و ژێرخان و سەرچاوەی زانستین. بەڵام شارەزایان دەڵێن دروستکردنی چەکی ئەتۆمیی خاو و قەبە و سووکتر کە بتوانرێت بەبارهەڵگر یان کەشتی بگوازرێتەوە زۆر ئاسانترە لەدروستکردنی ئەو چەکە ئەتۆمیە پتەو و پشت پێبەستراوانەی لەجبەخانەکانی ئەمریکادا هەیە، هەروەك دزینیشیان لەچەکی ئەتۆمی ئاسانترە. لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی تیرۆریستە شارەزا و پێشکەوتووەکان پشت بەچەکە کۆن و سادەکان دەبەستن.
هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەر زەنگێکی ئاگادارکردنەوە بوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەی تیرۆریزمی ئەتۆمی. ئەنستیتۆتی کۆنترۆڵی ئەتۆمی (Nuclear Control Institute) ناسراو بە (NCI) لەو کاتەوەی لەساڵی ١٩٨١ دامەزراوە لەمەترسیی تیرۆریزمی ئەتۆمیی کۆڵیوەتەوە و هەوڵیداوە سیاسەتکاران و ڕای گشتی لەو مەترسییە وریابکاتەوە.
ئێران هەر لەساڵانی ١٩٨٧ ەوە هەڕەشەی هێرشکردنی بۆ سەر دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئەمریکا کردووە. گەواهیدانەکانی دادگاکان دەریانخستووە کە کەمپەکانی ڕاهێنانی ڕێکخراوی ئەلقاعیدەی ئوسامە بن لادن فەرمانیانداوە لەجەنگی مەدەنیدا هێرش بکرێتە سەر دامەزراوە و بنکەکانی دوژمن بەوێستگەکانی کارەباشەوە. بۆیە چاودێران دەڵێن، زۆر ئاساییە، کە پێمانوابێت سەربازەکانی بن لادن دەتوانن زۆر کاریگەرانە هێرش بکەنە سەر وێستگە ئەتۆمیەکان، بەتایبەتی دوای ئەو هێرشە سەرسوڕهێنەرانەی کرایە سەر سەنتەری بازرگانی جیهانی و پنتاگۆن. هەروەك ئاشکرایە کە ئوسامە بن لادن بەدوای ماددە ئەتۆمییەکان دەگەڕا (پلوتۆنیۆم و یۆرانیۆمی پیتێنراو) و چۆنیەتی دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمی.
لەساڵی ١٩٨٦ ئەنستیتۆتی کۆنترۆڵی ئەتۆمی بەهەماهەنگی لەگەڵ ئەنستیتۆتی لێکۆڵینەوە لەتیرۆریزمی نێودەوڵەتی لەزانکۆی نیویۆرك، بانگهێشتی لیژنەیەکی کاری نێودەوڵەتی کرد بۆ کۆبوونەوە لەسەر ڕێگەگرتن لەتیرۆریزمی ئەتۆمی کە لە ٢٦ بازرگان و زانای ئەتۆمی، بەرپرسانی ئێستا و پێشتری حکومەت و شارەزایانی تیرۆریزم لە ٩ وڵات پێکهاتبوو. ئەو ڕاپۆرتەی لەلایەن ئەو لیژنەوە دەرچوو، لەگەڵ ٢٠ لێکۆڵینەوەی تر، تا ئێستا بەڕاسترین و تەواوترین لێکۆڵینەوە سەبارەت بەتیرۆریزمی ئەتۆمی دادەنرێت.
ئەو لیژنەیە هۆشداریدا بەوەی «ئەگەری تیرۆریزمی ئەتۆمی لەزیادبووندایە» بەهۆی چەند فاکتەرێك وەك «بەرزبوونەوەی ڕێژەی شارەزایی و مەترسیی شێوە کۆنباوەکانی تیرۆریزم» و لاوازیی دامەزراوەکانی توێژینەوە و وزەی ئەتۆمی بەرامبەر تێکدان و پیلانگێڕیی. هۆشداری و پێشنیارەکانی ئەو لیژنەیە بۆ کەمکردنەوەی ئاستی لاوازییەکان، کە زۆربەیان پشتگوێخران و کاریان پێنەکرا، ئێستا پەیوەندیەکی زۆریان بەو بارودۆخە مترسیدارەی تیرۆریستە شارەزا و خۆکوژەکانەوە هەیە کە خۆیان تەرخانکردووە بۆ کوشتنی بەکۆمەڵ و وێرانکردن.

### ئایا تیرۆریستان دەتوانن چەکی ئەتۆمی دروستبکەن؟

- لەلێکۆڵینەوەیەکدا کە لەلایەن پێنج دیزاینەری چەکی ئەتۆمیی پێشووی ئەمریکا بۆ ئەنستیتۆتی کۆنترۆڵی ئەتۆمی ئامادەکراوە، گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی گروپێکی شارەزا و پێشکەوتووی تیرۆریستی ڕەنگە بەدزینی پلوتۆنیۆم و یۆرانیۆمی پیتێنراو بتوانن بۆمبێکی ئەتۆمی کارا دروستبکەن. پێویستە ئەو مەترسیە زۆر بەجدیەوە وەربگیرێت بەتایبەتی لەژێر ڕۆشنایی ئەو هەوڵە دۆکیومێنتکراوانەی لەلایەن ئەلقاعیدەوە دراوە بۆ دەستکەوتنی ماددەی ئەتۆمی و زانیاریی دیزاینی چەکی ئەتۆمی.

### ئایا هەست پێدەکەین ئەگەر ماددەی ئەتۆمی بدزرێت؟

ئەنستیتۆی کۆنترۆڵی ئەتۆمی (NCI) پێیوایە، کەمتر لە ١٨ پاوەند لە (پلوتۆنیۆم) یان ٥٥ پاوەند لە (یۆرانیۆمی پیتێنراو) بەسە بۆ دروستکردنی بۆمبێکی ئەتۆمی، بەڵام ئەو ماددانە بە تەن لەبازاڕی بازرگانیکردنی مەدەنی بەماددەی ئەتۆمی دەخولێتەوە. بەرگری تەواو لەتیرۆریزمی ئەتۆمی و تەشەنەکردنی چەکی ئەتۆمی بریتیە لەکۆتاییهێنان بەبازرگانی کردنی مەدەنی بە پلوتۆنیۆم و یۆرانیۆمی پیتێنراو، هەروەها تا زووە بکرێت عەمبارە سەربازیەکانی ئەو تەقینەرەوە ئەتۆمیانە بگۆڕدرێت بۆ شێوەیەك کە بۆ دروستکردنی چەك بەکارنەیەت. تەنانەت ئاژانسی وزەی ئەتۆمیی نێودەوڵەتیش دانی ناوە بەوەی دەبێت زۆر بەزوویی چاوبخشێنرێتەوە بەشێوازی پاراستنی ماددە ئەتۆمییە سەربازی و مەدەنیەکان لەوێستگەکان و لەکاتی گواستنەوەدا.



**کۆریای باکوور:**

کۆریـــای باکـــوور یەکێك بوو لەئەندامانی پەیماننامەی تەشـــەنە نەکردنی چەکی ئەتۆمی، بەڵام لە ١٠ی جانیوەری ســـاڵی ٢٠٠٣ دوای تۆمەتبارکردنی لەلایەن ئەمریکاوە بەوەی پرۆگرامێکی نهێنیی پیتاندنی یۆرانیۆمی هەیە کێشانەوەی خۆی لەو پەیماننامەیـــە ڕاگەیاند. لەمانگی فێبریوەری ٢٠٠٥ کۆریای باکوور بانگەشـــەی ئەوەی کرد کە چەکی ئەتۆمی هەیە، بەڵام لەبەر ئەنجامنەدانی هیچ تاقیکردنەوەیەك ئەوکاتە شارەزایان گومانیان لەو بانگەشەیە کرد. بەڵام لەئۆکتۆبەری ٢٠٠٦ کۆریای باکور ڕایگەیاند لەبەر زیادبوونی فشار و هەڕەشەی ئەمریکا هەڵدەستێت بەئەنجامدانی تاقیکردنەوەیەکی ئەتۆمی بۆ سەلماندنی توانا ئەتۆمیەکەی. بەمشـــێوەیە لە ٩ی ئۆکتۆبەری هەمان ســـاڵ ڕایگەیاند کەوا تاقیکردنەوەیەکی ئەتۆمیی بەسەرکەوتووانە ئەنجامداوە. هەروەها بۆ دووەمجار لە ٢٥ی ئایاری ٢٠٠٩ تاقیکردنەوەیەکی بەهێزتری ئەنجامدا.





**ئێران:**

ڕاپۆرتێکی هەواڵگریی نیشتمانی ئەمریکی کە لەمانگی دیسەمبەری ٢٠٠٧ بڵاوکراوەتەوە، زۆر بەدڵنیاییەوە دەڵێت «ئێران خاوەن پرۆگرامی چەکی ئەتۆمی بووە و لەپایزی ٢٠٠٣ وەستاندوویەتی و تا ناوەڕاستی ٢٠٠٧ کاری تێدا وەستێنراوە. لێکۆڵینەوەکە باس لەوە دەکات هەواڵگریی ئەمریکی نەیزانیوە ئێران مەبەســـتی دروســـتکردنی چەکی ئەتۆمی هەبێت بەڵام دەزانێت ئەگەر ئێران بیەوێت دەتوانێت لەماوەی ســـاڵانی ٢٠١٠- ٢٠١٥ توانســـتی تەکنیکی خۆی هێندە پەرەپێبدات کە یۆرانیۆمـــی پیتێنراو بۆ چەکی ئەتۆمی بەرهەم بهێنێت».



**ڕاپۆرتی دەزگای توێژینەوەی کۆنگرێس (CRS) چەکی ئەتۆمیی هیندستان و پاکستان**

تا ســـاڵی ٢٠٠٥ هیندســـتان و پاکســـتان تاکە وڵات بوون لەدەرەوەی پەیماننامەی تەشـــەنە نەکردنی چەکی ئەتۆمی بەئاشکرا توانستی چەکی ئەتۆمیی خۆیان ڕاگەیاند. لەساڵی ١٩٩٨ هەردوو وڵات چەکە ئەتۆمیەکانی خۆیان تاقیکردەوە و لەو کاتەوە چەکە دوورهاوێژەکانیان بڵاوکردۆتەوە و گۆڕانکاریی ڕێکخراوەییان لەدەزگا ئەتۆمیەکانیان کردووە. ئەو ڕاپۆرتە بەکورتی باس لەتوانستی چەکی ئەتۆمیی هیندستان و پاکستان دەکات.

**باکگراوند:** بەتاقیکردنەوە ئەتۆمیەکەی پاکستان و هیندستان لەساڵی ١٩٩٨ نهێنیی ئەتۆمیی ٥٠ ساڵەی ئەو دوو وڵاتە ئاشکرابوو.





**چەکی ئەتۆمیی هیندستان**

هیندســـتان دوای سەربەخۆبوونی لەســـاڵی ١٩٤٧ دەســـتی بەپرۆگرامی ئەتۆمیەکەی کرد. دوای شکســـتێکی شەرمەزارکەر لەجەنگێکی ســـنووری لەگەڵ چیندا لەساڵی ١٩٦٢ و یەکەم تاقیکردنەوەی ئەتۆمیی چین لە ١٩٦٤، پەرۆشیی چەکی ئەتۆمی لەلای هیندســـتان ڕووی لەزیادبوون کرد. هیندســـتان پەرەی بەژێرخانێکی ئەتۆمی داوە کە پاڵپشتیی ئامانجە سەربازی و مەدەنیەکان دەکات. بۆ نموونە پشـــتگیریکردنی هیندســـتان بەدووبارە ئیشپێکردنەوەی توانســـتەکانی لەپێناو بەکارهێنانی سووتەمەنی ئۆکسیدی تێکەڵاو لەوێستگە ئەتۆمیەکانی کارەبا و چەکە لەپلۆتۆنیۆم دروستکراوەکان بووە.



**ئیسرائیل**

تا ئێستا ئیسرائیل دانی نەناوە بەوەی چەکی ئەتۆمی هەیە و بەفەرمی سوورە لەسەر ئەوەی ئەو نابێتە یەکەم وڵات بۆ ناســـاندنی چەکی ئەتۆمی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا بوونی چەکی ئەتۆمیی ئیسرائیلی «نهێنیەکی ئاشکرایە» بەهۆی ئاشکرابوونی ژمارەیەکی زۆری دۆکیومێنتی حکومەتی ئەمریکا کە نیشانیدەدات ئەمریکا لەساڵی ١٩٧٥ دا دڵنیابووە ئیسرائیل خاوەن چەکی ئەتۆمیە.

**بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی**

لەسەرەتای ساڵی ١٩٦٨ دەزگای هەواڵگری ئەمریکی (CIA) ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە کە تێیدا گەیشتبووە ئەو ئەنجامەی ئیسرائیل بەسەرکەوتوویی دەستی بەدروستکردنی چەکی ئەتۆمی کردووە. هەرچەندە ئەو خەمڵاندنە لەسەر بنەمای گفتوگۆیەکی نێوان کارڵ دوکێت سەرۆکی ئۆفیسی زانست و تەکنەلۆژیا لە CIA و ئێدوارد تێڵەر باوکی بۆمبی هایدرۆجین بوو. تێڵەر گوتبووی ئەو لەسەر بنەمای گفتوگۆکانی لەگەڵ هاوڕێکانی لەدامەزراوەی بەرگری و زانســـتیی ئیســـرائیلی گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی ئیسرائیل توانای دروســـتکردنی بۆمبی هەیە و پێویســـت ناکات CIA بۆ گەیشتن بەبڕیاری کۆتایی چاوەڕوانی تاقیکردنەوەیەك لەئیسرائیل بکات لەبەرئەوەی هەرگیز ئەو تاقیکردنەوەیە ئەنجامنادرێت. قەبارە و پێکهاتەی ڕاستەقینەی عەماری ئەتۆمیی ئیسرائیل نادیارە و بابەتی زۆر لەڕاپۆرت و خەمڵاندنەکانە. زۆربەی ڕاپۆرتەکان ئاماژە بەوە دەکەن ئیسرائیل لەساڵی ١٩٦٧ خاوەنی دوو بۆمب بووە و ئێشکۆل سەرۆك وەزیرانی ئەو کاتە لەکاتی جەنگی شەش ڕۆژەکە (ئەو جەنگە پێنج ڕۆژی خایاند لە ٥ تا ١٠ ی مانگی شەشی ســـاڵی ١٩٦٧، لەنێوان ســـوپای ئیسرائیل و سوپاکانی میسر، ئوردن و ســـوریا و بەبەشداریی عێراق و سعودیە و تونس و مەغریب و جەزائیـــر) فەرمانی کاراکردنی بۆمبەکانی داوە وەك یەکەم زەنگی وریاکردنەوەی ئەتۆمیی ئیســـرائیل. هەروەها ڕاپۆرتکراوە کە بەهۆی ترسی لەشکستهێنان لەجەنگی یۆم کیپور (Yom Kippur War) لەئۆکتۆبەری ١٩٧٣، ئیسرائیل ١٣ بۆمبی ئەتۆمیی کۆکردەوە و ئامادەی کردووە.

## ئەو وڵاتانەی ئەندامن لەیانەی ئەتۆمی

ئەو وڵاتانەی کە چەکی ئەتۆمیان هەیە و هەندێجار بەیانەی ئەتۆمی (Nuclear Club) ناودەبرێن. تا ئێستا تەنها ٩ وڵات بەسەرکەوتوویی چەکی ئەتۆمیان بەکارهێناوە. پێنج لەوان بەوڵاتانی چەکی ئەتۆمی (NWS) ناســراون، کە کۆمەڵەیەکی نێودەوڵەتیە لەلایەن پەیماننامەی تەشەنە نەکردنی چەکی ئەتۆمی (NPT) شەرعیەتی پێدراوە. ئەو پێنج وڵاتەش بریتین لەئەمریکا، ڕووسیا، بەریتانیا، فەرەنسا و چین. ئەو خشتەیەی خوارەوەش لیستی ئەو وڵاتانەیە کە دانیان بەهەبوونی چەکی ئەتۆمی داناوە، ژمارەی کڵاوەی ناوەکی و ئەو ساڵەی بۆ یەکەمجار تاقیکردنەوەیان ئەنجامداوە، نیشاندەدات. ئەو لیستە لەسیاسەتی جیهانیدا بەشێوەیەکی نافەرمی بە»یانەی ئەتۆمی» ناسراوە. جگە لەڕووسیا و ئەمریکا (کە هێزە ناوەکیەکانی خۆیان ئاشکرا کردووە) ئەوانی تر تەنها خەمڵاندنە و هەندێکیشیان پشتیان پێنابەسترێت.

**وڵاتانی خاوەن چەکی ئەتۆمی، ژمارەی کڵاوەی ناوەکی و سیاسەتیان**

| وڵات | ژمارەیکڵاوەی ناوەکیی چالاک | کۆی گشتی | یەکەم تاقیکردنەوە | ئەندام لە NPT | پەیماننامەی قەدەخەکردنی تاقیکردنەوەی چەکی ناوەکی (CTBT) |
|---|---|---|---|---|---|
| ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا | ١٠,٥٠٠ | ٩٤٠٠ | ساڵی ١٩٤٥ | بەڵێ | مۆری کردووە |
| ڕووسیای فیدراڵ | ١٨,٥٠٠ | ١٣٠٠٠ | ١٩٤٩ | بەڵێ | قەبوڵی کردووە |
| بەریتانیا و ئیرلەندا | ٢٠٠ | ١٨٥ | ١٩٥٢ | بەڵێ | قەبوڵی کردووە |
| فەرەنسا | ٣٥٠ | ٣٠٠ | ١٩٦٠ | بەڵێ | قەبوڵی کردووە |
| چین | ٤٠٠ | ٢٤٠ | ١٩٦٤ | بەڵێ | مۆری کردووە |
| هیندستان | ٦٠- ٩٠ | ٦٠-٨٠ | ١٩٧٤ | نەخێر | نەخێر |
| ئیسرائیل | نەزانراو | ٨٠ | ١٩٧٩ | نەخێر | مۆری کردووە |
| پاکستان | نەزانراو | ٧٠-٩٠ | ١٩٩٨ | نەخێر | نەخێر |
| کۆریای باکوور | نەزانراو | زیاتر لە ١٠ | ٢٠٠٦ | خۆی کێشایەوە | نەخێر |

* ئەو خەمڵاندنە لەلایەن ئەنجومەنی بەرگریکردن لەسەرچاوە سروشتیەکان (NRDC) کراوە، کە گروپێکی خۆبەخشی نێودەوڵەتیی ژینگەییە بارەگاکەی لەشاری نیویۆرکە.

دروستکردنی چەکی ئەتۆمی تەنانەت بۆ ئەو وڵاتانەش کارێکی زەحمەتە کە خاوەنی پارە و ژێرخان و سەرچاوەی زانستین

*** ئەو وڵاتانەی لەوانەیە لەداهاتوودا ببنە خاوەنی چەکی ئەتۆمی:**

١- ئیسرائیل.

٢- ئیران.

٣- کۆریای باکوور.



*** ئەو وڵاتانەی پێشتر بوونە خاوەن چەکی ئەتۆمی**

**١- ئۆکرانیــا:** لەلایــەن یەکێتی ســۆڤیەتی جارانەوە ٥٠٠٠ چەکی ناوەکی بەمیرات بۆ بەجێما، بەڵام لەســاڵی ١٩٩٦ دەســتی لێهەڵگرت و گواسترایەوە بۆ ڕووسیا.


**٢- بیلاڕووسیا (ڕووسیای سپی):** بووە میراتگری ٨١ کڵاوەی ناوەکی یەکێتی سۆڤیەت، بەڵام لەساڵی ١٩٩٦ دەستی لێهەڵگرت و گواسترایەوە بۆ ڕووسیا.

**٣- کازاخســتان:** ١٤٠٠ کڵاوەی ناوەکی لەلایەن یەکێتی ســۆڤیەت بۆ بەجێما، بەڵام لەســاڵی ١٩٩٥ دەســتی لێهەڵگرت و گواسترایەوە بۆ ڕووسیا.

**٤- باشــووری ئەفریقیا:** لەســاڵانی هەشــتاکاندا توانی ٦ کڵاوەی ناوەکی بەرهەمبهێنێ، بەڵام لەنەوەدەکاندا بەیەکجاری دەستی لێهەڵگرت و لەناویبردن.


*** ئەو وڵاتانەی توانای دروستکردنی ترسانەی ئەتۆمییان هەیە:**

شارەزایان و ناوەندە زانستییەکانی دنیا پێیانوایە وڵاتانی **(کەنەدا، ژاپۆن، ئیتاڵیا، هۆڵەندا و لیتوانیا)** لەئێستاوە بوونەتە خاوەنی وزەی ئەتۆمی، کە بۆ ئامانجی مەدەنی و توێژینەوەی زانستیی بەکاریدەهێنن، بەڵام لەساڵانی داهاتوودا لەتوانایاندا هەیە ببنە خاوەنی کڵاوەی ناوەکی ئەگەر هاتوو حکومەتەکانیان وەها بڕیارێکی وەرگرت، لەگەڵ ئەوەی کە ئەو وڵاتانە پێشــتر ئیمزایان لەســەر پەیماننامەی تەشەنە نەکردنی چەکی ناوەکی کردووە.




ئەم نەخشەیە هێما بۆ ئەو وڵاتانە دەکات کە خاوەن هێزی ئەتۆمین

هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەر زەنگێکی ئاگادارکردنەوە بوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەی تیرۆریزمی ئەتۆمی



## پەیماننامەی تەشەنە نەکردنی چەکی ئەتۆمی (NPT)

ئەو وڵاتانەی ئەو پەیماننامەیان مۆرکردووە مافی تەواویان هەیە ســووتەمەنی ئەتۆمی بۆ ئامانجی ئاشتیانە بەکاربهێنن، ئەمەش لەڕێگەی پیتاندنی یۆرانیۆم یان جیاکردنەوەی پلۆتۆنیۆم. هەرچەندە وڵاتانی ئیسرائیل و هیندستان و پاکستان کە ناسراون بەوەی خاوەن چەکی ئەتۆمین، بەڵام تا ئێستا پەیوەندیان بەم پەیماننامەیە نەکردووە. کۆریای باکوریش لەساڵی ٢٠٠٣ لەو پەیماننامەیە کشایەوە.

## پیتاندنی یۆرانیۆم

بەگوێرەی لیژنەی چاودێریی ئەتۆمیی نەتەوە یەکگرتووەکان، واتە ئاژانســی وزەی ئەتۆمیی نێودەوڵەتی، شــەش ڕێکخراو وێستگەی پیتاندن لەسەر ئاستی بازرگانی ئیش پێدەکەن. ئەوانیش:

- کۆمپانیای نیشتمانی ئەتۆمی چینی (CNNC)، کە دوو وێستگەی لەچین هەیە.
- یۆرۆدیف (**Eurodif**) کە پرۆژەیەکی هاوبەشە لەنێوان بەلژیکا و فەرەنسا و ئیتاڵیا و ئیسپانیا کە یەك وێستگەی هەیە لەفەرەنسا.
- میناتۆم (**Minatom**)، ئەویش ڕێکخراوێکە سەر بەدەوڵەتی ڕوسیا، چوار وێستگەی هەیە.
- کۆمپانیای سووتەمەنی ئەتۆمیی ژاپۆنی سنووردار (**JNFL**)، خاوەنی یەك وێستگەی پیتاندنە.
- ئورێنکۆ (Urenco)، پرۆژەیەکی هاوبەشی کۆمپانیا ئەڵمانی و هۆڵەندی و بەریتانیەکانە، وێستگەی پیتاندنی لەهەر سێ وڵاتدا هەیە.
- کۆمپانیای پیتاندنی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (**USEC**)، کۆمپانیایەکی ئەمریکیە و وێستگەیەکی لەکینتاکی هەیە.

جگە لەمانە پاکستان و هیندستان لەسەر ئاستێکی نزمتر پیتاندنی یۆرانیۆم ئەنجامدەدەن. بەگوتەی شارەزایانیش پرۆگرامی پیتاندنی ئەرژەنتین لەو ئاستی ئەو دوو وڵاتەش نزمترە.

بەرازیلیش دوای دانوستانێکی درێژخایەن لەگەڵ ئاژانسی وزەی ئەتۆمی نێودەوڵەتی، سەنتەرێکی تری نوێی بۆ پیتاندنی یۆرانیۆم لەوێستگەی ئەتۆمیــی ڕەســەند (**Resende**) لەســاڵی ٢٠٠٦ کردەوە.



ئێران لەساڵی ٢٠٠٦ ڕایگەیاند کە ئەویش دوای پیتاندنی یۆرانیۆم بۆ ســووتەمەنی ئەتۆمی بەسەرکەوتووی بووەتە یەکێك لەو وڵاتانەی خاوەن وزەی ئەتۆمین.

شارەزایانیش دەڵێن گومانیان هەیە ئیسرائیلیش پرۆگرامێکی پیتاندنــی یۆرانیۆم بەڕێوەببات لەوێســتگەکەی بەناوی دیمۆنە (**Dimona**)، بەڵام تا ئێستا نەسەلمێندراوە.

وا دەزانرێت کۆریای باکوریش خەریکی پیتاندنی یۆرانیۆم بێت بەڵام ئەمیش وردەکاریەکی زۆری دەربارە نازانرێت.

# تورکیا بە ڕووگەیەکی ڕاستدا هەنگاو دەنێت



**سامی شۆڕش**

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

دوای چەندین ساڵی تفت و تاڵ و خوێناوی، دوای چەندین ساڵ لە داخران بەسەر کوردو ڕەتکردنەوەی بوونە نەتەوەییەکەی و مافە ئاساییەکانی، ئێستا، لەم ساڵەی دواییدا، تورکیا خەریکە، لە ڕێگەی تەوژمێکی دیموکراسیی ناوخۆ، خەریکە بە عەقڵ و تێڕوانین و چاوێکی سیاسی تازەوە، سەیری کوردو مافە نەتەوەییەکانی دەکات چ لە ناوەوەی وڵاتەکەو چ لە دەرەوەیدا. بگرە هەوڵیش دەدات پەیوەندیەکانی خۆی لەگەڵ کورد ئاسایی بکاتەوە.

راستە سەیر کردنەکە، ئەوە نەبێت، هەر تەنیا لە بەرامبەر کورد تازە بێت، بەڵکو لە زۆربەی بوارەکانی سیاسیەتی دەرەوەو ناوەوەی تورکیادا تازە بووە. راستە، قەوارەی سەیر کردنەکە هەتا ئێستاش بەرفراوان نیەو سنووردارە. بگرە تا ڕادەیەك بێ دەنگیشە. بەڵام ئەگەر لەم بوارەدا بۆ هێما بگەڕێین، ئەوا یەك لە هێما گرنگەکان لە ئاستی ناوخۆی تورکیادا، کرانەوەی حکومەتی سەرۆك وەزیران ڕەجەب تەییب ئەردۆگانە بە ڕووی کێشەی کورد لە کوردستانی باکوور. لە ئاستی دەرەوەیشدا، هێماکە، کرانەوەی حکومەتی تورکیایە بەسەر حکومەتی کوردستانی عێراق کە بەرچاوترین دیاردەکانی سەردانەکەی ئەم دواییەی وەزیری دەرەوەی تورکیا (ئەحمەد داوودئۆغلو) بوو بۆ هەولێری پایتەخت.

بە هەر حاڵ، تورکیا وڵاتێکی هاوسێی گەورەو گرنگە بە نیسبەت کوردستانی عێراق چ لە بواری ئابووری و بازرگانیدا و چ لە بواری سیاسی و ناوچەییدا. بەڵام لە قۆناخی ئەمڕۆدا، کە قۆناخێکی زۆر سەخت و ئاڵۆزو گرنگە، بایەخی ئەم دەوڵەتە بۆ کوردستانی عێراق، لە خاڵێکی زۆر گرنگ دا خۆی دەنوێنێت کە ئەویش مەسەلەی هەڵایساوی کەرکووکە. وەك مەعلوومە، شۆڤێنیستان لە ناو عێراق، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، دەستیان داوەتە هەڵمەتێکی ڕەش بۆ تێکەڵ کردنی کەرکوك بە مەسەلەی هەڵبژاردنی پەرلەمانیی عێراقەوە. مەبەستیش لەم هەڵمەتە کوشتنی ماددەی ١٤٠ ی دەستووروو دابڕاندنی یەکجارەکی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکان لە کوردستان.

جاران، ئەنقەرە بەوە بە ناوبانگ بوو کە بە هەموو شێوەیەك هەوڵی دەدا دەست لە کاروباری ناوخۆی عێراق و کوردستان وەربدات. هەوڵی دەدا ئەوەندەی پێی بکرێت لە بواری کەرکوکدا تەگەرە بۆ کورد دروست بکات. تەنانەت دوژمنانی ناوخۆی کوردیش لە عێراق هەتا بۆیان دەکرا پشتیان ئەستوور کرد بوو بەو هەڵوێستە دوژمنکاریەی ئەنقەرە. وایان لێك دەدایەوە تا تورکیایان لە پشت بێت ئەوان سەرکەوتوو دەبن لە زەوت کردنی کەرکوك. تەنانەت یەك لە بەهانە گەورەکانی شۆڤێنیستانی ناو عێراق بۆ خۆدزینەوە لە مەسەلەی جێ بە جێ کردنی مافە دەستووریەکانی کورد، هەڵوێستی ناتەباو ناجۆرو دوژمنانەی دەوڵەتی تورکیا بوو.

بەڵام ئێستا، دوای هاتنی داوودئۆغلو بۆ کوردستان، ڕەنگە هەتا ڕادەیەکی هەست پێکراو، تورك دەستی لەو سیاسەت و هەڵوێستە چەوتە هەڵگرتبێت. راستە، دەست هەڵگرتنەکە تا ئێستاش نادیارەو بگرە بە شێوەیەکی ڕوون و تەواو خۆی نانوێنێت. بەڵام گومانی تێدا نیە کە ئەم جۆرە هەڵوێستە تازەیە دەستی بە گەڵاڵە کردن کردووەو هەتا ڕادەیەکی بەرچاو، خۆی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ نواندوە.

بێگومان، مەبەست لەم قسانە ئەوە نیە بڵێم کە ئیتر ئەنقەرە دەستی لە فایلی کەرکوك هەڵگرتووەو وازی لە گەمەی دەستوەردان لە کاروباری کوردو عێراق هێناوە. نەخێر، مەبەست ئەوە نیە. ئەوە نیە، تا ئێستاش ناوەندە توندڕەوەکانی ناو حکومەت و سوپای تورکیا بەردەوامن لە دەستوەردانی بێ دەنگ؟ ئەوە نیە، وەزیری دەرەوەی عێراق هوشیار زێباری بە ئاشکرا ڕایدەگەیەنێت و داوا لە بالیۆزخانەی تورکیا لە بەغدا دەکات کە واز لە سیاسەتی فشارهێنان بهێنن لە بواری کەرکوك دا؟ بەڵام، لە گەڵ هەڵوێستی ناوەندە توندڕەوەکانی ئەنقەرە، چەند دیاردەیەکی دڵخۆشکەرو تازە لە ئارادان کە پێویستیان بە باس کردنە:

یەکەم، ئەنقەرە لە مەسەلەی کەرکوك دا، وازی لە هەڕەشەو گوڕەشەی سەربازی هێناوە. جاران هەر کاتێك باس بهاتایە سەر باسی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکان، یەکسەر ئەنقەرە دەکەوتە دڵەڕاوکەو مەسەلەی هەڕەشەکردنی

سەربازی لە دژی کوردستانی عێراق دەهێنایە گۆڕێ. بەڵام لەمساڵەی دواییدا، وەك پێ دەچێت بە پراکتیك وازی لە سیاسەتی هەڕەشەی سەربازی هێناوە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا گۆڕانکاریەکە لە سیاسەتی ئەنقەرە بەرامبەر بە کەرکووك و بە پێگەی کورد لە ناو عێراقدا.

دووەم، تەنانەت لە بواری سیاسیشدا، ئێستا وەك جاران فشار بۆ سەر کورد ناهێنێت. جاران بە هەموو شێوەیەك خۆی لە پەیوەندیی راستەوخۆ دەپاراست و رێگەی نەدەدا هیچ بەرپرسێکی مام ناوەنجیی خۆی، بە ئاشکرا سەردانی کوردستان بکات یان لەگەڵ بەرپرسانی کورد بکەوێتە گفتوگۆ. لە رێگەی ئەو سیاسەتەوە، تورکیا دەیویست کورد لە جیهانی دەرەوە دابڕێت و پێگەکەی تا بۆی بکرێت لاواز بکات. بەڵام ئەم سیاسەتەش لەم ساڵەدا دووچاری گۆڕان هات. ئەوە نیە، سەردانەکەی ئەم دواییەی داوودئۆغلو بۆ پایتەختی کوردستان لە کاتێکدا هاتە ئاراوە کە ناکۆکیەکانی هەولێرو بەغدا لە بواری کەرکوك و هەڵبژاردنی عێراقیدا لەو پەڕی گەرمی دا بوو؟

سێیەم، ئەگەر جۆرە دەستوەردانێك لەو فایلە لەلایەن تورکیا مابێتەوە، ئەوا دەستوەردانێکی بەرتەسکی بێ دەنگ و نهێنی و کەم بایەخدارە. دیارە، لە بەغدا، هێزە سیاسیە شۆڤێنیە عەرەبی و هەندێك هێزی تورکمانی نزیك لە ناوەندە توندڕەوەکانی تورکیا، تا ئێستاش خەون بەوەوە دەبینن کە ئەنقەرە یاریدەدەریان بێت لەوەی پێگەی کورد لە ناو عێراقی تازە سنووردار بکەن. تەنانەت ئەو هێزانە بەردەوام لە هەوڵی ئەوەن فشار بۆ سەر بالیۆزخانەی تورکیا لە بەغدا ببەن و داوای لێ بکەن ئەویش لە باری خۆیەوە بێتە ناو مەیدانی ناکۆکیەکانی ناو عێراقەوەو فشار بخاتە سەر کورد بەڵکو دەست لە کەرکوك و ماددەی ١٤٠ هەڵدەگرێت.

لێرەدا، گرنگە باس لەوە بکەین کە خواست و ئارەزووی هەندێك لە ناوەندە سیاسی و سوپاییەکانی تورکیا، تا ئێستاش، لە گەڵ خواستی ناوەندە شۆڤێنیەکانی عەرەب و تورکمان لە عێراق یەك دەگرێتەوە. بەڵام، ئەوەی گرنگە لەم بوارەدا ئەوەیە کە دەسەڵاتی سوپاو ناوەندە شۆڤێنیستەکانی ناو تورکیا روو لە کزی و لاواز بوونە. بۆیە، گومانی تێدا نیە، ناوەندەکانی عێراقیش وەك جاران هەست بە پالپشتی ئەنقەرە ناکەن. تەنانەت ناوەندە شۆڤێنیستەکان، چ لە بەغداو چ لە ئەنقەرە، حەزیان بەوە نەبوو داوودئۆغلو لەو ئان و ساتەی ئەمڕۆی عێراقدا بێتە هەولێرو بە رۆژی رووناك باس لە بەرژەوەندیە هاوبەشەکانی تورکیاو کوردستان بکات و بە کورد بڵێت هەر دوو لامان لە قەوارەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی تازەدا یەك دەگرینەوە.

بێگومان، گۆڕانی هەڵوێستی تورکیا بەرامبەر بە کورد خاڵی نیە لە جۆرە فشارێکی ئەمریکاو ئەوروپا. بەڵام بۆ ئەوەی بە هەڵە نەچین و بە هەڵە رووداوەکان لێك نەدەینەوە، دەبێت ئەو راستیە لەبەر چاو بگرین کە هۆکاری یەکەمی گۆڕانی هەڵوێست لە تورکیا ئەو بزاڤە دیموکراسی و چاکسازیەیە کە لە هەناوی کۆمەڵگای تورکیاوە هەڵدەقولێت. تورکیاش وەك هەموو دەوڵەت و کۆمەڵگاکانی دیکە، بزاڤێکی زیندووی بەرەو پێشەوە چوونی تێدایە. لەوێش بەشێکی گرنگی دەزگای سیاسی خوازیاری ئەوەیە کە لە دەوڵەت و کۆمەڵگا لە قاوغی کەمالیزم بێنە دەرەوەو خۆ لەگەڵ تەوژمی دیموکراسی بگونجێنن. لەوێش هێزە سیاسیە سەرەکیەکان، لە غەیری چەند رێکخراوێکی توندرەو کە ئێستا لە ریزی ئۆپۆزیسیۆنن، دەیەوێت لە تورکیادا ئایین و نەتەوەو دەوڵەت ئاشتەواییان لە نێواندا هەبێت و لە جیاتی شەڕو هەڕەشەو ناکۆکی، تورکیا بە ئاشتی و دایەلۆگ و گفتوگۆو هاوکاری لەگەڵ ناوخۆی و لەگەڵ دەروجیران بجولێتەوە. هەر ئەم تەوژمەش بوو، بەم دواییە وای کرد تورکیا لەگەڵ ئەرمینیا پێکبێتەوەو سنووری خۆی والا بکات و رێککەوتننامەیەکی هاوکاری لەگەڵ ئێریڤان مۆر بکات.

لە راستیدا، ئەم تەوژمە کە خۆی لە حزبی عەدالەت و بوژانەوەی فەرمانڕەوا دەنوێنێت، بەرپرسی یەکەمە لەوەی تورکیا خەریکی کرانەوەیە بەسەر کوردی ناوەخۆو کوردی عێراق. لە بواری هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ناوەوەی تورکیاو رۆڵە ناوچەییەکەیدا، هەق وایە، ئەم راستیە لەبەر چاو بگرین و هێزە گەورەکەی تەوژمەکە هەر تەنیا بۆ ئەمریکاو ئەوروپا نەگێڕینەوە، بەڵکو تەوژمە ناوەخۆکەیش لەبەر چاو بگرین. خۆ ئەگەر هەر کاتێك هەستمان بە لەسەرەخۆیی ئەنقەرە کرد لە بواری کورددا، ئەوا دەبێت حسێبی یەکەم بۆ ئەوە بکەین کە رەنگە سوپاو ناوەندە نەتەوەخوازە شۆڤێنیستەکان رێگر بن. ئەم ناوەندانە دەزانن بە راستە رێ رۆیشتنی وڵاتەکەیان بە تایبەتی لە بواری پەیوەندی لەگەڵ کورد، لە دوا ئەنجامدی دا بەوە دەشکێتەوە کە تورکیا لە قاوغی کەمالیزم دەربچێت. بۆیە، بەوپەڕی توانایانەوە هەوڵ دەدەن ئەو دەوڵەتە گرنگەی رۆژهەڵاتی ناوەراست هەر لە قاوغەکەی جارانیدا پەنگ بخواتەوەو بە رووی کەسدا نەکرێتەوە.

دیارە، دوارۆژ نەك تەنیا لە تورکیا بەڵکو لە تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نە بۆ نەتەوەپەرستە بەرچاو تەسکەکان و نە بۆ ئایدۆلۆژیاخوازەکان و نە بۆ تیرۆریستان و نە بۆ بانگهەڵدێرانی تێکەڵ کردنی ئایین و سیاسەتە. دوارۆژ تەنیا بۆ دیموکراسی و کرانەوەو فرەخوازی و بەها مرۆییەکان و کۆمەڵگەی مەدەنیە. بۆیە، رێگەی لە یەکگەیشتنی سیاسی و شارستانی و رۆشنبیری لەبەردەم هەر دوو گەلی کوردو تورك والایە. هۆی یەکەمیش لەو بوارەدا ئەوەیە کە هەر دوو ئەم میللەتە کار بۆ سەقامگیری و دەسەڵاتی یاساو بەرقەرار کردنی دیموکراسی دەکەن.

**ئەنقەرە لە مەسەلەی کەرکوک دا، وازی لە هەڕەشەو گوڕەشەی سەربازی هێناوە لە دژی کوردستانی عێراق**

# پرۆسەی سیاسیی عێراق و گـ

## هەتا سیناریۆی جۆراوجۆر سەقامگیری دروستنابێت

**هەندێک لەچاودێران ئاماژە بەوە دەکەن کە هۆکاری سەرەکی دروستبوونی ئەو کێشەو ئالۆزیانەی لەسەر چارەنووسی کەرکوک دروستدەکرێت پەیوەندی بە ناکاملّی سیاسیەکانی عێراقەوە هەیە**

ئەوەی ئێستا لەناو ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەیبینن پیلانگێڕانە نەك وتوێژی سیاسیی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، هەر جارەو بەبیانوویەك دەبێت لەسەر حسابی مافە رەواکانی خەڵکی کوردستان ئاڵۆزییەك دروستبکرێت و پاشان بەپەلەپەل و لەبەرخاتری ئەم و ئەو و گوشاری ئەمریکا لەکۆتاییدا دەروازەیەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بدۆزرێتەوە، ئەمجارە پێدەچێت ئەو چارەسەرەش ناتوانێت تەمومژی ئاڵۆزییەکان برەوێنێتەوە، هەر بۆیە سیناریۆی ئەمجارە بەپێدانی بارودۆخێکی تایبەت بۆ کەرکوك و جیاکردنەوەی لەباقی پارێزگاکانی دیکەی عێراق کارێکی ئاسان نییە و مەترسی گەورەی لێدەخوێنرێتەوە.

### بۆچی هەموو جارێک کێشە بۆ کەرکوک دروستدەکرێت

هەندێك لەچاودێران ئاماژە بەوە دەکەن کە هۆکاری سەرەکی دروستبوونی ئەو کێشەو ئاڵۆزیانەی لەسەر چارەنووسی کەرکوك دروستدەکرێت پەیوەندی بە ناکاملّی سیاسیەکانی عێراقەوە هەیە کە ئێستا بەهۆی بارودۆخی سیاسیی عێراقەوە لەگۆڕەپانەکەدا باس لەسەر ئاییندەی عێراق، تێبنی و سەرنجی ئەو چاودێرانە زیاتر لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت، کە زۆر لەو سیاسەتمەدارانەی لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ەوە لە گۆڕەپانەکە دەرکەوتوون هەوڵدەدەن دەقاودەق لاسایی رژێمی سەدام حوسێن بکەنەوە بەڵام ئەوەیان لەبیرچۆتەوە کە لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ ەوە سەردەمی دیکتاتۆریەتی سەدام حوسێن بۆ هەتاهەتایە خرایە ناو زبڵدانی مێژووە و ئەو سەردەمە کۆتاییهات و ئێستا عێراقییەکان خەریکی دامەزراندنەوەی عێراقی نوێن، عێراقیك لەسەر بنەمای پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانە بونیاد دەنرێتەوە، هەربۆیە کاتێك بەمیتۆدی عێراقی و لەروانگەی دەستووری عێراقەوە سەیری کێشە سیاسییەکانی عێراق و ئەو سیناریۆ جۆراوجۆرانە دەکرێن کە بۆ ئاییندەی کەرکوك لەناو ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا بۆ موناقەشە و وتوێژ دەخرێنەڕوو، هەست دەکەین ئێستاش لەعێراقدا هەوڵێك هەیە بۆئەوەی سەرتاپا مێژووی خوێناوی عێراق دووبارە بکەنەوە و جارێکی دیکە شەڕی کورد و عەرەب لەعێراقدا دروستبکەنەوە، ئەگەر بەو مەبەستە نییە، پرسیار ئەوەیە بۆچی تەنها لەسەر رەوشی سیاسیی کەرکوك ئەم هەموو سیناریۆیە دروستدەکرێت خۆ لەچارەسەری راستەقینە دەدزرێتەوە کە دەستووری عێراق بەپێی مادەی ١٤٠ نەخشەی رێگەی بۆ کێشاوە، ئەوەی لەهەموو شتێك جێگەی سەرسامی و هەڵوەستە لەسەرکردنە، ئێستا بۆ مەسەلەی کەرکوك باس لەوە دەکرێت کۆتا بۆ عەرەب و تورکمان دروستبکرێت و لەسەر حسابی کورد کورسی زیاتریان پێ بدرێت، پرسیار ئەوەیە ئایا ئەمە چ لۆژیکێکە کورد لەپارێزگاکانی دیالە و سەلاحەدین و نەینەوا بێ کۆتا بەشداری هەڵبژاردن بێت و عەرەب و تورکمان لەکەکوك کۆتایان بۆ دروستبکرێت؟، ئەم حاڵەتە بێجگە لەپیلانێك کە بۆ دووبارە تەعریبکردنەوەی کەرکوك و چەسپاندنی سیاسەتی ئەمری واقیعی بەعسیەکان شتێکی دیکەی لێ ناخوێنرێتەوە، چەسپاندنی ئەو سیاسەتە شۆڤێنیانەی بەعسیش بەدرێژایی دەیان ساڵی سەدەی رابردوو بۆ



سڕینەوەی ناسنامەی کورد لەعێراقدا پیادەی کردوون، تەواو تەواو یەك مانا دەبەخشێت ئەویش سەرلەنوێ گەڕانەوەیە بۆ سەردەمی دیکتاتۆریەتێکی هاوشێوەی سەددام حوسێن بەڵام بەدەموچاوێکی دیکە و لەبەرگێکی دیکەدا.

### دەستووری تاڵی معاویەیە بۆ مانەوەی عێراق بەیەکگرتوویی

دەوڵەتانی عەرەبی و ئیقلیمی هەمووکات پێویستیان بەوە هەیە چەند کێشەیەکی ئاڵۆزی هاوشێوەی کێشەی فەڵەستین و ئیسرائیل لەناوچەکەدا هەبێت و کێشە ناوخۆییەکانی خۆیانی پێ بشارنەوە، دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی کە هەموو شەڕ و نەهامەتییەکانی خۆیان دەخەنە ناو فەلەستین و لەسەر حسابی گەلی فەلەستین درێژە بەحکومڕانی خۆیان دەدەن، ئامادەن بەقاچاخ چەك و تەقەمەنی لەڕێرەوی رەفەح و بەندەرەکانەوە بگەیەننە ڕێکخراوی حەماس و حزبوڵڵا، بەڵام تائێستا هیچ کام لەدەوڵەتانی ئیسلامی و عەرەبی ئامادەبوون بەشداری لەبونیادنانەوەی رامەڵڵاو غەزە بکەن، ئامادەن ڕێگە بەخۆپیشاندانی سۆزئامێز بدەن و لەکەناڵی جەزیرەو عەرەبییەوە نەهامەتیەکانی فەڵەستین بڵاوبکەنەوە بەڵام ئامادەنین کولتوورێك بڵاو بکەنەوە کە بتوانن لەیەك وڵاتدا پێکەوە بژین.

ئێستا زۆر لەهێز و لایەنە سیاسییەکانی عێراق بەهاندان و دەستی دەرەکی دەیانەوێت هەمان سیناریۆی فەلەستین لەعێراقدا دووبارەبکەنەوە، ئامانجی ئەو دەوڵەتانە بۆ درێژەدان بەناسەقامگیری عێراق هەروا لەخۆوەو و بێ بەرنامە نییە بەڵکو ئامانجی هەموویان ئەوەیە:

١- ئەو پرۆسە دیموکراسیەی لەعێراقدا دەستی پێکردووە سەرکەتوو نەبێت، لەبەرئەوەی ئەگەر لەعێراقدا ئەو پرۆسەیە سەرکەتوو بێت، سەردەمی رژێمە تۆتالیتاریەکان کۆتایی پێدێت.

٢- ئەگەر عێراق بووە وڵاتێکی سەقامگیر و دیموکراسی نەتەوەکانی عێراق بەشێوەیەکی ئارەززومەندانە لەعێراق پێکەوە ژیان، ئەوا ئیدی بوار بۆ ئەوە نامێنێتەوە، وڵاتێکی هاوسێی عێراق مافی هاوڵاتیبوون بەهاوڵاتی وڵاتەکەی خۆی ڕەوانابینێت و وەك میوان سەیری بکات.

**٣-** ئەگەر پرۆسەی دیموکراتی و عێراقی نوێ سەرکەتووبێت، ئیتر چیدیکە دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی ناتوانن بەسامانی نەوت گەلەکەی خۆیان بێدەنگ بکەن، کە ئەمەشیان نەتوانی ئیدی دەبێت خۆیان جاری کۆتایی خۆیان بدەن.

٤- ئەگەر پرۆسەی دیموکراتی عێراق سەرکەتوو بێت، ئیدی چیدیکە گەنجانی دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی لە نائومێدبوونەوە خۆیان لەناو بزووتنەوە ئیسلامییە توند ڕەوەکان خۆیان نابینەوە.

ئەم خاڵانە و چەندی دیکەش ئاماژەن بۆ ئەوەی کە چۆن لەپشت هەر کێشەیەکی سیاسییەوە تارمایی چەندین دەستی دەرەکی دەبینرێت و تەنها ڕێگاش بۆ بڕینەوەی ئەو دەستانەو سەرخستنی پرۆسەی سیاسیی لەعێراقدا پابەندبوونە بەو دەستوورەی کە ٨٠٪ی زیاتری عێراقیەکان دەنگیان پێداوە و پابەندنەبوونیش بەو دەستوورەوە ئەوا جارێکی دیکەعێراق بە یەکگرتوویی نامێنێتەوە.

**ئێستا زۆر لەهێز و لایەنە سیاسییەکانی عێراق بەهاندان و دەستی دەرەکی دەیانەوێت هەمان سیناریۆی فەلەستین لەعێراقدا دووبارەبکەنەوە**



# ـــەڕانەوە بۆ چوارگۆشەی یەکەم

## بۆ کەرکوک دروستبکرێت

## و ئایندەی عێراقیش ڕۆشن نابێت

داڤید ئیگناتۆس ستوون نووسی واشنتۆن پۆست (بۆ گوڵان):

# ئەمەریکا خوازیاری ئەوەیە هاوسەنگییەک لەنێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا بێتەئاراوە، ئەم هەڵوێستەی ئەمەریکاش گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە




**رۆژنامەنووسی جیهانی داڤید ئیگناتۆس ستوون نووسی رۆژنامەی واشنتۆن پۆستە و یەکێکە لەو رۆژنامەنووسانەی کە لەنزیکەوە چاودێری بارودۆخی عێراق دەکات و نووسینەکانی لەسەر ئاستی ئەمەریکاو جیهان بایەخی پێدەرێت و زۆرجار نووسینەکانی ئیگناتۆس مشتومڕی گەورەی لەئاستی عێراق و ئیدارەی ئەمەریکا دروستکردووە، رۆژنامەنووس ئیگناتۆس لەزۆربەی ئەو کاتانەی پرۆسەی سیاسیی عێراق دەکەوێتە بارێکی نائاساییەوە قسە بۆ گوڵان دەکات و خۆشحاڵە کە ئێمە پەیوەندی پێوە دەکەین، بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی سیاسیی ئێستای عێراق رۆژنامەنووس ئیگناتۆس بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی:**

*** بەڕێزت وەك چاودێرێك لەسەر بارودۆخی سیاسیی عێراق لەم قۆناخەدا چۆن سەیری بارودۆخی سیاسیی عێراق دەکەیت؟**

- بارودۆخی عێراق تاڕاددەیەك ئارامە لەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لەشارەکاندا، هەروەها ڕەوشەکە باشترە لەوەی پێشبینیم دەکرد. من لەشاری بەسرابووم و فەرماندەی مەحەلی، جەنەراڵ عەزیزم بینی کە بەباشی کۆنترۆڵی ئەو ناوچەیەی کردووە و ئەمەریکییەکانیش تەنها یارمەتییەکەی کەمی دەدەن لەم ئەرکەیدا. مەسەلەیەکی دیکە هەیە پەیوەستە بە هەڵبژاردنەکانەوەو ئەمەش پرسێکی زۆر گرنگە و ئەو ڕوگە و ئاڕاستەیە دیاری دەکات کە عێراق کە دەیگرێتبەر لەئاییندەدا، ئەم هەڵبژاردنانە گرنگن بەلای منەوە، لەبەر ئەوەی لاوازبوون و پاشەکشەی پارتە ئاینییەکان و سەرهەڵدان و هەڵکشانی پارتە نیشتیمانییەکان بەدی دەکەین. خاڵێکی دیکە دەمەوێت ئاماژەی پێبکەم ئەوەیە کوردەکان دەنگ و سەنگێکی کاریگەریان دەبێت لەم هەڵبژاردنانەدا و دەبێت چاوەڕێی ئەوە بکەین و بزانین کوردەکان چۆن ئەم کاریگەرییە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان بەکار دەهێنن. مەسەلەیەکی دیکە ئەوەیە ئایا لەهەڵبژاردنەکاندا لیستی کراوە پیادە دەکرێت یان داخراو، ئەگەر لیستی کراوە پیادە بکرێت ئەوا دەرفەتی گەورە دروست دەبێت بۆ سەرهەڵدان و دروستبونی گروپی سیاسی نوێ کە ڕەنگە نەخشە سیاسییەکەی ئێستای عێراق بهەژێنن.

*** ئێستا لەعێراقدا لەسەر ئاستی سیاسی، پرۆسە سیاسییەکە لەئاڵۆزترین قۆناغدایە بە چەشنێك تەنانەت لایەنەکان ناتوانن بگەنە ڕێککەوتنێك لەسەر یاسای هەڵبژاردن، ئاییندەی عێراق چۆن دەبینیت لەپەیوەندیدا بە کەشی سیاسی عێراقەوە؟**

- ئەوەی لەعێراقدا بەدی دەکرێت و هەمیشە دووبارە دەبێتەوە ئەوەیە سیاسییەکانی ئەم وڵاتە چاوەڕێ دەکەن بۆ ئەوەی لەدەقەکانی کۆتایی یاخود هەندێ جار لەچرکەکانی کۆتاییدا بگەنە ڕێککەوتن، ئەمە بۆ زۆرێك لەیاسا گرنگەکان و بۆ ڕێککەوتنامە ئەمەریکییەکەی عێراق لەگەڵ ئەمەریکادا ڕاست بوو، کە من گریمانەی ئەوە دەکەم هەمان سیناریۆ لەیاسای هەڵبژاردنەکانیشدا دووبارە بێتەوە. عێراق دەتوانێت ببێتە وڵاتێکی دیموکراتی بەهێز، بەڵام دەبێت سیاسییەکانی بە شێوەیەکی کاراتر ئەرکەکانی خۆیان ئەدا

بکەن و نابێت هەموو جارێك تا ساتەوەختی کۆتایی چاوەڕێ بکەن، دەبێت بەرپرسیارێتی زیاتر بگرنەئەستۆ و خێراتر بجولێن. من دەبێت ئەوە بڵێم کە سەرەڕای هەڵکشانی توندوتیژی و تەقینەوەکانی ئەم دواییە لەبەردەم وەزارەتی داد و بارەگای ئەنجومەنی پارێزگای بەغدا، بەڵام من بەرەوپێشچونی گەورە دەبینم بە بەراورد بە سەرەتای ئەم ساڵ یان ساڵێك پێش ئێستا کە سەردانی عێراقم کرد، واتە سەرەڕای دژوارییە ئەمنی و سیاسییەکان بەڵام بەرەوپێشچوون ڕوویداوە.

*** ئەگەر لەکاتی خۆیدا هەڵبژاردنەکان ئەنجام نەدران، ئەگەری پاشەکشی پرۆسە سیاسییەکە نایەتە ئاراوە؟**

- پرۆسە سیاسییەکە ئەو کاتە پاشەکشە دەکات ئەگەر هەڵبژاردنەکان دوابخرێن و بڕیارەکان پەکیان بکەوێت وەك ئەوەی لەماوەی نێوان کۆتایهاتنی سەردەمی جەعفەری و سەرەتای دەستبەکاربونی مالیکیدا بەدیمان کرد، کە پشێوی باڵی بەسەر ڕەوشەکەدا کێشابوو و ئەوەش خراپترین سەردەمی عێراق بوو، ئێوە ناتانەوێت بگەڕێنەوە بۆ ئەو دۆخە. ئەگەر پرسیارم لەبارەی بارودۆخی کەرکوکەوە لێدەکەیت ئەوا من هەمان وەڵامی پێشوم دەبێت، کە پێم وایە باشترە کوردەکان ڕێگە بدەن کاتێکی زیاتر تەرخان بکرێت پێش ئەوەی داوای چارەسەری کێشەی ئەم شارە بکەن، لەبەر ئەوەی ئەمە بۆمبێکە و ئەگەری تەقینەوەی هەیە کە زیان بە کورد و تورکمان و پێکهاتەکانی دیکە دەگەیەنێت، کەواتە هێشتا بارودۆخەکە مەترسیدارە. پەیامی من بۆ کوردەکان ئەوەیە ژیرانە ڕەفتار بکەن، لەبەر ئەوەی ئێستا دۆخێکی باش دروستبووە بۆ کوردەکان، پەیوەندییەکانتان لەگەڵ تورکیا بەرەوپێشەوە دەچێت، لەبەر ئەوە هەڵەیەك مەکەن بەهۆی پێداگیری زیاد لە پێویستەوە بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتێك کە مەترسی ئەوەی لێدەکرێت ببێتەهۆی لەدەستدانی دەستکەوتگەلێکی زرۆی دیکە، لەبەر ئەوەی ڕێگە بدەن کاتێکی زیاتر بۆ کەرکوك تەرخان بکرێت.

*** بەڵام بارودۆخە مەترسی ئەوەی لێدەکرێت پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق ئاڵۆز بکات، لەبەر ئەوەی کوردەکان ڕازی نابن بە جیاکردنەوەی کەرکوك، یان پێدانی بارێکی تایبەت لەهەڵبژاردنەکانی داهاتوودا، ئایا چارەسەرنەکردنی ئەم کێشەیە نایێتەهۆی ئەوەی بارودۆخەکە زیاتر مەترسیدار بێت؟**

- هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد دەبێت کوردەکان لەم ڕووەوە بگەنە چارەسەرێکی مام ناوەندی، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەو بۆمبە بتەقێتەوە زیان بە کوردەکانیش دەگەیەنێت.

*** ئایا ڕۆڵی ئەمەریکا چی دەبێت ئەگەر هەر جۆرێك لەئاڵۆزی لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقدا ڕوویدات؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەمریکییەکان خوازیاری ئەوەن هاوسەنگییەك لەنێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا بێتەئاراوە، ئەم هەڵوێستەی ئەمەریکاش گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە، هەروەها ئەمەریکییەکان نیگەران دەبن ئەگەر کوردەکان یەکلایەنە سوود لەبارودۆخەکە وەربگرن. ئەوەی من دەمەوێت جەختی لەسەر بکەمەوە ئەوەیە ئەگەر هەڵبژاردنەکان بەڕێوەبچن و بە پێی شیکردنەوەکان کە لەسەر بنەمای ڕاپرسییەکان کراون، ئەوا کوردەکان پێگەیەکی گرنگیان دەبێت وەك هێزێك کە هاوسەنگی ڕابگرن، بە چەشنێك ئەگەر هەر لایەنێك حکومەت پێکبهێنێت پێویستی بەکوردەکان دەبێت بۆ ئەوەی زۆرینە پێکبهێنێت، ئەمە پێگەیەکی باشە بۆ گفتوگۆکردن و گەیشتن بە ڕێککەوتن، ئەمەش بواریان بۆ دەڕەخسێنێت بۆ بەدەستهێنانی ئەوەی لەبەرژەوەندی خەڵکەکەیاندا دەبێت، کەواتە ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە کاتی خۆیدا بەتایبەتی لەبەرژەوەندی کوردەکاندا دەبێت، لەبەر ئەوەی ڕەنگە دواخستنی ببێتەهۆی سەرهەڵدانی ئەو لایەنانەی بتوانن لەهەڵبژاردنەکاندا زۆرینە بەدەست بهێنن، کە ئەو کاتە پێویستیان بە کوردەکان نابێت.

*** ئایا باشترین ڕێگاچارە بۆ ڕزگاربوون لەم دۆخە دژوارە چییە؟**

- من پێم وایە ئەگەر هەڵبژاردنەکان ئەنجام بدرێن و دەرئەنجامەکەشی بەو شێوەیە بێت هیچ لایەنێك نەتوانێت بێ بەشداری کوردەکان زۆرینە پێبکهێنێت ئەوا ئەمە باشترین دەرفەت دەبێت بۆ ئەوەی کوردەکان بتوانن کێشە هەڵپەسێردراوەکان چارەسەربکەن بەو شێوەیەی لە بەرژەوەندی ئەواندا بێت، لەبەر ئەوەی ئەو کاتە هیچ لایەنێك ناتوانێت بێ بەڵێندانی ڕاستەقینە بە چارەسەکردنی ئەم کێشانە زەمانەتی بەشداری کوردەکان بکات.

*** زۆرێك لەکێشەکانی عێراق پەیوەندی بە دەستێوەردانی دەوڵەتە دراوسێکانەوە هەیە، بۆ نموونە چارەسەرنەکردنی کێشەی پەیوەندی بە فشاری سعودیە و ئوردنەوە هەیە لەسەر سوننەکان بۆ ئەوەی ڕێگەنەدەن کوردەکان مافەکانی خۆیان بەدەست بهێنن، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ ڕاددەیەك ئەمەریکا یارمەتی عێراقییەکان دەدات بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە؟**

- ئەمە پرسیارێکی گرنگە، ئەمەریکا هەموو هەوڵێکی دەخاتەگەڕ بۆ هاندانی حکومەتەکەی مالیکی بۆ ئەوەی بەرهەڵستی دەستێوەردانی ئێران بکات، ئەوەی پەیوەندی بە تورکیاوە هەبێت من پێم وایە ئەو وڵاتە ڕۆڵی هاوکاریکردن دەبینێت بە کارکردنی لەگەڵ حکومەتی هەرێم و حکومەتی مالیکیدا. ئەوەی لەبیرکراوە لەهەوڵەکانی سەرخستنی عێراقی نوێدا ڕۆڵی دەوڵەتەکانی کەنداوە بە تایبەتی سعودیە و ئیمارات، کە دەبێت ئەمەریکا، هەروەها سیاسییەکانی عێراق کاری جیددی بکەن لەم ڕووەوە. هەروەها ئێرانیش هەوڵی ئەوە دەدات عێراق بکاتە پاشکۆی خۆی، بەڵام من پێم وایە تێکڕای لایەنە عێراقییەکان ئەمە ڕەتدەکەنەوە، کە بە باوەڕی من دەکرێت لەکۆتاییدا عێراق سەربەخۆیی وەربگرێت لەم ڕووەوە، مەبەستم ئەوەنییە عێراق ببێتە دژومنی ئێران، بەڵام لەبڕیار و سیاسەتەکانیدا سەربەخۆی وەربگرێت.

*** ئایا تا چ ڕاددەیەك ئیدارەی ئەمەریکا گرنگی بە سەقامگیری عێراق و سەرکەوتنی پرۆسە سیاسیەکەی ئەم وڵاتە دەدات پێش ئەوەی هێزەکانی لەم وڵاتەدا بکێشێتەوە؟**

- من هیوادارم ئەمەریکا بەمشێوەیە کاربکات، لەبەر ئەوەی من هەمیشە لەنوسینەکانمدا ئەوە دووپات دەکەمەوە سەقامگیری و ئاسایش و سەربەخۆی عێراق لەبەرژەوەندی ئەمەریکادایە و ناکرێت بکشێینەوە و ئەو وڵاتە لەبیر خۆمان ببەینەوە.

*** دوا وتەت چییە؟**

- خۆشحاڵم کە سەرەڕای هەڵەکان و سەرەڕای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لەشارەکانی عێراقدا بەرەوپێشچون ڕویداوە. من دەمەوێت ئەوە بڵێم کە خەڵکی عێراق، بە خەڵکی کوردستانیشەوە دۆستی زۆریان هەیە لە ئەمەریکادا و خەڵکانێك هەن کاتی خۆیان بۆ بەدواداچوونی بارودۆخی عێراق تەرخان دەکەن و خۆشحاڵ دەبن ئەگەر هەواڵێك خۆشی ئەو وڵاتە ببیستن.

**کوردەکان دەنگ و سەنگێکی کاریگەریان دەبێت لەم هەڵبژاردنانەدا و دەبێت چاوەڕێی ئەوە بکەین و بزانین کوردەکان چۆن ئەم کاریگەرییە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان بەکار دەهێنن**

**ژیرانە ڕەفتار بکەن، لەبەر ئەوەی ئێستا دۆخێکی باش دروستبووە بۆ کوردەکان، پەیوەندییەکانتان لەگەڵ تورکیا بەرەوپێشەوە دەچێت، لەبەر ئەوە هەڵەیەک مەکەن بەهۆی پێداگیری زیاد لە پێویستەوە بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتێک کە مەترسی ئەوەی لێدەکرێت ببێتەهۆی لەدەستدانی دەستکەوتگەلێکی زرۆی دیکە**

جودیس یاف (بۆ گوڵان):

# ئەگەر دەتانەوێت کەرکوک بگەڕێننەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان ئەوا دەبێت لەسەر مەسەلەکانی دیکە سازش بکەن



**جودیس یاف یەکێکە لەتوێژەرە بەناوبانگەکانی سەنتەری دیراساتی ئاسایشی نیشتمانی ئەمەریکا و پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر عێراق و ئێران و مێژووی دەوڵەتانی کەنداو، بەڵام لەسەر دۆسێی عێراق شرۆڤەکاری سیاسیی بارودۆخی عێراق بووە لەئاژانسی هەواڵگری ئەمەریکا (CIA)، هەربۆیە خاتوو جزدیس یاف زۆر لەووردەکارییەکانی عێراق و ئاگادارە و لە نزیکیشەوە چاودێری بارودۆخی سیاسیی و ئەمنی عێراق دەکات، بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی سیاسیی عێراق و ململانێی سیاسیی نێو لایەنە سیاسییەکانی عێراق و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی کەرکوك. پرۆفیسۆر جودیس یاف تایبەت بە گوڵان بەمجۆرە راو سەرنجی خۆی دەربڕی:**

*** چۆن بارودۆخی ئێستای عێراق دەبینیت بە تایبەتی دوای ٧ ساڵ لە دەستپێکردنی پرۆسەی سیاسی لەدوای ساڵی ٢٠٠٣وە؟**

- بارودۆخی عێراق مایەی نائاسودەییە، ڕاستە ئەوە هەمیشە پیشەی سیاسییەکانە کە جیاوازبن و بەردەوام مشتومڕبکەن، بەڵام من هیوادارم سیاسییەکانی عێراق بتوانن کار و کۆشش بکەن بۆ گەیشتن بەڕێککەوتنێك کە هەمولایەك پێی ڕازی بن، لەبەر ئەوەی خەڵکانێکی زۆر بە نیگەرانییەوە لەو دواخستن و درێژەکێشانی ناکۆکی و مشتومڕانە دەڕوانن، من ئومێدەوارم لایەنە پەیوەندیدارەکانیش بەهەمان هەستی پەرۆشیەوە لەمەسەلەکە بڕوانن و هەست بەمەترسیداری بارودۆخەکە بکەن، ئەمەش ببێتە پاڵنەر و هاندەرێك بۆ پەلەکردن لەتێپەڕاندن و پەسەندکردنی یاسای هەڵبژاردن، هەرچەندە ڕێککەوتن لەسەر ئەم یاسایە دەبێت هاوکات بێت لەگەڵ ڕێککەوتن و گەیشتن بە تەوافوق لەسەر چەند پرسێکی دیکە.

*** هیچ کاتێك پرۆسەی سیاسیی عێراق وەك ئێستا ئاڵۆز نەبووە، ئەگەر پرۆسە سیاسییەکە کەوتە مەترسییەوە ئاییندەی عێراق بەرەو کوێ دەڕوات؟**

- ئێمە دەزانین کە سەرۆکی پەرلەمانی ئێران عەلی لاریجانی لەبەغدایەوە و هەوڵی هێنانەوەی مالیکی دەدات بۆ کەمپی شیعەکان، هاوپەیمانێتی یەکگرتووی عێراق بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بتوانن لەم هاوپەیمانێتییەدا سەرکەوتن بەدەست بهێنن و باڵادەست بن بەسەر دەسەڵات و پرۆسە سیاسییەکەدا، کە من پێم وایە نەمالیکی و نە ئەم هاوپەیمانێتیە خۆشحاڵن بەم هەوڵە، ڕەنگە ئەمەش شتێکی ئیجابی بێت، مەبەستم لەگۆڕینی هاوپەیمانێتیەکانە، چونکە دەبێت سیستمی سیاسی مرونەتی هەبێت و دەبێت هەوڵبدرێت نوێنەرایەتی تێکڕای بەرژەوەندییە جیاوازەکان بکرێت، نەك تەنها بەرژەوەندی گروپێکی دیاریکراو. ئەوەی پەیوەندی بە مالیکەوە هەبێت ئەوا ئەو کەسێکی بە توانا و زیرەکە، بەڵام من دڵنیانیم لەوەی بتوانێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێت بە چەشنێك دووبارە بتوانێت پۆستی سەرۆك وەزیران وەربگرێتەوە. بەگشتی ڕەنگە ئەوەی لەعێراقدا ڕوودەدات شتێکی سلبی نەبێت، مەبەستم ئەوەیە بەلەبەرچاوگرتنی مێژو و ڕابردووی ئەم وڵاتە، ئەوا کارکردنی لایەن و پێکهاتە جیاوازەکان بۆ هێنانەدی ئامانجی هاوبەش شتێکی نوێیە لەعێراقدا پیادە دەکرێت و ئەم پرۆسەی فێربوونەش ڕەنگە کاتێکی دورودرێژ بخایەنێت.

*** ئەتوانین لەدەرئەنجامی وەڵامەکەتانەوە ئەو پرسیارە بکەین، ئایا باوەڕت بە توانا و لێهاتووی و ئامادەیی عێراقییەکان هەیە بۆ ئەوەی بگەنە جۆرێك لەسازش و ڕێککەوتن لەئایندەدا؟**

- بەڵێ من باوەڕم بە توانای عێراقییەکان هەیە، بەڵام دەبێت هەموو لایەن و پێکهاتە جیاوازەکان ئەو ڕاستییەیان لەبەرچاوبێت کە ناتوانن هەموو داواکارییەکانیان بهێننەدی، کوردەکان داواکارییەکی زۆریان هەیە، بە هەمان شێوە سوننەکانیش، هەروەها لایەنە جیاوازەکانی شیعەش، بەڵام دەبێت هەموو لایەك سازش و موساوەمە بکەن بۆ هێنانەدی و بەدەستهێنانی گرنگترین داواکارییەکانیان، من هێشتا ئەمەم بەدی نەکردووە، هێشتا ئەمە ڕووی نەداوە لەنێوان عێراقییەکاندا.

*** کوردەکان لەسەر هەموو شتێك سازشیان کردووە، لەسەر داهاتی نەوت و چەندین پرسی دیکە، تەنها لەسەر کەرکوك ناتوانن سازش بکەن لەبەر ئەوەی ئەمە بۆتە هێڵێ سوور و هیچ سەرکردەیەك ناتوانێت سازشی لەسەربکات؟**

- بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە لەبەرامبەر بەدەستهێنانی کەرکوکدا ئێوە دەست لەچی هەڵدەگرن، یاخود چی دەبەخشن، ئایا ڕێگە بە دەسەڵاتێکی زیاتری حکومەتی فیدراڵی دەدەن، ئایا پرسی هاوبەشیکردن لەدەسەڵاتدا بە کوێ دەگات، چارەنووسی ئەو ناوچانەی دیکە چۆن یەکلادەکرێتەوە کە کوردەکان بانگەشەی خاوەندارێتی دەکەن، دواتر ئەگەر کوردستان بتوانێت کۆنترۆڵی نەوتی کەرکوك بکات کێ لە کوردستاندا سوودمەند دەبێت لەم نەوتە؟

*** بەڵام کێشەکە لەسەر نەوتی کەرکوك نییە، لەبەر ئەوەی بە دڵنیاییەوە ئەم شارە شارێکی کوردییە و بارزانی و سەرکردەکانی دیکەی کوردستان هەوڵی گەڕاندنەوەی دەدەن بۆ چوارچێوەی هەرێمی کوردستان؟**

- کەواتە با شاری کەرکوك بدرێت بە هەرێمی کوردستان و نەوتی ئەو شارە لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزیدا بێت.

*** ئێمە دەزانین دەستوری عێراق کە لەلایەن زۆرینەی عێراقییەکانەوە پەسەند کرا چارەسەری ئەم کێشانەی لەخۆیدا هەڵگرتووە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە تەنها کوردەکان جەخت لەسەر جێبەجێکردنی دەکەنەوە و لایەنەکانی دیکە هەوڵی پێشێلکردنی دەدەن، ڕاوبۆچوونی ئێوە چییە لەم ڕووەوە، ئایا ڕێگاچارەی یەکلاکردنەوەی ئەم کێشە هەڵپەسێردراوانە چییە؟**

- دەستوری عێراق بەپەلە دارێژرا، دواتر کێ دەستوری نووسیەوە؟ دەستوور لەلایەن براوەکانەوە نوسرایەوە، ئەویش بەپێی خواست و ویست و داواکاری کورد و شیعەکان، ئێمە ناتوانین بڵێین دەستور نوێنەرایەتی تێکڕای عێراقییەکان دەکات، بەڵام دەکرێت کارێك بکەین دەستور نوێنەرایەتی هەموو لایەنەکان بکات، ئێمە لەم ڕووەوە دوو ڕێگەمان لەبەردەمدایە، یەکەمیان ئەوەیە بانگەشەی ئەوە بکەین کە ناکرێت گۆڕانکاری و هەمووارکردن لە دەستوردا بکرێت، وەك ئەوەی بڕگە و ماددەکانی دەستور لەسەر بەرد هەڵکۆڵرابن، ڕێگاچارەی دووەم ئەوەیە ڕایبگەیەنین کە دەستور بەڵگەنامەیەکی زیندووە و مرونەتی تێدایە و دەکرێت هەمووارکردنی تێدا بکرێت و ڕاستە ناتوانێت چارەسەری تێکڕای کێشەکان بکات، بەڵام چوراچێوەیەك بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو کێشانە لەخۆدەگرێت. ئەوەی تا ئێستا بەدی دەکرێت ئەوەیە هەوڵ نەدراوە تیرۆانین و بیروبۆچونی ئەو کەسانە لەبەرچاو بگیرێت کە لەگەڵ تێڕوانینی ئێوەدا هاوبەش نین.

*** کوردەکان لەدەستوری عێراق ڕازین خوازیارن بە پێی ئەم دەستورە کێشەی کەرکوك چارەسەربکرێت، بەڵام حکومەتی عێراق هەمیشە جێبەجێکردنی ئەم چارەسەر دوا دەخات، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا درێژەکێشانی ئەم بارودۆخە مەترسی ئەوەی لێدەکرێت پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق ئاڵۆز بکات، لەبەر ئەوەی کوردەکان ڕازی نابن بەجیاکردنەوەی کەرکوك، یان پێدانی بارێکی تایبەت لەهەڵبژاردنەکانی داهاتوودا، ئایا چارەسەرنەکردنی ئەم کێشەیە نابێتەهۆی ئەوەی بارودۆخەکە زیاتر مەترسیدار بێت؟**

- ئێمە دەبێت ئەو ڕاستییە ڕەچاو بکەین کە مەسەلەی بنەڕەتی لە دیموکراسیدا سازشکردن و گەیشتنە بە تەوافوق، لەبەر ئەوەی پێداگیری و سووربونی هەموو لایەنەکان لەسەر بەدەستهێنانی تێکڕای خواست و داواکارییەکانیان نابێتەهۆی هێنانەدی دەوڵەتێکی ئارام و سەقامگیر. بۆ نموونە ئەگەر ئەمە بەسەر کێشەی کەرکوکدا جێبەجێ بکەین، ئەوا دەبێت ئەم پرسیارە بکەین ئایا لەبەرامبەر ئەوەی کوردەکان کەرکوك بەدەست دەهێنن دەست لەچی هەڵدەگرن؟ یاخود بۆ ئەوەی عەرەبەکان ڕازیبوون بەوەی کەرکوك ببێتە بەشێك لە هەرێمی کوردستان چ داواکارییەکیان لەکوردەکان هەیە؟ کەواتە بۆ بنیاتنانی بناغەیەکی پتەو بۆ سیستمێکی سیاسی کە یەکسانی ڕەچاوبکات دەبێت ئەم سازش و تەوافوقە بکرێت.

*** بەڵام چۆن بتوانین ئەم ئامانجە بەدەست بهێنین؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە سەرکردە سیاسییەکانی عێراق تەنها پەرۆشی بەدەستهێنانی دەسەڵات و بەرژەوەندی شەخسین، کە دەبێت ئەمە بگۆڕێت و بەرژەوەندییە گشتی و نەتەوەییەکان لەبەرچاوبگیرێت کە ڕەنگە لەم ڕووەوە عێراق پێویستی بە نەوەیەکی نوێ بێت لە سەرکردە سیاسییەکانی.

*** بەپێی دوایین لێدوانی سەرۆکی کۆمیسۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان چیتر کات نەماوە بۆ ئەوەی هەڵبژاردنەکان لەکاتی خۆیدا ئەنجام بدرێت ئەگەر یاساکە پەسەند نەکرێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەگەر بە کاتی خۆیدا هەڵبژاردنەکان ئەنجام نەدران، ئەگەری پاشەکەشی پرۆسە سیاسیەکە نایەتە ئاراوە؟**

- ئەمە پرسیارێکی گرنگە، بەڵام من وەڵامەکەی نازانم، من تەنها دەتوانم جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کە دواخستنی هەڵبژاردنەکان دەرئەنجامی باشی لێناکەوێتەوە و لەڕاستیدا چەند لایەنێکیش هەن کە فشار دەکەن بۆ ئەوەی هەڵبژاردنەکان لە کاتی دیاری کراوی خۆیدا بەڕێوەبچێت، بۆ نموونە مەرجەعی ئاینی شیعەکان، بەڕێز سیستانی ئەم داوایەی کردووە. من دەمەوێت تەئکید لەسەر ئەوە بکەمەوە کە هەر دەبێت عێراقییەکان ڕێگەی گفتوگۆ و دانوستاندان بگرنەبەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان، لەبەر ئەوەی هیچ کەسێك لەو وڵاتەدا خوازیاری ئەوەنییە ناکۆکی و جیاوازییەکان سەربکێشن بۆ هەڵگیرسانی شەڕ، یاخود هەلومەرجەکە بگەڕێتەوە بۆ ئەو هەلو مەرجەی لەسەردەمی سەددام حوسێندا لەئارادابوو، یاخود بەلای کەمەوە ئەمە لەبەرژەوەندی هیچ لایەکدانییە، کەواتە تەنها ڕێگای گفتوگۆ لەبەردەم عێراقییەکاندا ماوە و دەبێت بیگرنەبەر. عێراق توانای ئەوەی هەیە ببێتە دەوڵەتێکی سەقامگی و بەهێز، هەروەها دەتوانرێت سیستمێکی سیاسی کراوە و دیموکراتی لەعێراقدا جێگیر بکرێت، بەڵام ئەمە بەندە بەوەی پێکهاتەکانی عێراق ئامادەی سازشکردنیان هەبێت و کار بۆ ئامانجە هاوبەشەکان بکەن، ئامانجی هێنانەدی عێراقێکی یەکگرتو و سەربەخۆ، کە ئەمە لەبەرژەوەندی کوردەکانیشدایە، لەبەر ئەوەی جگە لەمە بەدیلی دیکەی کوردەکان چییە؟ بۆ نموونە دەبێت بەرامبەر بەدەستهێنانی کەرکوك دەست لە شتێکی دیکە هەڵبگرن، واتە ناکرێت بیهێنانەدی بەشێك لە داواکاری تێکڕای پێکهاتەکان سەقامگیری دروست بێت.

*** دوا وتەت چییە؟**

- سەرەڕای ئەوەی بارودۆخەکە بەرەو ڕەشبینیت دەبات، بەڵام من باوەڕ و متمانەیەکی زۆرم بە خەڵکی عێراق هەیە کە بتوانن بەتێپەڕبوونی کات ئەم پرس و مەسەلانە یەکلابکەنەوە، هەرچەندە هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد ئەمە لە ماوەیەکی کەم و کورتدا ڕوونادات، بەڵام من ئومێدم بە خەڵکی عێراق هەیە بتوانن هەنگاوی ڕاست بنێن لەم ڕووەوە، مەبەستم لە خەڵکی عێراق سیاسییەکان نییە کە زۆرجار باس لەوە دەکەن کێشەکان چارەسەردەکەن و هاوکاری یەك دەکەن، بەڵام هیچ یەکێك لەمانەش ڕوونادات، بەڵکو مەبەستم ئەو خەڵکەیە کە ڕۆژانە ڕووبەڕووی بارودۆخەکە دەبێتەوەو لەناو واقعەکەدا دەژین. هەرچەندە ڕزگاربوون لەئاسەواری ڕابردوو کارێکی سەختە و ئەمەش پرۆسەیەکی دوورودرێژە هەروەك پێشتریش باسمکرد.

**دەبێت هەموو لایەک سازش و موساوەمە بکەن بۆ هێنانەدی و بەدەستهێنانی گرنگترین داواکارییەکانیان**

**مەسەلەی بنەڕەتی لە دیموکراسیدا سازشکردن و گەیشتنە بە تەوافوق**

فیبی مار (بۆ گوڵان):

# دواخستنی هەڵبژاردن باردۆخەکە بەرەو ئاڵۆزتر دەبات، ئەگەر بەئاراستەی راست هەنگاو هەڵنەگیرێت پرۆسە سیاسییەکە لەبەریەک هەڵدەوەشێت



**خاتوو فیبی مار ئوستادی مێژووی سیاسیی رۆژهەڵاتی ناوەراستە لەزانکۆی پەنسلفانیا و کالیفۆرنیا و ئەندامی ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوەیە و پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر باری سیاسیی عێراق و نووسەری کتێبی مێژووی هاوچەرخی عێراقە بۆ قسەکردن سەبارەت باردۆخی سیاسیی عێراق و ئاستەنگەکانی بەردەم یاسای هەڵبژاردن پرۆفیسۆر فیبی مار بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی:**

*** لەعێراقـــدا تەنها کێشـــەکان کێشـــەی ســـەقامگیری و دابینکردنـــی ئاســـایش نیین بەڵکو پرۆسە سیاسییەکەش خەریکە دووچاری شەلەل دەبێت، ئایا تۆ چۆن ئەو باردۆخە دەبینیت؟**

- لەهەندێ ڕووەوە بەرەوپێشـــچوون هەیە، بەڵام ڕەوتی بەرەوپێشـــچونەکە سستە، کە من پێم وایە هەلومەرجەکە پێوست بەجۆرێك لەســازش دەکات لەنێــوان پێکهاتەکانی عێراقــدا لەپێناو بەرەوپێشـــچوونی بواری ئابووری و پرۆســە سیاســییەکەدا. من هیوادارم جۆرێك لەتەوا فوق لەسەر کەرکوك و ناوچە ناکۆکی لەســەرەکان دروست بێت بە چەشــنێك زەمانەتی ماف و ئاسایشی کوردەکان بکات و و بواری گەشــەکردنیان بــۆ بڕەخســێنێت، بەڵام لەهەمــان کاتدا عەرەبەکانی بەغداش ڕازی بکات. ئەوەی بــەدی دەکەیــن درێژبونــەوەی حاڵەتی ڕێکنکەوتنە کە ئومێــدەوارم پێش ئەوەی کاتەکە زۆر درەنگ بێــت بگەنە جۆرێك لەڕێککەوتــن بۆ ئەوەی هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت.

*** بەڵام پرۆسە سیاســییەکە لەئاڵۆزترین قۆناغدایە بەچەشــنێك تەنانەت لایەنەکان ناتوانن بگەنە ڕێککەوتنێك لەسەر یاسای هەڵبژاردن، ئایا دەروازەیەك بۆ دەرچوون لەم تەگژەیە چۆن دەبینیت؟**

- لــەم ڕوانگەیــەوە ئاینــدە ڕوون نییە، ئێمە دەزانین لەکوردستاندا هەڵبژاردنێکی عادیلانە و شــەرعی ئەنجامــدرا، ئەمە هەواڵێکی باش بوو، چونکە هەڵبژاردنێکی شەرعی بوو، ئێستا موعارەزە لەپەرلەماندا بوونی هەیە و ڕۆڵ دەبینێت، بەهەمان شێوە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانیش لەمانگــی کانوونــی دووەمدا بەباشــی بەڕێوەچوون. ئەوەی ئێســتا بەدی دەکەین سستی و خاوییە لەپەســەندکردن یاسای هەڵبژاردنــە پەرلەمانییەکــە کە چاوەڕێ دەکرێت لەسەرتاسەری عێراقدا بەڕێوەبچێت کە هێشــتا ناکۆکییەکان درێژەیان هەیە و نەگەیشتونەتە ڕێککەوتنێك، من ئومێدەوارم بگەنە جۆرێك لە سازش و تەواوفوق، چونکە دواخستنی هەڵبژاردن بارودۆخەکە ئاڵۆزتر دەکات، لەبەر ئەوەی دەبێت ئەو ڕاســتییە بزانین هەلومەرجی عێراق لەرزۆکە و ئەمە دیموکراسیەتێکی نوێیە و ئەگەر ڕەوشەکە بە ئاڕاســتەیەکی دروســتدا نــەڕوات، مەترسی هەرەسهێنانی بارودۆخەکە دەکرێت

و ئەمەش نە لەبەرژەوەندی عێراق و نە لەبەرژەوەندی کورد و نە لەبەرژەوەندی هیچ لایەکی دیکەدایە.

*** ئایا ئەگەر بە کاتی خۆیدا هەڵبژاردنەکان ئەنجام نەدران، ئەگەری پاشەکشی پرۆسە سیاسییەکە نایەتە ئاراوە؟**

- من هاوڕام لەگەڵتاندا، دواخستنی هەڵبژاردن دەرئەنجامی باشی لێناکەوێتەوەو لەڕاستیدا کاتێکی زۆر کەم ماوە و من هانی تێکڕای لایەنە عێراقییەکان دەدەم بۆ ئەوەی کارو کۆششی زیاتر بکەن بۆ ئەوەی ئەو ماوە کەمە ئیستیغلال بکەن، لەبەر ئەوەی دواخستنی هەڵبژاردنەکان لەبەرژەوەندی عێراق و پرۆسە سیاسی و دیموکراسییەکەدا نابێت، هەروەها لەبەرژەوەندی ئەمەریکییەکانیشدا نابێت کە پابەندن بەکشاندنەوەی هێزەکانیان بەپێی خشتەیەکی دیاریکراو کە ئەگەر هەڵبژاردنەکان لەکاتی خۆیاندا بەڕێوەنەچن دیارنییە پرسی کشانەوەی ئەو هێزانەش چۆن یەکلادەبێتەوە.

*** درێژەکێشانی ئەم بارودۆخە مەترسی ئەوەی لێدەکرێت پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق ئاڵۆز بکات،، ئایا چارەسەرنەکردنی ئەم کێشەیە نابێتەهۆی ئەوەی بارودۆخەکە زیاتر مەترسیدار بێت؟**

- هەموو کەس ئەو ڕاستییە دەزانێت کەکێشەی هەمەجۆر و ئاڵۆز لەعێراقدا بوونیان هەیە، وەك کەرکوك و ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، من هیوادارم چارەسەرێکی کاتی بدۆزرێتەوە بۆ تێپەڕاندنی یاساکە بۆئەوەی هەڵبژاردنەکان لەکاتی خۆیدا ئەنجام بدرێت و دواتر کار بۆ چارەسەری یەکجارەکەیان بکرێت، ئەمەش پێویستی بەگەیشتن بەڕێککەوتن و سازشکردن هەیە لەنێوان تێکڕای لایەنەکاندا.

*** دەستوری عێراق کە چارەسەری ئەم کێشانەی لەخۆیدا هەڵگرتووە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە تەنها کوردەکان جەخت لەسەر جێبەجێکردنی دەکەنەوە، ڕاوبۆچونی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

- ڕەنگە من تا ڕاددەیەکی بۆچونێکی جیاوازم هەبێت، ڕاستە کوردەکان پاڵپشتی لەدەستور دەکەن، ڕەنکە هۆکارەکەش ئەوەبێت دەستور زۆرێك لەمافەکانی کوردی دەستەبەر کردووە، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین دەستور بەخێرایی داڕژێرا و لەهەلومەرجێکدا نوسرایەوە کە بەشێکی بەرچاوی خەڵکی وڵاتەکە بەشدار نەبوون و پێی ناڕازیبون، لەم ڕوانگەیەوە من پێم وایە پێویستی بە هەندێ هەموارکردنە و ئەمەش پرۆسەیەکی سەخت و دورودرێژە، بەڵام هەرچۆنێك بێت دەبێت ئێستا عێراقیکان جەخت لەسەر هەوڵەکانی تێپەڕاندنی یاسای هەڵبژاردن بکەنەوە بۆ ئەوەی هەڵبژاردنەکە لە کاتی خۆیدا بەڕێوەبچێت.

*** کێشەیەکی دیکە دەستێوەردانی دەرکییە لەکاروباری ناوخۆی عێراقدا، ئایا تا چ ڕاددەیەك ئەمەریکا یارمەتی عێراقییەکان دەدات بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە؟**

- بەدڵنیاییەوە دەستێوەردان هەیە، ئەمەش بەردەوام دەبێت تا ئەو کاتەی عێراق لاوازبێت و نەتوانێت یاسا و نیزام بسەپێنێت، من نازانم سروشتی دەستێوەردانی ئوردن و سعودییە چۆنە، بەڵام بەدڵنیاییەوە تورکیا و ئێرانیش دەستێوەردان دەکەن. ئەوەی دەمەوێت ئاماژەی پێبکەم ئەوەیە کە سەرەڕای ئەوەی ئومێدی درێژەکێشانی ئەو گەشەکردن و سەقامگیرییە دەخوازم کە لەکوردستاندا هەیە، بەڵام پێم وایە دەبێت کوردەکان لەچوارچێوەی عێراقدا بمێننەوە و بەشداری ئیجابی بکەن لەبنیاتنانەوە و سەقامگیری عێراق.

*** ئێوە باسی ئەوەتان کرد بەشێك لەخەڵکی عێراق ناڕازین بەدەستور پرسیارەکە ئەوەیە دەبێت چی بکرێت لەم ڕووەوە؟**

- سەرەتا دەبێت هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت، دواتر دەبێت پەرلەمانی تازە دوو کار ئەنجام بدات، یەکەمیان تێپەڕاندنی یاسای نەوت، دووەم چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، دواتر دەتوانرێت گفتوگۆ بکرێت بۆ هەموارکردنی هەندێ بڕگەی دەستور.

*** دوا وتەت چییە؟**

- پەیامی من ئەوەیە بگەنە جۆرێك لەسازش و تەوافوق بۆ ئەوەی بتوانن هەڵبژاردن ئەنجام بدەن، ئێوە بەرەوپێشچونێکی باشتان بەدی هێناوە و ڕێگە مەدەن لەدەستتان بچێت.

**هیوادارم جۆرێک لەتەوافوق لەسەر کەرکوک و ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان دروست بێت بە چەشنێک زەمانەتی ماف و ئاسایشی کوردەکان بکات و و بواری گەشەکردنیان بۆ بڕەخسێنێت**

**هەلومەرجی عێراق لەرزۆکە و ئەمە دیموکراسیەتێکی نوێیە و ئەگەر ڕەوشەکە بە ئاڕاستەیەکی دروستدا نەڕوات، مەترسی هەرەسهێنانی بارودۆخەکە دەکرێت**



رانسۆم کلارک( بۆ گوڵان ):

# هیچ هەنگاوێک بەدی ناکەم بەئاڕاستەی هێنانەدی ڕێککەوتن و چارەسەرکردنی جیاوازییەکان لەنێوان پێکهاتەکانی عێراقدا



**پرۆفیسۆر رانسۆم کلارك ئوستادی سیاسەتە لەزانكۆی (Muskingum University) و ماوەی ٢٥ساڵ كاری لەگەڵ ئاژانسی هەواڵگری ئەمەریكا كردووەو پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر ئاسیا و رۆژهەڵاتی ناوەراست بەگشتی و رەوشی سیاسیی عێراق بەتایبەتی، پرۆفیسۆر كلارك لەبەر ئەوەی لەئاژانسی هەواڵگری ئەمەریكا كاریكردووە لەقسەكردندا ووردەكارەو زۆر بە راشكاوی دەست دەخاتە سەركێشەكان و لەم دیمانە تایبەتەشی لەگەڵ گوڵاندا ئەم تایبەتمەندییەی لەسەر كێشەی عێراق پێوەدیارە ئەمەش دەقی دیمانەكەیە:**

*** ئایا پەیوەندی نێوان لایەنە سیاسییە جیاوازەکانی عێراق چۆن دەبینیت؟**

- باشترین دەستەواژە بەلای منەوە بۆ وەسفکردنی بارودۆخی ئێستای عێراق بەکاری بهێنم ئەوەیە بارودۆخێکی ناجێگیرە،لەڕاستیدا من هیچ هەنگاوێك بەدی ناکەم بە ئاڕاستەی هێنانەدی ڕێککەوتن و تێگەیشتنێکی ئیجابی بۆ چارەسەرکردنی جیاوازییەکان.

*** هەرکاتێك باس لەعێراق دەکرێت، ڕاستەوخۆ ئاماژە بەگرنگی هێنانەدی ئاشتی و سەقامگیری وڵاتەکە دەکرێت، بەڵام لەسەر ئاستی سیاسی، پرۆسە سیاسیەکە لەئاڵۆزترین قۆناغدایە بەچەشنێك تەنانەت لایەنەکان ناتوانن بگەنە ڕێککەوتنێك لەسەر یاسای هەڵبژاردن، ئایندەی عێراق چۆن دەبینیت لەپەیوەندیدا بەکەشی سیاسی عێراقەوە؟**

- ئێوە وەسفێکی ووردی باوردۆخەکە دەکەن و هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە من پێشتر وشەی ناجێگیرم بەکارهێنا بۆ وەسفکردنی هەلومەرجی عێراق، چونکە ڕەوشەکە تا دوا ڕادده ئاڵۆزە. تێڕوانین و تێگەیشتنی من لەبارەی بارودۆخی عێراقەوە ئەوەیە کە ناتوانرێت ئەوە دەستنیشانبکرێت بارودۆخەکە بەچ ئاڕاستەیەکدا دەڕوات، یاخود چارەسەری کۆتای کێشەکان بەچ جۆر و چەشنێك دەبێت، یاخود ئایا بە ڕاستی خەڵکی عێراق خوازیاری چین.

*** ئایا تاچ ڕاددەیەك ئیدارەی ئەمەریکا گرنگی بەسەقامگیری عێراق و سەرکەوتنی پرۆسە سیاسییەکەی ئەم وڵاتە دەدات پێش ئەوەی هێزەکانی لەم وڵاتەدا بکێشێتەوە؟**

- ڕەنگە ئەمە تا ڕاددەیەك ڕاست بێت کە ئۆباما پتر بایەخ بەئەفغانستان دەدات تا عێراق، بەڵام بەدڵنیاییەوە ئیدارەی ئێستای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نایەوێت لەگەڵ کشاندنەوەی هێزەکانیدا عێراق بەرەو دابەشبوون و پارچە پارچە بوون بچێت، چونکە ئەمە نەلەبەرژەوەندی عێراق و نەلەبەرژەوەندی ناوچەکە و نەلەبەرژەوەندی ئەمەریکایە. لەم ڕوانگەیەوە ئەمەریکا بەردەوام دەبێت لەسەر بایەخپێدانی عێراق، بەڵام سروشت و ئاستی ئەم بایەخپێدانە چۆن دەبێت ئەوە مەسەلەیەکی دیکەیە، ئایا ئەمەریکا کاردەکات بۆ هاندانی لایەن و پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق بۆ ئەوەی پرۆسە سیاسییەکە لەکێشە و ئاستەنگەکانی ڕزگاربکەن، چونکە ئەوەی ئێستا بەدی دەکرێت ئەوەیە عێراق وەك دەوڵەتێك بوونی هەیە، بەڵام قەوارەیەکی سیاسی یەکگرتوو بەدی ناکرێت لەو وڵاتەدا.

*** ئەوەی حاڵی حازر عێراقییەکانی سەرقاڵکردووە بریتییە لەمەسەلەی هەڵبژاردن، کەبەپێی دوایین لێدوانی سەرۆکی کۆمیسۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان چیتر کات نەماوە بۆ ئەوەی هەڵبژاردنەکان لەکاتی خۆیدا ئەنجام بدرێت ئەگەر یاساکە پەسەند نەکرێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەگەر بە کاتی خۆیدا هەڵبژاردنەکان ئەنجام نەدران، ئەگەری پاشەکشەی پرۆسە سیاسیەکە نایەتە ئاراوە؟**

- لەماوەی ڕابردوودا عێراق بەچەندین ساتەوەخت و قۆناغی هەستیاردا تێپەڕیوە، بەڵام ساتەوەختی ئێستاش تا دوا ڕادەدە هەستیارە، لەبەر ئەوەی ئەگەر هەڵبژاردنەکان بە پێی ئەو خشتە و کاتەی بۆی دیاریکراوە بەڕێوەنەچێت، ئەوا ڕەنگە ئەمە بەشکستێکی گەورە لەقەڵەم بدرێت بۆ پرۆسە سیاسییەکە،لەکاتێکدا ئەگەرچی ڕەنگە دواخستنیشی بە هەنگاوێکی ئیجابی دابنرێت، لەبەر ئەوەی هێشتا بارودۆخی عێراق، یاخود ڕەنگە خەڵکی عێراق لەڕووی سایکۆلۆژییەوە ئامادەی ئەم هەڵبژاردنە نەبن، بەڵام دواخستنی هەڵبژاردنەکان پەیمانێکی هەڵە دەدات بەجیهانی دەرەوە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، کەواتە ئەمە ساتەوەختێکی دژوار و پڕ لەتەحەددییە بۆ عێراق، چونکە ئەنجامنەدانی هەڵبژاردن لەلایەکەوە دەرئەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە، هەروەها ئەنجامدانی هەڵبژاردن و بەڕێوەچونیشی بە شێوەیەك کە ئامادەباشی تەواوی بۆ نەکرابێت بە هەمان شێوە دەرئەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە. من خۆزگەم دەخواست بمتوانیایە ڕێگاچارەیەك بۆ دەرچوون و ڕزگاربوون لەم بارودۆخە پڕ لەتەحەددیە دەستنیشان بکەم.

*** ئێمە دەزانین لەعێراقدا تەنها هەرێمی کوردستان سەقامگیری و ئارامی باڵی بەسەردا کێشاوە، بەڵام درێژەکێشانی ئەم بارودۆخە مەترسی ئەوەی لێدەکرێت پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق ئاڵۆز بکات، لەبەر ئەوەی کوردەکان ڕازی نابن بە جیاکردنەوەی کەرکوك، یان پێدانی بارێکی تایبەت لەهەڵبژاردنەکانی داهاتوودا، ئایا چارەسەرنەکردنی ئەم کێشەیە نابێتەهۆی ئەوەی بارودۆخەکە زیاتر مەترسیدار بێت؟**

- لەڕاستیدا نیگەرانییەکانی هەرێمی کوردستان لەجێی خۆیدایە. من دەمەوێت لێرەدا ئاماژە بەوە بکەم کە دەبێت هەر سێ پێکهاتە سەرەکییەکەی عێراق- ئەگەرچی لایەن و پێکهاتەی دیکەش لە عێراقدا بوونیان هەیە-کوردەکان لەباکور و سوننەکان لە ناوەڕاستی عێراق و شیعەکانیش کە لەباشووردا باڵادەستن لێکنزیکببنەوە و پێکەوە کاربکەن بۆ ئەوەی بتوانن حکومەتێکی مەرکەزی پێکبهێنن کەشەرعییەتی هەبێت و جێی ڕەزامەندی هەموو لایەك بێت، من ناڵێم دەبێت ئەم پێکهاتانە لەسەر وورد و درشتی مەسەلەکان هاوڕابن، ئەمە شتێکە لەناو سیاسییەکاندا مومکین نییە، بەڵام دەکرێت بڕیاری پێکەوەکارکردن بدەن، ئەگەرچی ئەگەر بە ڕاشکاوی بدوێم ئەوا من دڵنیانیم لەوەی چۆن عێراقییەکان ئەم هەنگاوە دەنێن و ئەم بڕیارە دەدەن.

*** ئێوە وەك چاودێرێك کە بەدواداچونتان هەیە بۆ بەرەوپێشچونەکانی پرۆسە و بارودۆخە سیاسییەکەی عێراق، کەئاگاداری هاوکێشە سیاسییەکان و چۆنیەتی پێکهێنانی هاوپەیمانێتیەکانن، هەروەها بە تێڕوانین لەوەڵاکەمانت ئەتوانین ئەو پرسیارە بکەین، ئایا باوەڕت بە توانا و لێهاتووی و ئامادەیی عێراقییەکان هەیە بۆ ئەوەی بگەنە جۆرێك لەسازش و ڕێککەوتن لەئایندەدا؟**

- ئەگەر پرسیاری ئەوەم لێدەکەن ئایا باوەڕم بە توانا و ئامادەیی عێراقییەکان هەیە بۆ ئەوەی پێکەوەکاربکەن و کۆشش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بکەن و ئامادەیی سازشکردنن لەپێناو بەرژەوەندییە باڵاکاندا، من دەڵێم ئەمە شتێکی مومکینەو مەحاڵ نییە، بەڵام بەلەبەرچاوگرتنی ئەو دوژمنایەتی و دابەشبوون و کەلێنەی لەنێوان پێکهاتەکانی ئەم وڵاتەدایە، ئەوا بەتێڕوانینی شەخسی من ئەم ئەگەرە لە ئارادانییە، ئێمە دەبێت بۆ مێژووی دووری ئەم وڵاتە بگەڕێینەوە، ڕاستە بارودۆخی ئێستا لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ەوە دروستبووە، بەڵام عێراق لەسەر دەستی بەریتانییەکان ئەم وڵاتە دروستکرا، لەو کاتەوە چەندین کێشەی درێژخایەن لەم وڵاتەدا بوونیان هەیە، بۆ نموونە من ئاگادارم کوردەکان لەساڵانی حەفتاکانەوە کێشەیان هەیە لەم وڵاتەدا، مەبەستم ئەوەیە بەلەبەرچاوگرتنی ئەو کێشە کەڵەکەبووە و درێژخایەنانە ڕەنگە ئەم ئەگەرە لەئارادانەبێت.

*** دەستوری عێراق کە لەلایەن زۆرینەی عێراقییەکانەوە پەسەند کرا چارەسەری ئەم کێشانەی لەخۆیدا هەڵگرتووە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە تەنها کوردەکان جەخت لەسەر جێبەجێکردنی دەکەنەوە، ڕاوبۆچونی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟ یاخود پێشبینی چ دەرئەنجامێك دەکەیت لەکاتێکدا جگە لەکوردەکان بەشەکانی دیکەی عێراق کار بۆ پێشێلکردنی دەکەن؟ ئایا باشترین ڕێگاچارە بۆ ڕزگاربوون لەم دۆخە دژوارە چییە؟**

- دەستووری عێراق بەڵگەنامەیەکی باشە و ئەگەر سێ پێکهاتە سەرەکییەکەی عێراق کاری جیددی بکەن بۆ جێبەجێکردنی و پێوەی پابەندبن، ئەوا دەکرێت ئەم هەوڵانە هاتنەدی حکومەتێکی شەرعی لێبکەوێتەوە، بەڵام کێشەکە هەروەك ئێوەش ئاماژەتان پێکرد ئەوەیە ئەم پەرۆشی و ئامادەییە بەدی ناکەین بۆ پابەندبوون بەدەستوورەوە، بۆ نموونە من دڵنیانیم لەوەی حکومەتی مەرکەزی_ئەگەرچی ڕەنگە نەتوانین بە حکومەتی مەرکەزیش وەسفی بکەین- جێبەجێکردنی دەستور بەبەرژەوەندی ئەو خەڵکانە بزانێت کە نوێنەرایەتیان دەکات.

*** هەر لەپەیوەندیدا بەدەستوری عێراقەوە ئێمە دەزانین کوردەکان لەم دەستورە ڕازین کە لەلایەن زۆرینەی خەڵکی وڵاتەکەوە پەسەند کراوە، هەروەها خوازیارن بەپێی ئەم دەستورە کێشەی کەرکوك چارەسەربکرێت، بەڵام حکومەتی عێراق هەمیشە جێبەجێکردنی ئەم چارەسەر دوا دەخات، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا درێژەکێشانی ئەم بارودۆخە مەترسی ئەوەی لێدەکرێت پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق ئاڵۆز بکات، لەبەر ئەوەی کوردەکان ڕازی نابن بەجیاکردنەوەی کەرکوك، یان پێدانی بارێکی تایبەت لەهەڵبژاردنەکانی داهاتوودا، ئایا چارەسەرنەکردنی ئەم کێشەیە نابێتەهۆی ئەوەی بارودۆخەکە زیاتر مەترسیدار بێت؟ یاخود ئەگەر بووەهۆی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆی چ دەرئەنجامێکی لێدەکەوێتەوە؟**

- خەڵکی عێراق ئێشوئازارێکی زۆریان چەشتووە، نەك تەنها لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ەوە بەڵکو پێشتریش لەسەر دەستی سەددام حوسێن، بەو پێیە کوردەکانیش دووچاری نەهامەتییەکی گەورەبوون لەڕابردوودا، نەك تەنها لەسەر دەستی ڕژێمی عێراقی، بەڵکو لەسەر دەستی خۆشیان دژی یەکتری. لەم ڕوانگەیەوە زاڵبوون بەسەر هەستی دژومنایەتی و دابەشبوون لەنێوعێراقییەکاندا لەماوەیەکی کورتدا ڕوونادات. من پێشتریش کاتێك قسەم بۆ یەکێك لەڕادیۆکانی ئەمەریکا دەکرد، باسم لەوەکرد کە ڕوخاندنی ڕژێمی سەددام حوسێن کارێکی ئاسانە، بەڵام بنیاتنانی شتێکی ئیجابی لەدوای ئەو ڕووخانەوە کارێك و ئەرکێکی قورسە، ڕاست و دروستی ئەم لێکدانەوەیەش سەلمێنراوە. من لێرەدام دەمەوێت ئەوە بڵێم کە ناکرێت جارێکی دیکە حکومەتێکی مەرکەزی بەهێزو باڵادەست دروستبێتەوە کە کۆنترۆڵی تێکڕای کاروبارەکانی وڵاتەکە بکات، چارەسەرەکە بریتییە لەپێدانی ئاستێك لەئۆتۆنۆمی بەهەرێمەکان.

*** زۆرێك لەکێشەکانی عێراق پەیوەندی بەدەستێوەردانی دەوڵەتە دراوسێکانەوە هەیە، بۆ نموونە چارەسەرنەکردنی کێشەی پەیوەندی بەفشاری سعودیە و ئوردنەوە هەیە لەسەر سوننەکان بۆ ئەوەی ڕێگەنەدەن کوردەکان مافەکانی خۆیان بەدەست بهێنن، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ ڕادەیەك ئەمەریکا یارمەتی عێراقییەکان دەدات بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە؟**

- ئێوە تەنها ناوی دوو دەوڵەتی دراوسێتان هێنا کە دەستێوەردان دەکەن، بەڵام ئێمە دەبێت ئەوە بزانین کە تورکیا و ئێرانیش دەستێوەردان دەکەن، بۆ نموونە ناتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کە تورکیا دەقا و دەق دۆستی ئێوەیە و لەڕاستیدا لەکاتی ئەگەری جاڕدان و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستاندا تورکیا ڕاستەوخۆ دژایەتی و بەرهەڵستی دەکات. من پێم وایە دەبێت کوردەکان بەرەیەکی یەکگرتوو دروست بکەن لەبەرامبەر حکومەتی مەرکەزیدا و هەوڵی بەدەستهێنان و پاراستن و پتەوکردنی ئۆتۆنۆمی بدەن لەچوارچێوەی عێراقدا، چونکە ئەمە باشترین ڕێگاچارەی مومکینە لەئێستادا، لەبەر ئەوەی جاڕدانی سەربەخۆیی دەرئەنجامی باشی لێناکەوێتەوە بەتایبەتی ئەگەری دەستێوەردانی تورکیا لەبەرچاو بگرین لەم حاڵەتەدا.

*** دوا وتەت چییە؟**

- پەیامی من بۆ سەرکردە کوردەکان ئەوەیە ڕێگاچارەیەك بدۆزنەوە بۆ ئەوەی پێکەوە کاربکەین بۆ ئەوەی زەمانەتی مافی ئەوە بکەن خۆیان حکومڕانێتی کاروبارەکانی خۆیان بکەن لەچوارچێوەی عێراقدا، ئەم سەرکردانە کار و کۆشش بۆ هێنانەدی خەونی خەڵکەکەی خۆیان دەکەن و ئەگەر یەکگرتوو نەبن و دابەشبوون هەبێت لە نێوانیاندا ناتوانن ئەم خەونانە بهێننەدی.

ئەگەر هەڵبژاردنەکان بە پێی ئەو خشتە و کاتەی بۆی دیاریکراوە بەڕێوەنەچێت، ئەوا ڕەنگە ئەمە بەشکستێکی گەورە لەقەڵەم بدرێت بۆ پرۆسە سیاسییەکە

ناکرێت جارێکی دیکە حکومەتێکی مەرکەزی بەهێزو باڵادەست دروست بێتەوە کە کۆنترۆڵی تێکڕای کاروبارەکانی وڵاتەکە بکات

سەمەر شەحاتە (بۆ گوڵان):

# ناسەقامگیری هەیە، هێشتا بارودۆخەکە لەرزۆکە و لەڕاستیدا نازانرێت ئایندەی عێراق بەچ ئاڕاستەیەکدا دەڕوات



**پرۆفیسۆر سەمەر شەحاتە تۆژەرە لەسەنتەری ئەدمۆند ویلش بۆ دیراساتی سیاسیی عەرەبی هاوچەرخ لەزانکۆی جۆرج تاون و هەروەها لەزانکۆی نیۆرکیش بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەراستە، پرۆفیسۆر شەحاتە لەناوەندە ئەکادیمیەکان و میدیاکانیشدا وەك پسپۆرێك لەسەر سیاسەتی ئەمەریکا لەعێراق و رۆژهەڵاتی ناوەراست ناسراوە، بۆ بەدواچوون سەبارەت بەئاییندەی عێراق و سیاسەتی ئیدارەی ئۆباما لەعێراقدا پرۆفیسۆر شەحاتە بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:**

*** دوای حەوت ساڵ بەسەر رووخانی رژێمی سەدام حوسێن، ئێستا پرۆسەی سیاسیی عێراق لەچوار گۆشەی یەکەمدایە، ئایا بەڕێزت چۆن باردۆخەکە دەبینیت؟**

- ناسەقامگیری هەیە، هێشتا بارودۆخەکە لەرزۆکە و لەڕاستیدا نازانرێت ئایندەی عێراق بەچ ئاڕاستەیەکدا دەڕوات، هەم لەسەر ئاستی ناوخۆیی و هەم لەسەر ئاستی ناوچەکەش. هەرچەندە بارودۆخەکە باشترە بەبەراورد بەساڵانی ٢٠٠٤ و ٢٠٠٥ و ٢٠٠٦ کە ئاستی قوربانی و توندوتیژی و تەقینەوەکان زیاتربوون، بەڵام دەبێت ئەوە لەبەرچاوبگرین کە لەماوەی ئەو چەند ساڵەدا سەدان هەزار کەس بونەتە قوربانی و ملیۆنەها کەس ئاوارەبوونە کە ئاسان نییە لەماوەی ساڵێکدا بتوانرێت ئەم کێشانە چارەسەربکرێت.

*** ئێستا پرۆسە سیاسییەکە لەئاڵۆزترین قۆناغدایە بەچەشنێك تەنانەت لایەنەکان ناتوانن بگەنە ڕێککەوتنێك لەسەر یاسای هەڵبژاردن، ئایندەی عێراق چۆن دەبینیت لەپەیوەندیدا بەکەشی سیاسی عێراقەوە؟**

- من هیوادارم هەلومەرجی عێراق بەرەوتێکی لەسەرخۆ بەرەوپێشەوەبچێت، مەبەستم ئەوەیە پێشبینی ناکرێت ڕێککەوتنێکی گشتی لەنێوان پێکهاتە جیاوازەکاندا بێتەدی کە لەمەودای دووردا درێژەبکێشێت. لەبەر ئەوەی هێشتا تایەفەگەری و دابەشبوونەکانی دیکە ڕیشەی قووڵیان هەیە، هەر لەبەر ئەم بارودۆخەیە پێشبینی ناکرێت عێراق گەشەکردنێکی ئابووری گەورە بەخۆووە ببینێت و وەبەرهێنانی دەرەوە ڕووبکاتە ئەم وڵاتە. ئەوەی پەیوەندی بەڕۆڵی عێراقەوە هەبێت لەناوچەکەدا، ئەوا هەر لەساڵانی پەنجاکانەوە تاوەکو ئەم دواییە عێراق ڕۆڵی هەبووە لەناوچەکەدا، هەندێ جار بەئاڕاستەیەکی باش و هەندێ جار بەئاڕاستەیەکی سلبیدا، بەڵام حاڵی حازر عێراق ناتوانێت هیچ ڕۆڵێکی ببینیت لەبەر ئەوەی وڵاتێکی وێرانکراو و تێکشکاوە. هەروەها ئەو

شەڕەی دووچاری عێراق بوو، نەك تەنها بووە هۆی لەناوبردنی ژیانی ڕێژەیەکی زۆری خەڵکی ئەم وڵاتە، بەڵکو بووەهۆی کۆچکردنی ژمارەیەکی گەورەی دانیشتوانی ئەم وڵاتە لەنێویاندا خەڵکانی خاوەن بڕوانامە و ڕۆشنبیر کە دەتوانین پێی بڵێین کۆچی عەقڵەکان، ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر ئایندەی ئەم وڵاتە لەڕووی ئابووری و لەسەر خەسڵەتی کۆمەڵگەی عێراقی.

*** درێژەکێشانی ئەم بارودۆخە مەترسی ئەوەی لێدەکرێت پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق ئاڵۆز بکات، لەبەر ئەوەی کوردەکان ڕازی نابن بە جیاکردنەوەی کەرکوك، یان پێدانی بارێکی تایبەت لەهەڵبژاردنەکانی داهاتوودا ؟**

- ئەوە ڕاستە، چونکە دەبێت سنوری هەرێمی کوردستان دیاری بکرێت، چونکە ئێستا ناتوانین سنوری ئەو هەرێمە دیاری بکەین، ئەمە مەسەلەیەکە یەکلانەکراوەتەوە. ئێمە دەزانین هەرێمی کوردستان لەپێگەیەکی بەهێزتردایە بەبەراورد بەبەشەکانی دیکەی عێراق، بەڵام دەبێت ئەو ئەگەرانە لەبەرچاوبگرین کە لەحاڵەتی بەهێزبوونی مەرکەز و لێکنزیکبونەوەی شیعە و سوننەکاندا دروست دەبێت کە ئەگەری هەڵکشانی ناسەقامگیری و دوژمنایەتی لێدەکرێت.

*** لەعێراقدا دەستوورێك هەیە کە نەخشەی ڕێگەی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دیاریکردووە، بەڵام گرفتەکە ئەوەیە عەرەبی عێراق بەدەستورەکەوە پابەند نابن،ئایا ڕێگە چارەی دیکە هەیە؟**

- حاڵەتی نارازیبوون لەدەستور لەزۆرێك لە وڵاتانی دیکەشدا بەدی دەکرێت، بۆ نموونە لەئەمەریکا و لەمیسردا ئەم حاڵەتە بوونی هەیە، کەواتە عێراق زۆر جیاواز نییە لەم ڕووەوە، ئەوەی دەبێت جەختی لەسەر بکەینەوە ئەوەیە ڕاددەی نارازیبوونەکە لەچ ئاستێکدایە، بۆ نموونە لەمیسردا خەڵکانێك هەن کە لەگەڵ ئەوەدان دەستوری وڵاتەکە هەڵبوەشێنرێتەوەو دەستورێکی نوێ جێی بگرێتەوە، لەئەمەریکا کار بۆ هەموارکردنی چەند بڕگەیەکی کەم دەکرێت، حاڵەتەکە لەعێراقدا لەنێوان ئەم دوو ئاستەدایە، هەروەها کێشە و جیاوازییەکانی پەیوەست بە دەستور پەیوەندییان بەناسنامەی عێراق، پەیوەندی نێوان هەرێمەکان و فیدراڵیزم و داهاتی سەرچاوەکانەوە هەیە، کە دەکرێت ئەم کێشانە دەرئەنجامی کارەساتباریان لێبکەوێتەوە و وامان لێدەکەن پرسیاری ئەوە بکەین ئایا لەماوەی دەیەی داهاتوودا کار بەم دەستورە دەکرێت یان نا.

**پێشبینی ناکرێت ڕێککەوتنێکی گشتی لەنێوان پێکهاتە جیاوازەکاندا بێتەدی کە لەمەودای دووردا درێژەبکێشێت**

**هەرێمی کوردستان لەپێگەیەکی بەهێزتردایە بەبەراورد بەبەشەکانی دیکەی عێراق، بەڵام دەبێت ئەو ئەگەرانە لەبەرچاوبگرین کە لەحاڵەتی بەهێزبوونی مەرکەز و لێکنزیکبونەوەی شیعە و سوننەکاندا دروست دەبێت کە ئەگەری هەڵکشانی ناسەقامگیری و دوژمنایەتی لێدەکرێت**

